دیوان diwan
گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
مۆبیلیات . کەلەنتەر . PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ:
- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان ٨ هەشت قیست
- کەس و کاری شەهیدان و نەنفال و کیمیاباران و بوک و زاوا ١١ یانزە قیست
- سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد ٣١٣٧٣٢٥ - سلێمانی - سی مەتری هەواری تازە ٣٢٣٢٣٥٨
- سلێمانی - کۆتایی شەقامی چوارڕای کۆن ٣٢٨٨٢٢٠
- هەولێر-شەقامی شۆرش ٠٦٦٢٥٣٣١٠١ - هەولێر - شەقامی شەستی ٠٦٦٢٥٠٦٠٧٤
- دهۆک - حی عەسکەری- ٠٦٢٧٦٣٠٦١٢
- کەلار- شەقامی سەرەکی سلێمانی ٠٧٤٨٠٢٢٤٩٠٧ - کەلار شەقامی شەهیدان ٠٧٤٨٠٢٧٣٥٧٧
- دەربەندیخان - بەرامبەر بازیگای داطرلو ٠٧٤٨٠٢٣٨٠٣٠

ڕۆژنامە

٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.509 Sun 12/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 509 یەکشەممە 12/ 7/ 2009

سەرۆک کۆمار لە خروقات بەردەوامە

ل ٢و٣

لە ماوەی ٤ ساڵدا، هەرێم زیاتر لە ٣١ ملیار دۆلاری لە بەغدا وەرگرتووە

ل ٤و٥

یەکێتی لەدەرەوەی شارەوە خەڵک دەنێرێتە سلێمانی

ڕۆژنامە

یەکێتی بە فەرمانێک، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە ڕەوانەی سلێمانی دەکات بەمەبەستی خۆدەرخستنیان لەسەر شەقامو کۆڵانەکانی ئەو شارەداو بانگەشەکردنیان بۆ لیستی کوردستانی، بەوهۆیەشەوە لەچەند شوێنێکی شارەکەدا پشێویی دروستدەبێت.

چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەیان ڕاگەیاند: دوای ئەوەی دوێنێ یەکێتی فەرمانی دا بە لیوای ٢٦ی کۆیەو ٢ی سکرتارییەت کە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە بێنە ناوشاری سلێمانییەوەو بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی بکەن، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکان هاتنە ناوشارەکەوە.

هاوکات ژمارەیەکی زۆریش لە ڕێکخستنەکانیان ئاگادارکرانەوە لەهەمان کاتدا بڕژێنە شارەکەوە.

سەرچاوەکە باسی لەوەشکرد، کە پێشتر پێیانراگەیەندرابوو کۆبوونەوەیان هەیە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام دواتر وتیان ئەوەی ئۆتۆمبێلی هەیە لەگەڵ خۆی بیهێنێت.

هەر فەوجێکی هێزی پێشمەرگە ٥٠٠ کەسو هەر لیوایەک نزیکەی ١٥٠٠ کەسەو فەرمانەکە بۆ سەرجەم فەوجەکانی لیوای سکرتارییەتو لیواکانی قەزاو ناحیەکان ڕۆیشتووە.

سەرچاوەکە وتیشی: «هەر لەو چوارچێوەیەدا فەرمان دراوە بە پێشمەرگەکانی پشدەر کە ژمارەیان ٢٠٠٠ پێشمەرگە دەبێت بەشداریی لەو خۆدەرخستنەدا بکەن».

هێشتا خانەی داد تەواونەبووەو وەک بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی کرایەوە

بەرهەم خالید

ئەگەرچی چەند بەشێکی گرنگی بینای نوێی خانەی دادی سلێمانی هێشتا تەواونەکراوەو چەند مانگێکی دیکەی پێویستە بۆ تەواوکردنی، بەڵام وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانیو بە ئامادەبوونی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی لیستەکەو کۆسرەت ڕەسوڵ عەلیو چەند بەرپرسێکی دیکەی حیزبیی لە دەرەوەی بیناکە بە ڕێوڕەسمێک کرایەوە بەبێ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتەواوی ناوەوەی بیناکە نیشان بدەن.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی ئەشغاڵو ئاودانکردنەوەی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بینای خانەی داد لە سلێمانی هێشتا تەواونەکراوەو هەریەکە لە سیستمی ئاوو کارەباو سیستمی ساردیو گەرمیو تەلەفۆنو ئاگرکوژاندنەوەو سیستمی کامێرای چاودێری تەوانەبووەو بەوهۆیەشەوە ڕێوڕەسمی کردنەوەکەی لە دەرەوەی بیناکە بەڕێوەچوو، بێئەوەی ئەو بەرپرسانەی ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون بچنە ناو بیناکەوەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە یەکێتیو پارتیش ناو بیناکەیان نیشان نەدا.

سەرچاوەکەی ڕۆژنامە وتیشی: «ئەوە وەک بەشێک لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ لیستی کوردستانی بەکارهاتووەو نزیکەی چوار مانگی دیکەی پێویستە بۆئەوەی ئەو بینایە بە تەواویی تەواوبکرێت».

بینای خانەی داد لە سلێمانی زیاتر لە (٣٤) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو لە (٢٠٠٥/٣/١)ەوە کاری تێدا دەکرێت، سەرەتا ماوەی پڕۆژەکە (٤٢٦) ڕۆژ بووە، بەڵام دواتر ماوەکەی بۆ درێژکراوەتەوەو بەپێی وتەی سەرچاوەکەی ڕۆژنامە دەبوو پێش (٢) ساڵ تەواوبکرایە.

وەزیرێکی هەرێم:

ئەگەر سەربەخۆ نەبین، تورکیا هەڵدەبژێرین نەک عێراق

ل٦

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ

بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە هەلێکی زێڕین...



کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆلینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (١٠٩م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٢) نوستن، مدخل، ڕارەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە
١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٢٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی نیوارە
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی نوێیی کۆمپانیا:
نوێ هاتووە - ئەنفالی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال ئەبەد
0750 152 1717-0770 152 9392- 0771 016 5555
rozhinewe@gmail.com
RozhiNweCo.

مژدە... مژدە

پرۆژەی دڵی شار

کۆمپانیای بەرێز بەهاوبەشی گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان

کۆمپانیای بەرێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا، بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی، پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەڕاجی مەسلەحەی کۆن ڕادەگەیەنێ
پرۆژەی دڵی شار 350یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەرێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.
خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە، جگە لەدایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاوچەرخ و خوێندنگە، 25٪ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.
پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق

سەنتەری زانیاری کۆمپانیای بەرێز
0535252 5252

«ـــــەر پارە بەخشینەوە، دادگایی بکرێن»

دیموکراسییەت و سەروەریی یاسا لە کوردستاندا دەگەڕێننەوە.

د.فایەق گوڵپی، سیاسەتمەدار بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: ئـەو پارەیەی بەرپرسان دەیبەخشنەوە لەکوێوە هات؟ لە هەموو وڵاتێکدا توانای ئابووری بەوە پێوانە دەکرێت، کە هەر تاکێک مانگانە ئەوەندە داهاتی هەیە، حیزب و حکومەت و کەسایەتی سیاسی پارەیان نییە، بەڵام بـەداخـەوە لە هەرێمی کوردستاندا لەبەر ئـەوەی دەستوورمان نەبووەو یاسا پەیڕەونەکراوە، دیموکراسییەت و شەفافییەت نییە، حیزبە دەسەڵاتدارەکان کۆمەڵێک کاری ناڕەوایان کـردووەو دەستیان بەسەر ئـابـووری وڵات و چالاکی ئابووری و سەروەت و سامانی میللەتی کوردددا گرتووەو دەیشارنەوە، ئـەوەش کە دەیبخەشنەوە وادەزانـن پارەی خۆیان و حیزبەکانیانە.

تائێستا نەزانراوە بودجەی یەکێتی و پـارتـی چـەنـدەو بەچی پێوانەیەک پـــارە لـــە حـکـومـەت وەردەگـــــرن و بەشێوەیەکی ناڕەوا دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی میللەتدا گرتووەو بۆ بانگەشەی خۆیان بەکاریدەهێنن، ئەمەش پێشێلکردنی مافی هاوڵاتییانەو بەپێی وتـەی فایەق گوڵپی پێویستە ئەو دەسەڵاتدارانە ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.

فـایـەق گوڵپی دەڵـێـت: «پـــارەی حیزبەکان قووتی میللەتەو دزیویانە، ئەوەش لادانێکی گەورەیەو ئەگەر میللەت دەسەڵاتی هەبوو و یاسا پەیڕەوکراو دادگایەکی فیعلی هەبوو، دەبێت ئەو دەسەڵاتدارانە لەسەر ئەو پارانە دادگایی بکرێن، کە دەستیان بەسەردا گرتووەو بەشێوەیەکی ناڕەوا بەخشیویانەتەوەو خەڵکیان چەواشەکردووە، لەم ڕۆژانەدا ئەو پارەیە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنن، کە ئەمەش تاوانێکی گەورەیەو دژی بنەماکانی سیستمی دیموکراسی و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنە، جەلال تاڵەبانی ئەو پارەیەی لەکوێ بووەو چەندە، کە ڕۆژانە دەیبەخشێتەوە؟ دەبێت میللەت لێی قبوڵ نەکات و دادگایی بکرێت».

بەڕپرسە حیزبییەکانی یەکێتی و پارتی بەناوی حکومەتەوە ڕۆژانە بەڵێنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی و جێبەجێکردنی داواکاریی بە هاوڵاتییان دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا بێئەوەی هیچ پۆستێکی حکومییان لە حکومەتی هەرێمدا هەبێت، ئەمەش بە چەواشکردنی جەماوەر وەسف دەکرێت.

ئەو سیاسەتمەدارە ڕایگەیاند: «ئەم دەسەڵاتدارانە هەموو لایەنێکی ژیانی کوردیان تێکداوە، حکومەتیشان تێکداوە، کەس نازانێت حکومەت کێیە، بۆ نموونە جەلال تاڵەبانی و بەرهەم ساڵح هیچ پۆستێکیان لە حکومەتی هەرێمدا نییە، یان مەلا بەختیار، ئەمانە نازانن سەڵاحیەتیان چییەو سنووری دەسەڵاتیان چییەو تاچەند ئاساییە، لەبەر ئەوە ئەوەندە کێشەو گرفتیان بۆ خەڵک دروستکردووە، ئەم میللەتە نازانێت چۆن ڕزگاریبێت لە دەستیان، دەبێت خەڵک دەنگ بە لیستی کوردستانی و مەسعود بازرانی نەدەن، چونکە دەنـگـدان بۆ ئـەو دوو پارتە دەسـەڵاتـدارە، ئەم ئەزموونە فاشیلە بەسەر پێوە دەهێڵێتەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام سوار ملی میللەت دەبن».

بانگەشەکانی بەڕپرسە باڵاکانی کـوردسـتـان بـۆ ڕاکێشانی دەنگی زیاتر بۆ لیستەکەیان لەکاتێکدایە، کە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، پارە بەخشینەوە قەدەغەیە.

لـە بـڕگـەی هەشتەمی پـەیـڕەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا هاتووە: «لە هەر قەوارەیەکی سیاسی، یان هاوپەیمانێتییەکان یان پاڵێوراوان قەدەغەیە لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دیاری، بەخشش، یان هەر سوودێکی دیکە، یان بەڵێن بدات بە بەخشین بە مەبەستی کارتێکردن لە دەنگەکانی هەڵبژاردن».

سەبارەت بە ڕێوشوێنی کۆمسیۆن لەسەر سکاڵاکان سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وتی: «لەچەند ڕۆژی داهاتوودا تاووتوێی ئەو سکاڵایەنە دەکەین، کە هاتوونەتە کۆمسیۆن و بڕیاریان لەسەر دەدەین».

موعجیزەی هەڵبژاردن خەڵک دەیخولقێنێت

ئاودێر شێخ عومەر

چەند پێکەنیناوی و لە موعجیزە چووە، چەقۆ وەشێنێک باسی تیماری ئەو برینە بکات، کە خۆی کردوویەتە جەستەیەک، چەند خەڵک بە گێلزانینە کرمو دارکوونکەرە باسی سەوزکردنی دارستان و کوندەپەپوو و بایەقوش باسی ئاوەدانی و دەستناپاک باسی پاراستنی بەیتولمال و سەروەریی یاسا بکات؟ ئاخر ئەو هەموو خۆڵە بەرچاوی لێلکردین، بەڵام کوێرمان ناکات، چیدی خەڵک ئامادە نییە چاوی بۆ خۆڵ ڕابگرێت لێلی بکەن.

موعجیزە ئەوە نییە لیستێک کە پێشتر دەستی لە حوکمڕانی وڵاتدا نەبووە، لە کارنامەکەیدا بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگ بە هاونیشتمانیان بدات، موعجیزەو گەوجاندنی خەڵک ئەوەیە، کەسانێک نزیک بە دوو دەیە چانسی حوکمڕانییان بۆ ڕەخسابێت و بەرهەمیان شکستی هەموولایەنە بێت و بۆ جارێکی دیکەیش هەوڵی بەلاڕێدابردنی خەڵک بدەن و وەهای نیشان بدەن کە بەڵێنی لیستەکانی دیکە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا جێبەجێ دەکرێن و هی لیستەکەی خۆشیان ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی نەوەیەک نەیانکردووە بۆ تەمەنی نەوەی داهاتوو قەرەبووی دەکەنەوە، موعجیزە ئەوەیە خەڵک هێندە بەکاڵفام بزانرێت کەسانێک کە پێشەنگی گەندەڵی و ناعەدالەتی و نا بەرابەری و قۆرغکردن و پیاوپیاوێنەو دەستەگەرێتی و بێپلانی و بێ بەرنامەیی و بەرپرسی شکستە هەموولایەنەکان بن، چ لە ناو هەرێمو چ لەسەر ئاستی عێراق، کەسانێک کە خۆیان سەرچاوەی ڕۆتین و بیرۆکراسییەت بووبێتن و بە درێژایی چەندین ساڵ بەشێک لوتکەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و ئۆباڵی ئەو هەموو گەندەڵی و دەستناپاکی و دەستبردن بۆ ماڵی گشتییەیان بکەوێتە ئەستۆ ئێستا وەک فریشەو فریادڕەسی خەڵک نمایش بکرێن.

موعجیزە ئەوەیە کە چاوڕێبکرێت خەڵک متمانە ببەخشێتە کەسێک کە باسی بە بەهەشتکردنی کوردستان بکات و یەکێک بێت لە هۆکارەکانی ئەم وەزعەی خەڵکی کوردستان چەندین ساڵە پێوەی دەتلێنەوە، نموونەی دەستکەوتەکانی خاوکردنەوەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بێت، بەهۆی کۆکردنەوەی هەرچی کارو پرۆژەی حکومەتێک هەیە لەیەک دەزگای بیرۆکراتی پڕ ڕۆتیندا، کە هەموو ئەوانەی چاودێریی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەیان کردووە، بە تایبەت خەڵکانی خاوەن کۆمپانیاکانی ئاوەدانی و ئەوانەش کە لە وەزارەتە خەدەمییەکانی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم کاریان کردووە، دەزانن ئەم کارە (کۆکردنەوەی هەموو پرۆژەکان لە فەرمانگەیەکی ژێر دەستی خۆیدا) چ نەگبەتیی و شکستێکی بەسەر ئەم وڵاتەدا هێناوەو دواتریش بینرا سەرۆکی ئەو فەرمانگەیە چۆن ڕاپێچی زیندان کرا لەسەر گەندەڵی و دواتریش خاوەن بیرۆکەی خولقاندنی ئەو فەرمانگەیە چۆن سەرۆک فەرمانگەکەی لە دەستی یاسا دەربازکرد.

چەند کاڵفامییە بتەوێت وەها نیشانی حەشامەتی خەڵک بدەیت، کە تۆ پاش ئەو هەموو شکستە هەموو لایەنە دەتەوێت خەڵک بڕوات پێبکات کە تۆ برینە کارکردەکانی خۆت لە جەستەی خەڵک ساڕێژ دەکەیت و ئەوەی کردووتە نەک دانی پێداناننییت، بەڵکو باس لەوە دەکەیت «وڵات چاکترو ئاوەدانترو باشترو خەڵکیش خۆشگوزەرانتر دەکەیت». کام کەسی خاوەن بیرو هۆشمەند هەیە نەپرسێت ئەوەی بە بێوەژنی بەڵێنی کردنی دەدەن، بۆ بە کچێنی یەک لەسەر هەزاریتان نەکرد؟ بەرنامەکەی ئەمجارەی ئێوە لەکام کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە قابیلی لێلادان نەبێت وەک ئەو هەموو ساڵانەی ڕابردوو، ئەوە کام لیستەی ترە بەڵێنی بە خەڵک داوە لە شەوو ڕۆژێکدا بە عەسای سحرییەوە بەرنامەکەی جێبەجێ بکات و ئەو کوردستانەی ئێوەی کاول و خەڵکەکەیتان لە ناعەدالەتی و گەندەڵی و شکستی جۆراوجۆرو هەموولایەندا ماڵوێران و سەرگەردان کردووە، بکاتە بەهەشتێک و ئاسەواری ناپاکییەکانی ئێوەی لەگەڵ میللەتەکەتان لێبسڕێتەوە؟

ئەوە تەنیا بەرنامەی لیستەکان نییە کە موعجیزە پیشاندەدات، ئەو ناڕاستگۆیی و ناعەدالەتی و نابەرابەری و گەندەڵی و شکست و بێئاگایی حوکمڕانانی چەند ساڵی ڕابردووە لە خەڵک و میللەت و گوزەران و ژیان و خواستەکانیان کە ئەمجارە موعجیزە دەخولقێنێت و وەها لە خەڵکی ئەم هەرێمە دەکات کە دەرفەت بۆ نۆیخوازان و گۆڕانخوازان بە گشتی بهێنێنە پێشەوەو بە شکستخوارددووان و ناعەدالەتی و ناڕاستگۆیی و کۆیلەکارانی ئەم خەڵکەی کوشتەی دەستی گروپێکی دیاریکراوە بڵێ: خەڵەتاندن و بە تاڵانبردن و دۆڕاندن و فەوتاندن و برسیکردن و فەرامۆشکردن و هەموو کارو کردەوەکانی دیکەتان تائێرە بەسە، ستۆپ.

«سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەنگی کارمەندەکانی بە دەسەڵات دەفرۆشێت»

ستارە عارف

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕی (٢٥) دۆلار دەداتە کارمەندانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئەندامێکی سەندیکاش دەڵێت: «سەندیکا دەنگی کارمەندانی تەندروستی بەدەسەڵات دەفرۆشێت و بڕی ئەو پارەیەش ئەوەندە کەمە سوکایەتییە بە پیشەکە».

لە ڕۆژی جیهانیی پەرستیاراندا مەلابەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕی ١٠هەزار دۆلاری پێشکەش بەسەندیکای کارمەندانی تەندروستی کرد، سەرەتا، لەو بڕە پارەیە، سەندیکا (٢٥) دۆلار دەداتە هەرکارمەندێکی سەندیکا.

ئەبوبەکر مەجید یـاریـدەدەری پزیشکی دەڵێت: «بەخشینی پارە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کرینی دەنگی کارمەندانی تەندروستییە لەلایەن حیزبەوە».

هەروەها ئەو یاریدەدەرە پزیشکییە وتیشی: «سەندیکا دەنگی کارمەندانی تەندروستی بەدەسەڵات دەفرۆشێت، بڕی پارەکەش کەمەو لەخۆیدا سوکایەتییە بەپیشەکە».

حەسەن مەحمود سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند «دابەشکردنی پارەکە لەدەستی ئێمەدا بوو، ئێمەش بە کۆبوونەوە بڕیارماندا زۆرترین کارمەند لەو پارەیە سوودمەند بێت».

سکرتێری ڕۆژنامەوانی مەلابەختیار، ئـاریـز سـۆران جـەخـتـی لـەسـەر بەخشینەوەی ئەو بڕە پارەیە کردەوەو وتی: «بەحوکمی ئـەوەی مەلابەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و بەڕپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە، ئـەو بڕەپارەیەی پێشکەشکردوون، چونکە سەندیکای کارمەندانیش یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی لەلایەن ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت».

کێشەی کەرکوک ڕێگرە لەبەردەم دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

کەرکوک – ئارام جەمال

بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر میکانیزمی بەشداریکردنی پـارێـزگـای کەرکوک لەهەڵبژاردنی داهـاتـووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە بڕیارە لەسەرەتای سـاڵـی داهـــاتـــوودا ئەنجامبدرێت، کـۆبـوونـەوەی دوێـنـێـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق شکستیهێناو ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش ڕەخنە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەگرێت بەهۆی دواکەوتنی وەڵامـی کوتلەکانی مادەی ٢٣و دیارینەکردنی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک.

خالید شوانی ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیژنەی مادەی ٢٣ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کوتلە عەرەبی و تورکمانەکانی ئەنجومەنی نوێنەران سـوربـوون لەسەر ڕێـژەی وەکیەکی نەتەوەکانی کەرکوک لە پەرلەمانی داهاتوودا بەشێوەی (موحاصەصە)، بەڵام ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانی پێداگریمان لەسەر ئیستیحقاقی هەڵبژاردن کردووە، بـەوهـۆیـەوە کۆبوونەوەکە ئەنجامی نەبووەو بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە».

لەبارەی کاری لیژنەی مـادەی ٢٣و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە بەپێی مادەکە دەبێت لەمساڵدا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، خالید شوانی ڕەخنەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرت و وتی: «نزیکەی دوومانگە کوتلەکانی ناو لیژنەی مادەی ٢٣ ڕاپۆرتمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پـەرلـەمـان کـــردووە، بـــەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی و بیانووی سەرقاڵبوون بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و بابەتی دیکەوە وەڵامی کوتلەکان نەدراوەتەوەو بەوهۆیەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نادیارەو هیچ وادەیەک دیاری نەکراوە».

شـوانـی، تـورکـمـان و عەرەبەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانیشی بەوە تۆمەتبارکرد کە «کۆسپن لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکەرکوک، لەکاتێکدا ئەوان وەک لیستی هاوپەیمانی بـەردەوام پێداگری دەکەن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا».

ڕوونکردنەوەیەک لە ڕۆژنامەوە

هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕۆژنامەوە چەندین ڕۆژنامەنووس لێرەولەوێ پەیوەندییان بە ڕۆژنامەوە کرد بۆ کاری پەیامنێری و باجی کاتییان بۆ کرا، بەڵام ماوەی ساڵێک دەبێت بە گوێرەی سیستمی نوێی کارکردنی ڕۆژنامە زۆرتر جەختکراوەتەوە لەسەر ڕیپۆرتەرو نووسەرانی ڕۆژنامە نەوەک پەیامنێرەکان کە بە پارچە کاردەکەن بۆ ڕۆژنامەو لە ئێستا لەپەنجەی یەک دەست تێناپەڕن.

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، هەندێک لایـەن وەک بەشێک لە سیستمی کارکردنیان بۆ کرینی دەنـگـو ویـژدان پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی ناشارستانی و منداڵانە لەپێناو کوشتنی پاکی و بەرائەتی هەندێک لاوی ڕۆژنـامـەنـووس، کە گوایە سەنگەریان گـواسـتـووەتـەوەو ڕۆژنامە یان کەناڵەکانی وشەیان جێهێشتووە. ئێمە سەرباری ڕیسواکردنی ئەم شێوازە دزێوە. بە خوێنەران و پەیوەندیدارانی ڕادەگەیەنین، کە ئەو کەسانە لە ستافی ڕۆژنامە نەبوون و نین و کـاری پارچەیان بۆ ئێمەو لایەنی دیکەش کردووەو باجی کۆنی بەسەرچووی ڕۆژنامەیان پێیە، دیارە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی وشە سەدان هاوکارو پەیامنێری هەیە کە بە پارچە ئیشدەکەن.

وازهێنانی هەندێک لەمانە چەند مانگێک و بگرە ساڵ پێش ئێستا بووە، بەهۆی سیستمی ئێستاوە، ئێستا بۆ ڕاگرتنی حورمەتی ئەو ڕۆژنامەنووسانە پەنا نابەینە بـەر هیچ شێوازێک و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، بەڵام ڕایدەگەیەنین کە ئەوانە پەیامنێری ئێمە نەبوون و نین.

ئەفسەرانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی رانیە بە جلی مەدەنییەوە دەبرێنە هۆڵی مەڵبەند

ڕۆژنامە

کارگێڕێکی مەڵبەندی (٨)ی ڕاپەڕینی یەکێتی لە رانیە، لە هۆڵی مەڵبەند لەگەڵ بەڕێوەبەرو ئەفسەرانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی رانیە بە جلی مەدەنییەوە کۆ دەبێتەوە، پێیانرادەگەیەنێت کە دەبێت دەنگ بە مەسعود بارزانی کاندیدی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆکی هەرێم بدەن. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتییەکەش دەڵێت: «ئێمە سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتینو ئاساییە بەشداری کۆبوونەوەی مەڵبەند بکەین».

یەکێک لە ئەفسەرانی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیاربوو لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی رانیە ئەفسەرو پلەداران لەگەڵ فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆببینەوە، بەڵام دواتر ئەو نەهات، بەڵکو لەگەڵ کارگێڕێکی مەڵبەندی (٨)ی ڕاپەڕین کە هاوکات کاندیدی لیستی کوردستانییە کۆبوونەوەمان پێکراو داوای لێکردین دەنگ بدەین بە لیستی کوردستانینو مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمو باسی لە پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێم کرد.

ئەو ئەفسەرە وتیشی: «هەموومان بە جلی مەدەنییەوە بەشداریمان لە کۆبوونەوەکەدا کردو تەنانەت چەند کەسێکمان لەگەڵدابوو بە جلی عەسکەرییەوە نەیانهێشت بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن، چونکە وتیان ئەو کۆبوونەوەیەی ئێوە لەسەر ئاستی جەماوەرییە، کەچی ڕاستییەکەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسدا بوو».

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی رانیە کە خۆشی بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرێتی پۆلیس بووبێت، هاوکات پێشیوایە ئەو حاڵەتە «ئاساییە»، چونکە ئەوان ڕێکخستنی یەکێتینو بەشداری لە کۆبوونەکانی مەڵبەنددا دەکەن.

عەمید لەشکر سەعید ئەحمەد بەڕێوەبەری پۆلیسی رانیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو کۆبوونەوەیە لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا نەبووە، ئەوانەشی بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە ڕێکخستنی یەکێتینو ئەویش وەک بەڕێوەبەر سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەو دەوامو واجبی نەبووە، بۆیە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا کردووە.

سەرۆک کۆمار لە خروقاتەکانی بەردەوامە

«پێویستە تاڵەبانیو بەرپرسەکان لەسـ

پشتیوان سەعدوڵڵا

بەرپرسە باڵادەستەکانی یەکێتی بەردەوامن لە بەرتیلو پارە بەخشینەوە لەسەر «گیرفانی خۆیانو بودجەی حیزبەکەیان» بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن پارە بەخشینەوە قەدەغەیە، هاوکات بە بۆچوونی سیاسەتمەدارێک «پێویستە دەسەڵاتدارەکانی هەردوو پارتەکە لەسەر پارە بەخشینەوە بدرێنە دادگاو سزا بدرێن».

لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەرپرسانی حیزبی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە لە پێش هەموویانەوە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، کە هەمان کات سکرتێری یەکێتییە بۆ ڕاکێشانو کڕینی دەنگی هاوڵاتیان سەدان هەزار دۆلاریان بەخشیوەتەوەو بەڵێنی دەیان پرۆژەی خزمەتگوزارییان بە هاوڵاتیان داوە.

جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆمار چەند مانگێکە پۆستەکەی لە بەغدا بەجێهێشتووەو خۆی بۆ بانگەشەی لیستی کوردستانیو مەسعود بارزانی پاڵێوراوی سەرۆکی هەرێم تەرخانکردووەو بەناوی پارەی خۆیو حیزبەکەیەوە ڕۆژانە دەیان بەڵێن بە خەڵک دەداتو لە ماوەی ڕابردووشدا سەدان هەزار دۆلاری بەخشیوەتەوەو لە هەموو کۆبوونەوەکانیشیدا دیاری دابەشدەکات، ئەمە جگە لە ڕاگرتنی دەوامی فەرمانگەکان لە کاتی سەردانەکانیدا.

لە هەفتەی ڕابردوودا جەلال تاڵەبانی سەردانێکی بۆ شارەکانی قەڵادزێو ڕانیە ڕێکخستو لەسەر بودجەی یەکێتی بەڵێنی چەند پرۆژەیەکی بەو ناوچانە دا، لەوانە: (٧٠) هەزار دۆلار بۆ (٣٥) بنەماڵەی شەهیدو کیمیاباران، (٢٥) هەزار دۆلار بۆ جێبەجێکردنی چەند داواکارییەک، (١٠) هەزار دۆلار بۆ دروستکردنی ستۆدیۆیەکی هونەریی لە قەڵادزێ، (١٠) هەزار دۆلار بۆ بارەگای ڕێکخراوەکان لە سنووری پشدەر، (٥) هەزار دۆلار بۆ ڕێکخراوەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، (٢٠) کۆمپیوتەر، دابینکردنی (٧) ئۆتۆمبێل، جگەلەوانەش تاڵەبانی بەڵێنیدا کار بکات بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم داواکارییەکانیان، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کەمئەندامانی سەنگەر، بڕیاریدا هەموو مانگێک هەریەکەو (١٠٠) دۆلاریان پێببدات‌و یەکشەممەی ڕابردووش لە سەردانێکیدا بۆ شاری پێنجوێن بڕیاریدا بڕی (٢٨٠) هەزار دۆلار بۆ شارەکە دابین بکات.

هەروەها لەو کۆبوونەوانەدا تاڵەبانی پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێنا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە لە ئێستادا حکومەتی عێراق سەرقاڵی ئیمزاکردنی چەند گرێبەستێکی بواری خانووی نیشتەجێکردنە لە عێراقو کوردستاندا. جگە لەوەش لە سەرجەم کۆبوونەوەکانیدا بەناوی حکومەتی هەرێمەوە قسەی کردووە، بێئەوەی ناوبراو هیچ پۆستێکی حکومیی لە هەرێمدا هەبێت.

جگە لە جەلال تاڵەبانی بەرپرسانی دیکەی هەمان حیزب ڕۆژانە بەڵێنی جۆراوجۆر بە هاوڵاتیان دەدەن، کە ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێشێلکارییە.

لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ یەکێتی کەمئەندامان، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی لیستی کوردستانی کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقەو ئەویش هیچ پۆستێکی حکومیی لە کوردستاندا نییە، لە ڕۆژی (٧/٨) بەڵێنیدا (٢٠) کۆمپیوتەری لاپتۆپ بۆ کەئەمئەندامان دابین بکاتو بڕیاریدا مووچەی کەئەمئەندامانی کوردستان لە (٣٠ ـ ٥٠) هەزار دینارەوە بکاتە (١٢٠) هەزار دینار، هەروەها ئیدارەی گشتیی یەکێتی چەند بیرێکی ئاوی خواردنەوە بۆ ناحیەی بەکرەجۆ دابین دەکات.

بەوپێیەی کە یەکێتیو پارتی لەم هەرێمەدا لە سەرووی هەموو یاساو دەسەڵاتەکانەوەن، بەشێوەیەکی نارەوا دەستیان بەسەر بودجەو سەروەتو سامانی خەڵکدا گرتووەو سیاسەتمەدارانیش ئەمە بۆ نەبوونی

سەڵاحەدین بەهائەدین:

AKP مۆدێلێکی باشە بۆ کوردستان

ناموێ عەبدوڵڵا

ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە شانو باڵی پارتی دادو گەشەپێدان (AKP)ی تورکیادا هەڵدەداتو دەڵێت: «مۆدێلێکی باشە بۆ کوردستان».

سەڵاحەدین بەهائەدین، لە دیدارێکی ١١ی حوزەیرانی ڕۆژنامەی Today's Zamanی تورکیدا، دەڵێت: «کوردەکانی تورکیا دوای ماوەیەکی درێژ باشترین سەردەمیان لەژێر دەسەڵاتی AKP دا هەبووە».

ڕۆژنامەکەلەزاری سەڵاحەدین بەهائەدینەوە، نووسیویەتی «یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ زۆربەی پارتە تورکییەکاندا هەیە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ پارتە کوردییەکەی تورکیا (DTP)دا نییە»، چونکە بەبڕوای ئەمینداری یەکگرتوو DTP توندڕەوەو نوێنەرایەتیی کورد ناکاتو فۆرمێکی دیکەی پەکەکەیە. پاشان ئەمینداری یەکگرتوو دەڵێت، ئەوان دژی سێکیولاریزم (عەلمانییەت) نین لە کوردستانو دژی قەدەغەکردنی حیجابو بەزۆرپۆشینی حیجابیشن.

حکومەتی هەرێم سوودی لە کوردانی دەرەوە وەرنەگرتووە

«حکومەت نایەوێت کەس قسە بکاتو هیچیش بزانێت»

محەمەد ساڵح حەمەلاو

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پەیامێکدا کە لە ژمارە ١٣ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ی (بەرەوگۆڕان)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕایدەگەیەنێت، کە نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لەدەرەوە لەبری ئەوەی خەریکی ڕەوەندی کورد بن، خەریکی بزنسو کاری بازرگانینو کاندیدێکی لیستی گۆڕانیش کە هاوکات ئەندامی ژووری بازرگانییە ئاماژە بەوە دەکات، «بەرپرسانی هەرێم هەموو بوارەکانی ژیانیان بۆ خۆیانو بنەماڵەکانیان قۆرغکردووەو نایانەوێت خەڵکانی شارەزاو خاوەن ئەزموونو تەکنۆکرات لە حکومەتەکەیاندا بەشداربن».

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کردووەو ئێستاش بە سەدان کەسیان خوێندنی زانکۆو خوێندنی باڵایان تەواوکردووەو پیشەی جۆراوجۆر فێربوونو بە سەدان زاناو پسپۆڕو سەرمایەداریشیان تێدا هەڵکەوتووەو بە هەزارانیان فێری زمانە گرنگەکانی وڵاتان بوون، کە ئەمەش خۆی سامانێکی نەتەوەیی گەورەیە بۆ کورد، بەڵام تائێستا بەرپرسانی هەرێمی کورستان نەیانتوانیوە سوود لە تواناو شارەزایی ئەو خەڵکانە وەربگرن.

لەوبارەیەوە ئیسماعیل گەڵاڵی، کاندیدای لیستی گۆڕانو ئەندامی ژووری بازرگانیو پیشەسازیی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «نوێنەرایەتییەکانی یەکێتیو پارتی لە وڵاتان لە بری ئەوەی کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان یان حکومەتی هەرێم بکەن زیاتر کاری حیزبی یاخود کاری بزنس بۆ خۆیان دەکەن، هەربۆیە نەشیانتوانیوە تائێستا پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ میللەتەکەشمان دروستبکەن».

هاوکات لە پەیامێکیدا نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بەوە کرد، کە کوردستانیانی هەندەران ئێستا لەسەرانسەری ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیادا جێگەی خۆیان کردووەتەوەو لە هەموو وڵاتێکدا لوبییان دامەزراندووەو چەندان ڕێکخراوی ناحکومیو ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دامەزراندووەو هەندێکیشیان چوونەتە ناو پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەو پلەو پۆستی جۆراوجۆریان بۆ خۆیان بەدەستهێناوە.

پشتگوێخستنی کوردانی دەرەوە لە کاتێکدایە بەپێی ئامارەکان نزیکەی (یەک ملیۆن) هاوڵاتی کوردی کوردستانی عێراق لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو چەند وڵاتێکی دیکە دەژین.

ئیسماعیل گەڵاڵی ئاماژە بەوە دەکات «نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوە نەیان توانیوە ئەو ڕەوەندە گەورەیەی کورد کە ئێستا لە ئەوروپاو وڵاتانی ئەمریکا بوونیان هەیە ڕێکیان بخەنو لەکاتی پێویستدا وەک پاڵپشتێک بۆ خۆیان سوودیان لێوەربگرنو حکومەتی هەرێم نایەوێت سوود لەتواناو وزەی خەڵکانی ناوخۆی هەرێم وەربگیرێت، چ جای ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەن».

ئەو کاندیدایە ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەگەر حکومەت مەبەستی بێت ئێستاش خەڵکانێکی زۆری شارەزا لەناوخۆی هەرێمدا بوونیان هەیە، بەڵام حکومەت نایەوێت سوود لەو خەڵکە بەئەزموونانە وەربگرنو بەرپرسانی هەرێمیش نایانەوێت حکومەت بە سیستماتیک بکرێت، هەربۆیە نایەوێت نە لە دەرەوەو نە لە ناوەوەی هەرێم سوود لە خەڵکانی شارەزا وەربگرن.

سوودنەبینینی دەسەڵاتدارانی هەرێم لە کەسانی بە ئەزموونو پسپۆڕ لە بەڕێوەبردنی وڵاتو دامودەزگاکانی حکومەتدا بەشێکی پەیوەندی بە ئیمتیازاتی ئەو کەسانەوە هەیە کە پۆستیان پێدەدرێت گەر لەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە نەبن بەرپرسیارێتیان نادرێتێ، تا ئەو هێندەی پێدانی پۆست نەبووەتە پرۆسەیەکی بەپرسیارێتی، بەڵکو لە کۆمەڵێک ئیمتیازاتدا چڕکراوەتەوە.

کاندیداکەی لیستی گۆڕان ئاماژەی بەوەشکرد، «ئێستا بەرپرسیارێتی حکومەت لە دەستی کۆمەڵە کەسانێکی کەمدایە، کە نزیکن لە دەسەڵاتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، «بەڵام وەک خۆی وتی: لە بەرنامەی لیستی گۆڕاندایە لە ئایندەدا کە گرنگی بە خەڵکانی شارەزاو بەئەزموونی کورد بدرێت لە دەرەوەی هەرێم بۆ ئەوەی بهێنرێنەوەو سوود لە تواناو شارەزاییەکانیان وەربگیرێتو هەندێکیان لۆبییان لێ دروستبکرێتو ژمارەیەکیشیان وەک باڵیۆز دابمەزرێنرێن.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا سەرۆکی لیستی گۆڕان ئاماژە بەو هۆکارانە دەکات، کە حکومەتی هەرێم نایەوێت سوود لە سەرمایە مرۆییەکانی ڕەوەندی کورد وەربگرێت لە دەرەوە، لەوانە تائێستا هەردوو حیزب بەزمانێکی «حیزبیانە» مامەڵە لەگەڵ ڕەوەندی کورددا دەکەنو هەوڵی سەرەکییان بەحیزبیکردنی ئەو کەسانەیە ئەوەش لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانو کەسوکاری خۆیانەوە، نەک دامودەزگاکانی حکومەت.

ئەوە جگەلەوەی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە هەڵێکی باش بۆ حکومەتی هەرێم هاتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم دەتوانێت لە هەموو باڵیۆزخانەکاندا نوێنەرایەتی خۆی هەبێت، بەڵام لە وتارەکەی نەوشیروان مستەفادا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە لەجیاتی ئەوەی نوێنەرایەتی حکومەت لەوشوێنانە دابنرێت، ئەو کەسانەی ئێستا لەوشوێنانەدان خزمو کەسوکاری خۆیانو ئەو نوێنەرایەتیانەش لەجیاتی ئەوەی سەرگەرمی ڕەوەندی کوردی بن، خەریکی بزنسو کاری بازرگانین.

دەربارەی نەگەڕانەوەی کوردەکانی دەرەوەش بۆ کوردستان، ئیسماعیل گەڵاڵی ڕوونیکردەوە «ئێستا هەلی کار لە کوردستاندا نەماوەو کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی قۆرغکراوە بۆ کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو».

ئیسماعیل گەڵاڵی پێشیوابوو، بەرپرسانی هەرێم ئێستا تاریکستانێکیان دەوێتو خەڵکیان ناوێت قسە بکاتو تەنانەت هیچیش بزانێت. وتیشی: «ئەگەر لەتوانایدا بووایە حکومەتی هەرێم تەنانەت سەتەلایتو ئینتەرنێتو ڕۆژنامە ئەهلییەکانیشی یاساغ دەکرد، بۆئەوەی کەس ئاگای لە هیچ نەبێت».

ـــــــــە تاریکیدا

بودجە بۆ مووچە تەرخاندەکرێت، بۆیە هەرکاتێک کە بیانوودەهێننەوە بۆ کەمیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، دەڵێن بڕێکی زۆری پارەکەمان بۆ مووچە دەڕوات.

ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧دا ٥٨٧ هەزار فەرمانبەرە، بەڵام لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ دا، ئەو بڕە دابەزیوە بۆ ٤٦٤هـــەزار فەرمانبەر، بـەو پێیەش جیاوازیی نێوان ئەو دوو ژمارەیە ١٢٢هەزارو ٤٧١فەرمانبەرە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران چی لێهات بۆ کەمیکرد؟

کڕینی کـاڵاو خزمەتگوزاریی‌و چاککردنەوە، بەشێکی دیکەیە لەو بوارانەی کەبڕی ٣٩ملیۆن‌و ٨٨٥هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە کە دەکاتە زیاتر ١٦٪ بودجەی بەکاربردن.

سەیرەکە لـەوەدایـە حکومەتی هەرێم توانیویەتی تەنیا ١٢٪ی ئەو بـڕە پـارەیـەی کـە لـەبـەغـداوە بۆی نێردراوە بۆ کڕینی کاڵاو شتومەک خەرجبکات، هەربۆیە دەبینین هەندێک لە وەزارەتەکانی حکومەت لە کۆتایی ساڵدا داوا لە فەرمانگەکانی دەکات کە بەپەلە پێداویستییەکانی خۆیان دابـیـن بـکـەن‌و بیکڕن، بـۆ ئـەوەی نیشانیبدەن کە وەزارەتەکانیان بودجە پێشنیازکراوەکانیان خەرجکردووە، ئەمەش جۆرێکی دیکەی بێبەرنامەیی‌و بێپلانیی وەزارەتـەکـانـی حکومەت نیشاندەدات.

بۆیە وەزارەتەکان بڕی ٨٨,٨٠٪ی ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە بۆ کڕینی کـاڵاو شمەکی پێویست، خەرجیان نەکردووە.

بە بڕوای هەندێک لە شارەزایانی ئـابـووری، ئـەو جێبەجێنەکردنە بۆ بـوونـی ڕۆتـیـن‌و بیرۆکراتییەت‌و گەندەڵیی ئیداریی‌و دارایی دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لای هەمووان ئاشکرایە کە دامودەزگاکانی حکومەت پێویستییان بە کاڵاو خزمەتگوزاریی‌و چاککردنی ئێجگار زۆر هەیە، مایەی نەگبەتییە کـە ئـەو پـارە زۆرە لـەبـەردەسـت حکومەتدا هەبێت‌و تەرخانیشکرابێت بۆ مەبەستێک‌و زۆریش پێویستت پێی هەبێت، بەڵام نەتوانیت دابینی بکەیت.

یەکێکی دیکە لە سەمەرەکان:

حکومەتی هـەرێـم لـە بڕگەی باربۆکردن واتە لە (اعانات)و پێدانی مینحەو سوودی کۆمەڵایەتی، لە بڕگەی باربۆکردندا ١٣١٪ی خەجکردووەو لەبڕگەی سـوودی کۆمەڵایەتیشدا ١١٨٪ی خـەرجـکـردووە، ئەمەش مانای وایـە حکومەت لە بوارەکانی دیـکـەدا پـارەی خـەرج نـەکـردوەو گواستویەتییەوە بۆ ئەم دوو بڕگەیە، چونکە ١٧ملیۆن‌و ٦٨هەزار دۆلاری لە باربۆکردن‌و ١٣٢ملیۆن‌و ٢٦٤هـەزار دۆلاری لە سوودی کۆمەڵایەتی زیاتر لە بڕی تەرخانکراو خەرجکردووە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئەو پارانە لە چیدا خەرجکراون، دراون بەکێ، کوان ئەو سەدان خێزانەی کە بەهۆی بڕگەی سوودی کۆمەڵایەتییەوە لە هەژاریی رزگاریان بووە؟

تۆ بپرسە..

بۆچی حکومەتی هەرێم لە کڕینی کاڵاو کەرەستەو خەرجکردنی مووچەو جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا ناتوانێت بڕی ئەو بودجەیەی کە بۆی هاتووە بە تەواوی خەرجبکات، بەڵام لەو دوو بڕگەیەدا زۆر زیاتر خەرجدەکات؟

حکومەتی هەرێم بڕی زیاتر لە یەک ملیارو ٦٠٧ملیۆن دۆلاری لە کۆی بودجەی بەکاربردن هێشتووەتەوە کە دەکاتە نزیکەی ٣٠٪ی بودجەکە.

ئەو بڕەی کە ماوەتەوە خراوەتە سـەر بـودجـەی ساڵی ٢٠٠٨، بەڵام لەوێشدا دیارنییە چۆن دابەشکراوە، ئایا چووەتە بواری خەرجیی بەکاربردنەوە یـان خـراوەتـە سـەر خەرجییەکانی وەبەرهێنان.

لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧دا زیاتر لە یەک ملیارو ٩٠٤ملیۆن دۆلار لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ وەبەرهێنان پەسەندکراوە، بەڵام تەنیا توانیویەتی ٢٧٪ی بودجەکە خەرجبکات، ئەمەش پێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانە کە بـەردەوام ئـامـاژە بـەوە دەکـەن کە بودجەیان کەمەو پرۆژەیان زۆرە.

پارەی تەرخانکراوی دەرەوەی بودجە:

جگە لـەو بـودجـەیـە، حکومەتی بەغدا بـڕی ٢٤٢ملیۆن‌و ٣٣٣هـەزار دۆلاری داوە بە حکومەتی هەرێم بـۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوەی لافـاوو نـۆژەنـکـردنـەوەی قـەڵای هەولێرو گواستنەوە لەنێوان بودجەی نەوت بۆ کـارەبـاو هـەروەهـا بۆ مووچەی ئەندامانی خانەنشینکراوی پەرلەمانی عێراق، کە حکومەتی هەرێم ئەو بڕە پارەیەی نەخستووەتە سەر بودجەی گشتیی هەرێم کەپێیدراوە لە دەرەوەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧دا.

یەکێک لـەو بـوارانـە بەنموونە وەردەگـریـن، ئایا لەساڵی ٢٠٠٧دا چ لافاوێک ڕوویداوە تا حکومەتی هەرێم بڕی ٣٥ملیۆن‌و ٧٥٠هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکردبێت.

ئەو پـارە زۆرە بۆ کوێ ڕۆیشت؟؟

داهاتەکانی هەرێمی کوردستان:

لە یاسای بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ٢٠٠٧دا، پێشبینیکراوە کە داهاتی ساڵی ٢٠٠٧ بگاتە ١٥٠ملیۆن‌و ٩٨١هەزار دۆلار، بـەڵام داهاتی فیعلیی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتە ١٨٠ملیۆن‌و ٦٢١هەزارر دۆلار.

خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم ٦ملیارو ٥٣٩ملیۆن‌و ٧١٦هەزار دۆلار بووە، بەڵام داهاتەکانی ١٨٠ملیۆن‌و ٦٢١هـــەزار دۆلار بـووە، ئەمەش لە سادەترین شیکاردا ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە جیاواز لەهەموو وڵاتێکی دیکە دوو وەزارەتـی داراییمان هەیە، بەڵام شێواویی‌و دواکەوتوویی زاڵبووە بەسەر پەیکەری ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە ئـەو ئابوورییە ناتوانێت بەرگەی بچووکترین قەیرانی دارایی‌و سیاسی بگرێت.

کێ لەو بەرپرس‌و وەزیرانەی پرسییەوە، کێ پێیوتن بۆ ئەو بودجەیەتان گەڕاندەوە بۆ بەغدا، ئەو بەغدایەی هەمیشە وەک دوژمنێکی زیندووی کورد ناویدەبەن.

*** حکومەتی هەرێم بڕی یەک ملیارو ٥٥٥ ملیۆن دۆلاری لەبودجەی ساڵی ٢٠٠٦ خەرج نەکردووە، کە دەکاتە ٤٣٪ی بودجەکە**

*** وەزارەتەکان بڕی ٨٨,٨٠٪ی ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە بۆ کڕینی کاڵاو شمەکی پێویست، خەرجیان نەکردووە**

هاوڵاتی بەڕێز.. دوو بڕگەی سەرەکی هەیە لە بودجەدا، کە یەکێکیان باربۆکردنە، ئەوی دیکەشیان پێدانی مینحەو سوودی کۆمەڵایەتییە، ئەو دوو بڕگەیە دوو بوارن کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی شاراوەو پەرش‌و بڵاو بڕێکی زۆر پارەی بەهۆیەوە تەخشان بکرێت، بۆیە دەبینین کە حکومەتی هەرێم لە بڕگەی باربۆکردندا (١٣١٪)و لە بڕگەی پێدانی مینحەیشدا (١١٨٪)ی خەرجکردووە.

بودجەیەک لـــ

لە شەش ساڵی رابردوودا بودجەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣١ملیار دۆلار بووە، بەڵام بەهۆی نەشارەزاییو کەمتەرخەمیی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بڕێکی زۆری ئەو پارەیە بەهەدەرچووە. ناشەفافیەتو نەبوونی زانیاری دروستو تەواو لە سیماکانی بودجەی هەرێمی کوردستانە.

فازڵ نەجیب
محەمەد شێخ فاتح

*** ساڵی ٢٠٠٤بڕی زیاتر لە ٢ملیار دۆلارو ٣٣٠ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان.**

*** ساڵی ٢٠٠٥ بڕی زیاتر لە ٣ملیارو ١٢٤ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان.**

*** ساڵی ٢٠٠٦ بڕی زیاتر لە ٣ملیارو ٥٦٠ ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کورستان.**

*** ساڵی ٢٠٠٧ بڕی زیاتر لە ٤ملیارو ٩٨٥ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کورستان.**

*** ساڵی ٢٠٠٨ بە بودجەی تەواوکارییەوە، بڕی زیاتر لە هەشت ملیارو ٢٥٨ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان.**

*** ساڵی ٢٠٠٩ جگە لە بودجەی تەواوکاریی، بڕی زیاتر لە شەش ملیارو ٩٠٢ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان.**

*** بەپاشماوەی بودجەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەساڵی ٢٠٠٤-ەوە تا ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە ٣١ملیارو ١٤٩ملیۆن دۆلار هاتووەتە کوردستانەوە.**

بەوپێیەش بودجەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٤-ەوە بۆ ٢٠٠٨

هاوڵاتیی بەڕێز: ئەو پارەیەی کە بۆ تۆ نێردراوە نزیکەی ٣٥٤٪ ئەوەندەی ساڵی ٢٠٠٤ زیادیکردووە، ئایا باری گوزەرانی تۆ: لە مووچەو ڕێگاوبانەکەت کارەباو ئاو خواردنو جلوبەرگت ٣٥٤٪ی ساڵی ٢٠٠٤ گەشەیکردووە؟؟؟

بەڕێژەی ٣٥٤٪ زیادیکردووە، بەڵام ئایا هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٩ بەڕێژەی ٣٥٤٪ گەشەیکردووە.

لە هەموو شوێنێکی دونیادا بودجە پێکهاتووە لە دووبەش کە بریتین لە خەرجیو داهات، بەڵام بودجەی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو دونیاوە تەنیا پێکهاتووە لە خەرجییەکان، بە بێئەوەی هیچ کەسێک بزانێت سەرچاوەکانی داهات چەندەو لە کوێوە دێنو بۆ کوێ دەچن؟

پەرلەمانی کورستان زیاتر لە لە ٦ملیارو ٥٣٩ملیۆن دۆلاری وەک بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٠٧پەسەند کرد، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیازکرابوو، ئەو بودجە پێشنیازکراوەی حکومەتی هەرێم زیاتربوو لەو بڕەی کە حکومەتی فیدراڵی بەپێی بەرکەوتی هەرێم کە ١٧٪ی هەرێم پێیدابوو، بریتیبوو لە یەک ملیارو ٥٥٥ ملیۆن دۆلار، سەرچاوەی ئەم زیادەیەی بودجەی هەرێم لە دەرئەنجامی خەرج نەکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٦-ەوە هاتووە، واتە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بودجەی ساڵی ٢٠٠٦ کە خودی خۆی پێشنیازیکردووە، خەرجی بکات، بۆیە جارێکی دیکە خستوویەتییە ناو بودجەی پێشنیازکراوی ساڵی ٢٠٠٧-ەوە.

بەپێی سەرچاوە داراییەکانی حکومەتی فیدراڵی، بودجەی پەسەندکراوی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦، زیاتر لە ٣ملیارو ٥٦٠ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم بڕی یەک ملیارو ٥٥٥ملیۆن دۆلاری لێ خەرج نەکردووە کە دەکاتە ٤٣٪ی بودجەکە، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەدائی حکومەت لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە، چ لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێناندا یان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان.

لاوازیی ئەدائی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ:

*** نەبوونی پلانو بەرنامە بۆ چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی هەرێم.**

*** لاوازیی لیژنەکانی پێشنیازکردنی بودجەی ساڵانەی داموودەزگاکانی حکومەت**

*** بوونی ڕۆتینو گیانی بیرۆکراسیو گەندەڵی**

*** نەبوونی شەفافیەت، پرسو راوێژنەکردن بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ئامادەکردنو جێبەجێکردنی بودجەی دامەزراوەکانی حکومەت.**

بەشێکی سەرەکی بودجەی هەرێم بۆ مووچە دەڕوات، بە جۆرێک کە بەشێکی زۆری بودجەی بەکاربردن دەبات‌و زیاترە لە ٥٤٪، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت توانیویەتی تەنیا (٨١,٤١٪) بڕی تەرخانکراو خەرج بکات، کەواتە ١٨,٥٩٪ی ئەو بڕەی کە ماوەتەوە خەرج نەکراوە، بەو پێیەش بێت ئەو پارەیە زۆر کەمترە لەو ڕێژەیەی کە بەرپرسانی حکومیی بەردەوام رایدەگەیەنن کە(٦٥٪ تا ٧٠٪)ی هەرێم پێویستی پێیەتی بۆ مووچە دەڕوات، بەڵام ئامارە دروستەکانو قسەی راست ئەوەیە کە ٣٨٪ی پارەکەت بۆ مووچە دەڕوات، نەک ٧٠٪.

هاوڵاتیی بەڕێز: بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەردەوام پێتراداگەیەنن کە ئەو پارەیەی لەبەغداوە بۆ تۆ دێت ٧٠٪ی بۆ مووچە دەڕوات، بەڵام ئامارە دروستەکانو قسەی راست ئەوەیە کە ٣٨٪ی پارەکەت بۆ مووچە دەڕوات، نەک ٧٠٪

پەرلەمانتار، سارا فەقێ خدر:

ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان، بۆ رازیکردنی حیزبەکان دەنگیان بۆ دەستوورو درێژکردنەوەی پەرلەمان دا

سازدانی: ستارە عارف

سارا فەقێ خدر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەبەوەدەکات ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان کە تێبینیان لەسەر دەستوورەکە هەبوو یان تەنانەت بڕوایان بە درێژکردنەوەی وادەی پەرلەمان نەبوو، کەچی بۆ رازیکردنی حیزبەکان دەنگیان بۆ دا، سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتووش پێیوایە بوونی لیستی جیاواز بەتایبەت لیستی گۆڕان وادەکات خەڵک بەگەرمییەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەنو هەڵبژاردنەکە لەبەرچاوی دەرەوە هەیبەتێکی زیاتری هەبێت.

رۆژنامە: ئاراستەی بەرەوپیرچوونی هەڵبژاردنەکان کە بڕیارە لە(٧/٢٥) ئەنجام بدرێت، لەم قۆناغەدا چۆن دەبینن، هەست دەکەیت پێویستیو کاتی گۆڕانکاریی ریشەیی هاتووەتە پێشەوە؟

* هەڵبژاردنی ئەمساڵ زۆر جیاوازە لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستان، بوونی چەند لیستێکی جیاواز لە دەرەوەی لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی، رۆحێکی نوێی وەبەر پرۆسەی هەڵبژاردندا کردووە، بەتایبەتی لیستی گۆڕان کە رەوتێکی بەرچاوی پرۆسەکەیە، ئەمە وادەکات ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کوردستان بەشداری دەنگدان بکەنو هەڵبژاردنەکە لەبەر دیدی وڵاتانی دەرەوە هەیبەتێکی دیکەی هەبێتو دیموکراسی جوانترو گەشەکردووتر بێت، جموجوڵی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت لەم ماوە کەمەی ئەمدواییە بەڵگەن بۆ دروستیو ئەرێنی هەمەدەنگیو هەمەڕەنگیو بوونی بۆچوونی جیاوازو کاریگەربوونی لەسەر چاککردنی بارودۆخی ژیانی خەڵک لە هەرێمی کوردستان، ئومێدیش دەکرێت دوای (٧/٢٥) ئەو گۆڕانکاریانەی بانگەشەیان بۆدەکرێت بچەسپێنو قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیو ئابووری دەستپێبکات، بەڵام بۆ مەسەلەی گۆڕانی ریشەیی کە باسی لێدەکرێت، هەروا ئاسانو خێرا نییەو دەکرێت دوای هەڵبژاردن ئەو بەرنامانەی ئێستا هەن لەناو سیستمی وڵاتدا وردبکرێنەوەو هەندێکیان پێویستیان بەیاسای نوێ هەیە بۆپیادەکردنیان، بەپێی پێداویستی قۆناغەکە گۆڕانی راستەقینەش پرۆسەیەکی بەردەوامەو هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە.

رۆژنامە: جموجوڵو چاوەڕوانییەکانی خەڵکو کەسانی پەرۆشی ئەم ئەزموونە چۆن شرۆڤەی بۆدەکرێتو ژنان لەم هاوکێشەیەدا لە چ ئاستێکدان؟

* ئەوەی لەناو خەڵکی ئاساییدا کە زۆرینەی کۆمەڵگان هەستی پێدەکرێت، جگە (لەژمارەیەکی کەم کە بێ ئومێدبوون)جۆش‌و خرۆشێکی زۆر لە ئارادایە بەرەو چاکتربوونی بارودۆخی ژیانو ئەم هەڵبژاردنە بەئومێدێکی گەش سەیردەکرێت، سەبارەت بە ژنانیش لە کۆڕو کۆبوونەوەو بنکەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا کەمتر بەرچاو دەکەون، لەوانەیە ئەمە لە بنچینەدا خواستی خودی ژن نەبێت، بەڵکو دۆخی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی وایلێدەکات، هەرچەندە ئەم چالاکیو جموجوڵانە تەنیا پێوەرنینو لە رۆژی هەڵبژاردندا بەجۆرێکی دیکەیە، رۆژی دەنگدان تاکە رۆژە تێیدا زۆرینەی زۆری ژنان بۆ کاتێکی کەمیش بێت لەماڵ دێنە دەرەوەو بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچن، تاکە رۆژە تێیدا پیاوانی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان شانبەشانی هاوسەرو خوشکو کچەکانیان لەسەر شەقامو کۆڵانەکاندا دەبینرێت.

رۆژنامە: ئەزموونێکی وڵاتان بەمشێوەیە لە دنیادا هەیە پەرلەمانێک ماوەی بەسەرچووبێتو چارەنووسی میللەتێک کە پێکدێت لە پرۆژە یاسای دەستوورەکەی کە دەستووری هەرێمە پەسندبکاتو بیەوێت لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمدا دەنگی بۆبدرێت؟

* سەرەتا دەمەوێت قسە لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بکەم، لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی بەرواری (٢٠٠٩/٥/١٣) پرۆژەیاسای درێژکردنەوەی ماوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان خرایە بەر گفتوگۆو ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان پێیانوابوو، درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بۆدوای (٦/٤) لەلایەن خودی پەرلەمانەوە کارێکی نەگونجاوەو خەڵکی کوردستان بۆ ماوەی چوارساڵ دەنگی بۆداوە، کە لە (٢٠٠٩/٦/٤) کۆتایی دێتو پێیان ئاسایی بوو تا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت بۆشاییەکی یاسایی هەبێت، بەڵام کاتێک خرایە دەنگدانەوە بەزۆرینەی دەنگ بریار لەسەر درێژکردنەوەی ماوەکە درا، تا کاتی هەڵبژاردن واتە (٢٠٠٩/٧/٢٥) بە پاساوی ئەوەی بودجە پەسەند نەکراوە، دواتر تەنیا بە بودجەوە نەوەستانو پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانیان هێنایە ئاراوە، کە ئەمە لە چاوەڕوانی ئەندامانی پەرلەماندا نەبوو!، چونکە پێشتر چەندجارێک لە دانیشتنەکانی دەستپێکو کۆتایی خولی گرێدانەکاندا گلەیی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرا، کە بۆچی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان ناخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ وەڵامی قەناعەت بەخشمان دەست نەدەکەوت هەتا ئەمساڵ، لەدوای تەواوبوونی وادەی یاسایی پەرلەمانەوە داوایان لێکردین لە هۆڵی پەرلەمان دەستوورەکە بخوێنرێتەوەو ئێمەش بەبێ گفتوگۆ پەسەندی بکەین، لەکاتێکدا ئەو پرۆژەیە گۆڕانی تێداکرابوو ئێمە نەماندیبوو، تا رۆژی (٦/٢٢) بەسەر ئەندامانداا دابەشکراو بڕیاردرا رۆژی (٦/٢٤) پەسەندبکرێت، بەداخەوە ئەمە سەریگرتو ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان کە تێبینیان لەسەر دەستوورەکە هەبوو، یان تەنانەت بڕوایان بەدرێژکردنەوەی وادەی پەرلەمان نەبوو، کەچی بۆ رازیکردنی حیزبەکانیان دەنگیان بۆدا، بە زۆرینەی دەنگ دەستووری هەرێمی کوردستان تێپەڕێندرا، بۆیە دەڵێم لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندابوو کە ئەو دەستوورە بەمشێوەیەو بەم پەلەییەو لەم کاتەدا پەسەند نەکرێتو دوابخرێت بۆ دوای هەڵبژاردنو ئەرکی پێداچوونەوەو پەسەندکردنی بخرێتە ئەستۆی خولی سێیەمی پەرلەمان.

رۆژنامە: هۆکاری رۆڵی کەمی ژنانی پەرلەمانتار لەناو پەرلەماندا بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا تەنیا هۆکار باڵادەستی حیزبە بەسەر پەرلەماندا، کە ژنی کردووەتە پاشکۆ یان ژنانیش خاوەن تێزی پێشکەوتووی تایبەت بەخۆیان نینو کەمهەوڵن؟

* هۆکارێکیان گشتییەو کۆی پەرلەمان وەکو سیستم نەیتوانیوە کارابێتو بەردەوام لەلایەن خەڵکو میدیاوە رەخنەی لێگیراوە، ئەویش پابەندە بەسیستمی گشتی وڵاتو باڵادەستی حیزب بەسەر هەموو دەزگاکانداو تێکەڵبوونی دەسەڵاتەکان لەگەڵ یەکتر، هۆکارێکی دیکە ئەو پێوەرەیە کە حیزب ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر هەڵدەبژێریت، کە کەمتر تواناو لێهاتوویی لەبەرچاودەگیرێت، لەلایەکی دیکەوە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکانی پەرلەماندا لەسەر بنچینەی تەوافوقی حیزبەکان بووە بەپلەی یەکەم، ئینجا پسپۆڕیو ئارەزوو، هۆیەکی دیکەی کەمیی ژمارەی ژنانە، لەو ژمارە کەمەشدا پێوەرەکە رۆڵی هەیە، ئەزموونی بەشداریکرنی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا لە وڵاتی ئێمە نوێیەو ئامادەکاریی پێویست نەکراوە، هەموو ئەمانە بەو مانایە نین کە بڵێین لە خولی دووەمی پەرلەماندا ژنی کارا نەبووە، بەڵکو ژمارەیەکیان توانیویانە رۆڵی بەرچاوو کاریگەریان هەبێت.

رۆژنامە: هۆکاری هەمیشە دواخستنی پرۆژەو بڕیارەکانی تایبەت بەژنان لە پەرلەماندا چی بوون؟ چیتان کردووە بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی یاسای باری کەسێتی؟

* بەشێکی پەیوەندی بە پەرلەمانو بەشێکی بە حکومەتو ئەوی دیکەش بەژنان خۆیانەوە هەیە، دەکرا ژنان سەبارەت بەو پرۆژانەی تایبەتن بەخۆیان زیاتر پشتیوانی یەکتریان بکردایەو گەورەتربوونایە لە حیزبایەتیو بەرژەوەندی تایبەتی، هیوادارین ژنانی خولی سێیەمی پەرلەمان زیاتر پشتیوانی یەکتربنو بوێرانەتر بڕیاربدەنو سوودیش لە هەوڵە باشەکانی خولی دووەم وەربگرنو ئەوکارانەی بەتەواونەکراوی ماون بەئەنجامی بگەیەننو بەدواداچوونی زیاتر بۆ یاساکان بکەن، بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی، کە وەکو پێویست جێبەجێنەکراوە.

سارا فەقێ خدر

سارا فەقێ خدر ساڵی(١٩٦٠) لە قەڵادزێ لەدایکبووە. دەرچووی بەشی فیزیای کۆلێجی زانستە. (٢١)ساڵ وەک (مامۆستا، بەرێوەبەر، سەرپەرشتیار) لەبواری پەروەردە کاریکردووە. لەخولی دووەمدا بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە.

هەردوو وەزارەتی پەروەردەو دارایی رێزوپێزانینی خۆیان بۆ مامۆستایان نواند!!

لەنیشانەکانی دڵسۆزیی‌وبەتەنگەوەهاتنی هەر دەسەڵاتێک بۆ توێژێک یا دەستەیەک لە کەسانی ماندوو و کارای هەر بوارێک یاخود خزمەتکردن بەوکەسانەی کارەکەیان بۆ ئەنجامدەدرێت، کارئاسانیو دابینکردنی پێداویستیو خەڵاتکردنی ئەو کەسانەیە کە بە لەخۆبووردەییو دڵسۆزی کارەکانیان ئەنجامدەدەن..... ئەمە سروشتی کارکردنی هەر سیستمێکە لەم جیهانەدا.

لێردا مەبەست لەوانەی ماندووبوونو دڵسۆزییەکی راستگۆیانەیان بەخەرجداوە، مامۆستایانی بەشداربوون لە پشکنیینی تیانووسی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییە بە هەرسێ بەشەکانی وێژەیی، زانستی، پیشەییەوە.

بەڵام وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی دارایی لە حوکومەتی هەرێمدا تەواو بە پێچەوانەی ئەم یاسایە رەفتاریان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە مامۆستایەدا کرد کە ژمارەیان پتر لە ٢٠٠ مامۆستایەو کاریان پشکنینی دەفتەری قۆناغی ئامادەیی(زانستیو وێژەییو پیشەیی)بوو لە هاوینی ٢٠٠٩.

ئەم مامۆستایانە ئاماژەیان پێدراوە لە مەڵبەندی شاری سلێمانیو قەزاو ناحیەکانی دەورو بەری سلێمانییەوە هەڵبژێردراون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

وەک ئاشکرایە لە هەموو کارو چالاکیەکی حکومیانەدا کاتێک کارمەندێک یان چەند کارمەندێک پسپۆڕێتی بوارێک دەچنە دەرەوەی شاری خۆیان بۆ ئەنجامدانی کارێکی فەرمیو حکومیانە لە بەرامبەر ئەو کارە وەک لێکدانەوەی باری کۆمەڵایەتیو دەروونیو چەندلایەنێکی دیکە وەک سیستمی (ئیفاد) شمولی بڕێک لە خەرجی سەفەرو کرێی گواستنەوەو مانەوەو خواردنیان بۆ سەرفدەکرێت.....

یاسای ئیفادکردنی مامۆستایان بۆ دەرەوەی شاری خۆیان بە مەبەستی پشکنینی دەفتەرەکانی قۆناغی ئامادەیی بەهەموو بەشەکانیەوە یەکێکە لەو حاڵەتانەی سەرەوە کە باسمان لێکردووە.

وە ک کاربەدەستانی هەردوو وەزارەت ئاگادارن پتر لە چارەکە سەدەیەکە ئەم سیستمە پەیرەوکراوەو حوکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق کاریان پێکردووەو کێشەیەکی وەک ئەمساڵیان بۆ مامۆستایان دروست نەکردووە!!

ناوەڕۆکی کێشەکە لەوەدایە بەرێز جێگری وەزیری دارایی حوکومەتی هەرێم بڕیاری دەرکردووەو پاش لێپرسینەوەو لێپێچینەوە ئۆتێلەکانی شاری هەولێر، بۆیان دەرکەوتووە ئەو پسوولانەی مامۆستایان کاری حساباتی ناو پەروەردەکانی پێ ئەنجامدەدەن لەگەڵ ئەو نرخەی کە وەزارەت داینناوە ناگونجێت.....بۆ نموونە مامۆستایان (کە مافێکی سروشتی خۆیانە)و لەسەر حسابی ماندووبونی جەستەییو دەروونیی خۆیان دەچنە ئەو ئۆتێلانەی کە نرخیان هەرزانترە تا لەو نێوەندە بڕێک پارەیان بۆ بمێنێتەوە، کە ئەمەش مافخواردنی هیچ کەس‌و لایەنێک ناگەیەنێت جگە لە خۆیان.

بەڵام موفارەقەکە لەمەدایە کە وەزارەتی دارایی بەرێز قایل نییە بەم حسابەو دەڵێت مامۆستایان دەبێت بچنە ئەو ئۆتێلانەی کە نرخیان لە نێوان ٥٠ بۆ ٧٥ هەزار دیناری عێراقییەو نابێت کەمتر بێت!!

بۆیە ئەو کارە یاساییانەی جێبەجێکردنی راگیراوە بە بڕیارێکی تایبەتو مامۆستایان پاش ١٠ بۆ ٢٥ رۆژ دووردەکەونەوە لە شارو خێزانو کەسوکاری خۆیان، ئەنجامنادرێتو کارەکانیان راگیراوە.

لێرە ئێمە چەند پرسیارێک ئاراستەی هەردوو وەزارەت دەکەین:

١-ئایا ئێوە بە راگرتنی کاری مامۆستایانو سەرفنەکردنی ئەو برە پارەیە دزە راستەقینەکانی ئەم مەملەکەتەتان کەشف کردووە!!

نا بەرێزان ئەوانە مامۆستایان نین، قێللاو تەلارو بازاڕ وکەنار رووبارو پێدەشتەکانی شارو لادێکانی دەورو بەریان کڕیوەو تەنانەت لە وڵاتی دیکەشدا بوونەتە خاوەن (ئەملاک).

٢-بۆ چی پتر لە (٣٠) ساڵە ئەم یاسایە هەبووەو کاری پێکراوەو تەنیا لەهاوینی ئەمساڵدا بووەتە تەرازووی ئالتون پێوو ئەوەندە هەستیاربوون!

٣- گەر ئێوە بەو جۆرە خەمخۆری مامۆستایانو پسپۆڕەکانی خۆتان بن چۆن بیرناکەنەوەو ناپرسن، ئاخۆ ساڵانی داهاتوو کێ ئەم کارانە ئەنجامدەدات، چونکە بەو شێوەیە ئێوە دەتانەوێت هیچ ویژدانێکو هیچ مامۆستایەک ئامادەنییە کارێکی لەو جۆرە سەختو هەستیار لە کاتو بارودۆخێکی گراندا بکات!!!!!

٤-گەر وەزارەتی دارایی ئەوندە بەوردی حساب بۆ هەموو شتێک دەکات بۆ چی تەنیا ئەم یاسایەی لە بەرامبەر کرێی ئوتێل قوتکردووەتەوە، ئەی بۆ وردەکاریی بۆ ئەوە ناکات کە ئەو مامۆستایانە چی دەخۆنو بە چی لە ناو شاری هەولێردا هاتوچۆ دەکەن؟؟؟ ئەی گەر باس لەیاساییبوون دەکەن بۆ تەنیا کرێ ئوتێل کراوەتە بەهانە، ئەی چۆن (مخبر سر)یەکانتان چاودێریی خواردنو کرێی هاتوچۆی ناو شاری هەولێریان پێرانەگەیاندوون !!!!!!

***تێبینی : هەریەک لەو مامۆستایانەی بەشداربوون چەندەها گلەییو گازندەو تێبینی بە جێیان سەبارەت بە مامەڵەی کۆنترۆڵ هەیە، بەڵام وەک هەمیشە مامۆستا بەوە ناسراوە خۆڕاگرو نموونە بن، لێرەدا باسیان ناکەین، هەروەها بۆ ئەوەی نهێنیشتی شوێنێکی لەو جۆرە هەستیارە پارێزراوبێت.**

ژمارەیەک مامۆستا

گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی: کێشەکان لە تەقینەوەدان

وەزیرێکی هەرێم: ئەگەر سەربەخۆ نەبین، تورکیا هەڵدەبژێرین نەک عێراق

شاڵاو فەتاح

گروپی قەیرانی نێودەڵەتی لە دواین راپۆرتیدا دەربارەی عێراق ئاماژە بەوە دەدات، کە پێویستە سیاسەتمەدارە عێراقییەکانو ئەمریکا هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ رێگرتن لەو توندوتیژییو پێکدادانەی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەگەری رووودانی هەیەو بە «چەکێکی میل هێنراوەو ئامادە» لەقەڵەمیدەدات.

راپۆرتەکە لە دەستپێکدا دەڵێت، لەگەڵ کەمبوونەوەی کێشەی تائیفییدا، کێشەیەکی سیاسی زۆر مەترسیدار لەعێراقدا دەرکەوتووە، کە کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵو حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

ئەم کێشەیەش پێکدێت لەنەبوونی پەیوەندیو دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمدا، کێشەی نەوتو سامانو ناوچە ناکۆکیی لەسەرەکان، سەردەکێشێت بۆ پێکدادانی نەتەوەیی لەسەر کێشەی بنەڕەتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانو ئەم کێشەیەش سەردەکێشێت بۆ ململانێ لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاداو هەریەکە لە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق هاوپەیمانی هەرێمیی خۆی هەیەو ئەوانیش دەستدەخەنە ناو کێشەکانەوە.

لەبارەی راپۆرتەکەیانەوە رۆبەرت مالی، بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا دەڵێت: «ناردنی بایدنی جێگری ئۆباما هەنگاوێکی باشبوو بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندیی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام پێویستە ئەو هەوڵانە لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە بەردەوامبێت».

هەر لەبارەی راپۆرتەکەوە یوست هێڵتەرمان، جێگری بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا دەڵێت: «پێویستە ئیدارەی ئۆباما هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ رێگرتن لەو شەڕە نەتەوەییەی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دروستدەبێت».

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە کێشەکان زیاتر لە شاری کەرکوک خۆیان مانیفێست دەکەن، ئەمەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی دانیشتووانی شارەکە جیاوازنو عەرەبو کوردو تورکمانی تێدایە، بەڵکو لەبەر بوونی سامانێکی زۆری نەوت لەو شارەدا، لەدوای (٢٠٠٣)وە کوردەکان پەلەیانکرد لە هاتنە ناو ئەم ناوچەیەوە، گوایە ناوچەکە لەرووی مێژووییەوە سەر بە هەرێمی کوردستانەو شارێکی کوردییە، بەڵام لەدوای هاتنە سەر حوکمی مالیکی لە ساڵی(٢٠٠٨)دا، رۆڵو کاریگەریی کوردەکانی لە دەرەوەی هێڵی سەوز (بۆ جیاکردنەوەی ناوچەکانی ناوەندو هەرێم) کەمکردووەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا ئاماژە بەهۆکاری سەرەکی کێشەکان دەکاتو دەڵێت: «نەبوونی پەیوەندی ئاستی کێشە ناوچەییەکان بەرزدەکاتەوە بۆ پێکدادانێک کە بۆ هیچ لایەک ئاسان نییە»، پێشتر ئیدارەی ئۆباما هێزی زیاتریناردبووە ئەو ناوچە سنوورییانە تا رێگە لە بەرزبوونەوەی ئاستی کێشەکان بگرێت.

لە کۆتایی (٢٠١١)دا هێزەکانی ئەمریکا دەکشێنەوەو کاتێکی کەم ماوە بۆ سازشکردن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هیچ لایەنێکیان (نەحکومەتی ناوەندیو نە هەرێم) ئامادە نین سازش لەسەر چەند کێشەیەکی بنەڕەتی بکەن، هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠)ش بەبۆچوونی هەندێک سەرکردەی عێراقی دەبێتە هۆی رووخانی عێراقو پەنابردنە بەر چەند هێزێکی هەرێمی.

لەغیابی ئەمریکاداو بە کشانەوەی هێزەکانی، سیاسەتمەدارە عێراقییەکان دەکەونە شەڕەوە لەسەر ناوچە ناکۆکیی لەسەرەکان.

دوای روونکردنەوەی رەگی کێشەکان، راپۆرتەکە باس لە رۆڵی وڵاتە دراوسێکان بەتایبەت تورکیا دەکاتو تورکیا وەک «تاکە ئەڵتەرناتیڤ» بۆ کوردەکان لەقەڵەمدەدات، پاش نەمانی پاراستنی ئەمریکاو نەبوونی هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان، کورد هیچ بەدیلێکی دیکەی نییە جگە لە تورکیا.

د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وتی: «ئەگەر شیعە ئێران هەڵبژێرێتو سوننەش جیهانی عەرەبی، ئەوا کورد هیچ ئیختیارێکی نییە جگە لە تورکیا، تورکیاش هاوپەیمانێکی دیکەی بەهێزی نییە لە عێراقدا، ئێمە یەکترمان خۆشناوێت، بەڵام پێویست بەوە ناکات یەکترمان خۆشبوێت. ئەگەر ئەمریکا بێ ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا بکشێتەوە، ئەوا شەڕ دروستدەبێتو تورکیاش هیچ هاوپەیمانێکی دیکەی بۆ دروست نابێت جگە لە کوردەکان».

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە تورکیا دوژمنێکی تەقلیدی کوردەکانی عێراقە بەهۆی گومانی هەبوونی پەیوەندی کوردەکانی باکووری عێراق لەگەڵ پەکەکە، بەڵام ئەم ناکۆکییە کەمدەبێتەوە لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی پارتی دادو گەشەو زێدەبوونی بەرژەوەندیی نەوتو وزە لەنێوان تورکیاو کوردستانداو لە بەرژەوەندیی تورکیایە کە ئەم پەیوەندییە قبوڵبکات لەبەر بەرژەوەندی نەوتو گاز. ئەمە بۆ کوردەکانیش دەستکەوتێکی گەورەیە بەتایبەت ئەگەر تورکیا پەیوەندی بکات بە یەکێتیی ئەوروپاوە، لەم حاڵەتەدا کوردەکان دەروازەیەکیان هەیە بۆ ئەوروپاو دەتوانن سوود لە بوونە هاوڵاتیی ئەوروپا وەربگرن.

وەزیرێکی حکومەتی هەرێم، کە (ICG) ناوەکەی بڵاونەکردووەتەوە ئاماژە بەوەدەکات: «ئەم کێشەیە ویلایەتی موسڵ زیندوو دەکاتەوە، بەڵام نەک لەلایەن تورکە ناسیۆنالیستەکانەوە، بەڵکو ئەمجارە کوردەکان داوای زیندووکردنەوەی دەکەن. ئێمە ئارەزووی سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام ئەگەر نەتوانین بەدەستی بهێنین، ئەوا تورکیا هەڵدەبژێرینو دەچینە پاڵ تورکیا، چونکە عێراق نادیموکراتییە».

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات: باشترین رێگەچارە ئەوەیە کوردەکان پەیوەندی بە تورکەکانەوە بکەن وەک دانیشتووی ویلایەتی موسڵ، بەڵام زیادبوونی ژمارەی کوردەکان لەلایەن سەرکردە تورکەکانەوە باش نابینرێتو پێیانوایە ئەنجامی خراپی دەبێت.

لە وەڵامی راپۆرتەکەدا، ئەنکەرە بەڕەسمی ئەو پێشنیازەی راپۆرتەکەی رەتکردەوەو ئاماژەی بەوەدا «سنووری تورکیا جێگیرە»و نامانەوێت دەستبخەینە ناو سنووری عێراقەوە.

هەر لە راپۆرتەکەیاندا (ICG) دوای روونکردنەوەی کێشەکان، کۆمەڵێک پێشنیازی تێدایە بۆ باشترکردنی بارودۆخی سیاسی عێراق، پێشنیازەکانیش بۆ حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندیو ئیدارەی ئۆباماو نەتەوە یەکگرتووەکانن.

راپۆرتەکە بە چەند پێشنیازێک بۆ حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێم دەستپێدەکاتو دەڵێت، دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەسەر کێشە بنەڕەتییەکانی وەک دابەشکردنی دەسەڵاتو سامانو کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکانو کارکردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٢٣و خۆپاراستن لە لێدوانی ورووژێنەرو دروستکردنی هێزێکی تێکەڵە لە پێشمەرگەو هێزەکانی حکومەتی ناوەند بۆ پاراستنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئاسانکاریی بۆ چارەسەربوونی کێشەکانو روونەدانی شەڕ دەکات.

پێشنیازی راپۆرتەکە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە پشتگیریکردنی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردە عێراقییەکان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەکنیکیو راوێژی سیاسی.

پێشنیازی راپۆرتەکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتییە لە فشارخستنە سەر هەردوولا بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانو دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان، یارمەتیدانی یونامیو یارمەتیدانی لە پێشخستنی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمو ناوەندداا. فشار خستنە سەر سوپای عێراقو پێشمەرگە بۆ نەنانی هەنگاوی تاکلایەنانە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا.

بایدن دژی دەستووری کوردستان بووەو فشاری خستووەتە سەر بارزانی

ناموٚ عەبدوڵڵا

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە جۆ بایدنی، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، دژی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بووە، کاتێک لەسەفەرەکەیدا بۆ عێراق قسەی لەگەڵداکردووە.

مالیکی ئەم قسەیەی لە میانی دیدارێکی رۆژنامەی The Wall Street Journalی ئەمریکیدا کردووەو گەشبینی خۆی نیشانداوە بەوەی کە گرفتەکانی هەولێرو بەغدا دەکرێت لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن.

مالیکی دەڵێت: «چەند بۆچوونو چارەسەرێکم پێشکەش بە بایدن کردووەو لەمبارەیەوە لەگەڵ کوردەکاندا قسەدەکاتو داوامکردووە کورد واز لە دەستوورەکەیان بێنن، چونکە گرفت درووستدەکاتو جیاوازییەکان زیاتر دەکات، ئەم مەسەلانە دەبێت لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکرێن».

سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاشکرایکردووە، کە بایدن لە وەڵامدا هاوبۆچوونیی خۆی لەوبارەیەوە لەگەڵ مالیکیدا دووپاتکردووەتەوە: «بایدن وتی، بەهەمانشێوە ئەمە بۆچوونی منیشە، بۆیە ئامۆژگاری کوردەکان دەکەم کە ئەو کارە بکەنو پێیاندەڵێت مالیکی دۆستیان هەمانشتی دەوێت».

ئۆفیسی بایدن ئاماژەی بەوەکردووە، بەهۆی بارودۆخی کەشو هەواوە نەیتوانیووە ئەم پەیامە بە بارزانی بگەیەنێت. بەڵام دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ ئەمریکا، رۆژی حەوتی حوزەیران، بایدن پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بارزانیدا ئەنجامدا، مەبەستی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، بە پێی راپۆرتەکان، بۆ قسەکردن بووە لەسەر مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکانو گرفتەکانی نێوان بەغداو هەولێر.

هەر رۆژی دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی بارزانیو بایدن، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق رەتیکردەوە دەستوور لە هەمان رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە ٢٥ی تەممووزە، ئەنجامبدرێت، مالیکی ئەمە بەسەرکەوتن وەسفدەکاتو هۆکارەکەی بۆ فشاری بایدن دەگەڕێنێتەوەو لەو بارەیەوە وتویەتی: «پەیامەکەیان پێگەیشتو راپرسی لەسەر دەستوور دوادەخەن، ئەمە سەرکەوتنێکی دیکەیە کە بایدن پاڵپشتیی بۆچوونی ئێمەی کرد».

مالیکیو بایدن

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەیدا کە رۆژی ٩ی حوزەیران بڵاوکراوەتەوە، مالیکی باسی گرفتو گرژییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی دەکاتو پێیوایە، دەکرێت لەڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکرێت: «ئەوەی لەم قۆناغەدا پێویستمانە خۆدیسپلین کردنە، بەڵێ ئەوان هێڵی سەوز دەبەزێننو چەندین کاری نادەستووریی دەکەن، چەندین جیاوازی دیکەمان لەنێواندا هەیە، لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەردەچن، بێگومان هەڕەشەکردن لەلایەن ئەوانەوە دەبینرێتو ئەمەش پەیوەندییەکان دەڕوخێنێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە گرفتەکان زۆر گەورەنو چارەسەر ناکرێن، ئەمانە تەنیا جیاوازییەنو دەکرێت شتەکان لە ریگەی دەستوورەوە چارەسەربکەین».

مالیکی سەرەڕای ئەوەی پێی ناخۆشە کورد هێڵی سەوز دەبەزێنێت، نیگەران نییە، چونکە دادگای فیدراڵیو دەستوور هەیەو بەکورد دەڵێت ئەوەی ئەوان دەیکەن پێشێلکردنی دەستوورە.

مالیکی لەکۆتاییدا پێیوایە، گرفتەکانی نێوان هەولێرو بەغدا چەندە گەورە بن، هێشتا گرفتی ناوخۆیینو دەکرێت چارەسەربکرێن، نیگەرانی ئەوەیە کە ئەم گرفتانە بەدەستتێوەردانی دەرەکی وەکو ئێرانو تورکیا بشکێتەوە.

مالیکی دەڵێت: «من ململانێ بۆ یەکپارچەیی عێراق دەکەمو عێراق نابێت دابەشبکرێت بۆ دوو پارچە، بۆیە ئەم جیاوازییانەی نێوان کوردو حکومەتی ناوەندیو ئەو هەڕەشانەی کوردەکان دەیکەن هێشتا لە نێو یەکبازنەدان لە عێراقو دەکرێت چارەسەر بکرێن، ئەگەر ئەمە بچێتە دەرەوەی عێراق، گرفتی دیکەمان دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بێتو کورد تەداخول بە ئێران یان تورکیا بکات، مەسەلەکە خراپتر دەبێت».

ـــەکچوونی داخوازییەکاندا ـــوردستان وەک نموونە

تەماشادەکەن کە بە قانوونێکی لە پەرلەمانەکەیاندا سازکراو، دامەزراند، کەچی کاتێک کە «پارتی» و «یەکێتی» بۆ دابەشکردنی پارە ودەسەڵات، بەرواڵەت یەکیانگرت، ئەوەبوو لە شەووڕۆژێکدا قانوون و مانوون توور هەڵدران و ئاشبەتاڵ بە «کۆڕ» کرا و گۆڕی ون بوو. دەستوور بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگە و دایکی هەموو قانوونەکانە و لە سیستەمێکی دیمۆکراتیدا زامنی مافەکانی تاک تاکی هاونیشتمانانە و، زامنی سنوورەکانێتی و، کاڵایەک نییە کە بەباڵای حیزبێک، یان سەرکردەیەک، یان بنەماڵەیەک ببڕدرێ.

راستییەکەی، ئەگەر بویسترایە دەستوورێکی رێکوپێکی کوردستانی بهێنرێتەکایە و بەسەر داگیرکەراندا بسەپێندرێ، دەبوو لە هەلی خۆیدا ئەوە بکرایە، واتە هەرپاش رووخاندنی رژێمی سەددام، دەستبەجێ ئەو کارە بکرایە، واتە کاتێک کە نە دەوڵەتێکی عێراقی و، نە لەشکرێکی عێراقی و، نە پەرلەمانێکی عێراقی و، نە ئاڵایەکی عێراقی هەبوو، بەڵام بەرامبەر بەوە، حکوومەتێکی کوردستانی و، لەشکرێکی پێشمەرگە و، پەرلەمانێکی کوردستانی و، ئاڵایەکی کوردستانی و، پێوەندییەکی کوردستانی لەگەڵ دەرەوە هەبوو. ئەو دەمە دەتوانرا دەستوورێک بۆ هەرێم بنووسرێ کە راستینەی مێژوویی و سنووری جوگرافیایی و ژیاری و مافی وەکیەکی هەموو دانیشتووانی کوردستان تۆماربکرێن تێیدا و، بخرێتە بەردەم ئەمریکا و هاوپەیمانانیو بکرێتە مەرجێک بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیان، پاش ئەوەی کە دەخرایە بەردەم خەلکی کوردستان و پشتڕاستدەکرا. ئەو سەردەمە، سەردەمێکی لەبار بوو کە دەتوانرا گشتپرسیی لە هەموو باشووری کوردستاندا بکرێ، نەک هەر لە سێ ستاندا، تەنانەت دەنگی کوردەکانی بەغدا و باشووری عێراق و کوردی هەندەرانیش وەربگیرێ. هیچ رێگرێک نەبوو لەبەردەم ئەمەدا. بەڵام ئێستە، پاش ئەوەی سەرانی «پارتی و یەکێتی» عێراقیان دامەزراندەوە و، ئەو دەرفەتە مێژووییە مەزنەیان لەدەست کورددا، کە جارەکی دی ناگەڕێتەوە، ئەوا دەبێ رێ و شوێنی نوێ دابنرێ بۆ چێکردنی دەستوورێکی کوردستانیی پتەو. ئەمەش بەکاری گەورە دێتەدی. نەک بە هەرەشەوگوڕەشە و تۆمەتبارکردنی ئەوانەی دەنگ بۆ دەستوور نادەن کە نۆکەری بیانی و لەبەرەی دوژمنانی کوردن. ئەوڕۆ، کورد لەبەردەم مەترسیی مان و نەماندایە و بۆ خۆپاراستن، پێویستیی بە یەکدەنگی و رێکخستنەوەی ماڵەکەی هەیە، ئەوەش بە مسۆگەرکردنی پشتگیریی جەماوەرەکەی دەبێ لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، بەر لە هەموو شتێک پشتگیریی رەشوڕووتی کوردستان. ئەمەش بەوەدەبێ کە راستە خەڵکەکە بزانن لەکاتی لێقەومان و بەرەنگاربوون لەگەڵ دوژمنانو داگیرکەراندا، بەرگری لە چی دەکەن کە لە دەستیان نەچێ. مرۆڤی برسیو بەشخوراوو مافپێشێلکراو وبەلەنگاز، بە فشەکوردایەتی و بانگەوازی «یەکێتی ریزەکانی گەل»و «سوێنددان بە خوێنی شەهیدان» تێرناکرێ و دابیننابێ. ئەوانەی عێراقی رووخاویان دروستکردەوەو، نەچوون تاوانی ئەنفالو چەکی کیمیاییو گەلکوژی لە کورد بکەنە بەڵگەیەکی قانوونی بۆ چەسپاندنی بڕیاری مافی چارەنووسی لەلایەن کوردەوە، هیچ مافی ئەوەیان نییە دژ بە رەوتی گۆڕان قسەبکەن. خۆیان چییان چاند، ئەوە دەدرووننەوە.

سەرکردەکانی «پارتی» و «یەکێتی» و هەموو گەلەکۆمەکانی دیکەی کوردستان، چاکە بزانن کە ئەو سەردەمە رۆیی کە بەنێوی حیزبحزبێنەوە شەڕوشۆڕیان نایەوە و بەختی کوردیان رەشکرد. پێنووسی بەکرێگیراوی ویژدانمردوو، چارەسەری گلانیان ناکا. با هۆش بێننەوە بەر خۆیان و رێبدەن بە هەڵبژاردنێکی ئارام و لەسەرخۆ و ئازاد، تاکو خەڵکی کوردستان، بە کاوی دڵی خۆیان و، بێ ساختەکارێتی و هەڕەشەوگوڕەشە و نانبڕین و جنێوپێدان و لێکردنەوەی پۆستەرەکانیان، بتوانن نوێنەرانی خۆیان بە سەربەستی هەڵبژێرن. ئەو دەمە، کورد و خەڵکی کوردستان، دەتوانن شانازی بکەن بەوەوە کە لە بەشێکی گچکەی ولاتەکەیاندا و، لەنێو چوار دیوارێکدا، کە هەموو لاوە، بەچەند رژێمێکی تۆتالیتێر و میلیتاریست و دیکتاتۆر دەورەدراون، توانیویانە سیستەمێکی دیمۆکراتی بخەنە سەرپێ و بیکەنە سەرمەشق بۆ هەموو کوردستان و رۆژهەڵاتی ناڤین. بەتایبەتی، پاش ئەوەی جیهان لە پرۆسەی فرتوفێڵی هەڵبژاردن لە ئێراندا بەئاگاهات. دەزانم ئەوانەی کە فێری ئەوە بوون، بێ ماندووبوون، لەتەڕ بخۆن و لەسەر هیشک بنوون و، خواردەستەکانیان هەر بە «بەڵێ قوربان» و «راستدەفەرموویت گەورەم» لەگەڵیان بدوون و، پێنووسبەدەستی مشەخۆر وشایەری دەربار و گۆرانیبێژی بەپارەکڕدراو، پەسنی خۆیان و لیستەکەیان بدەن، هەموو رەخنەیەکیش بە جنێوو درۆو بوختان وەرامبدەنەوە، زۆر ناخۆشە بۆیان، دەست لە پارە و پلە و پایە و کەشوفش هەڵبگرن بۆ چینی پێخوست و زەحمەتکێش، بەڵام ئەگەر ژیرانە بیربکەنەوە و لە کارنامەی رابردوویان وانەیەک فێربووبن، ئەوا دەبێ مل بۆ بڕیاری خەلک کەچکەن. خومەینی، پاش ئەوەی بە تەنگەتیلکەیەتیی خۆی، جەنگی عێراقی دۆڕاند، گوتی: «ئەوا پیاڵەیەک ژەهر دەنێم بەسەرمەوەو، لەبەر خاتری مانی رژێمی ئیسلامیی ئێران دەینۆشم» و، ئەوەبوو ئاگربڕی راگەیاند و، ئێرانی لە هەرەسهێنان پاراست. دەبا سەرکردەکانی «حیزبە کوردییەکان» یش، لەبەر خاتری چل ملوێن نەتەوەی چەوساوەی کورد و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان، لێبڕێن و دەست لە بەرژەوەندیی بنەماڵەیی خۆیان هەڵبگرن و، ئەو پیاڵەیە بنێن بەسەریانەوە، کە بە دڵنیاییەوە نایانکوژێ، بەڵکو ژیانیان تازەدەکاتەوەو، ئاهێک دەپەڕێنێ بەدڵی خەڵکی کوردستانداو، ئەو دەمە، چەند چەورەقەڵەمو چەند سالۆکێکی لێدەرچێ، هەموو خەڵکی کوردستان چەپلە لێدەدەن بۆیان و، سەرەڕای هەموو خراپەکارییەکیان، نێویان دەچێتە ریزی نێوچاکانەوە. دیارە، چاکەکاریی، خراپەکاریی لەوەپێش، لەنێونابا، بەڵام دایدەپۆشێ. چۆنکە ئەوەی روویداوە، هیچ هێزێک نییە وابکا کە روونەدابێ، بەڵام رووداوەکانی پێشوو، بەرووداوی جۆری دیکەی پێچەوانە، لەبەرچاو وندەبن. دە

مرۆڤی برسیو بەشخوراوو مافپێشێلکراو وبەلەنگاز، بە فشەکوردایەتی و بانگەوازی «یەکێتی ریزەکانی گـەل»و «سوێنددان بە خوێنی شەهیدان» تێرناکرێ و دابیننابێ. ئەوانەی عێراقی رووخاویان دروستکردەوەو، نەچوون تاوانی ئەنفالو چەکی کیمیاییو گەلکوژی لە کورد بکەنە بەڵگەیەکی قانوونی بۆ چەسپاندنی بڕیاری مافی چارەنووسی لەلایەن کوردەوە، هیچ مافی ئەوەیان نییە دژ بە رەوتی گۆڕان قسەبکەن. خۆیان چییان چاند، ئەوە دەدرووننەوە

ڕەوتی گۆڕان بەرەو کوێ؟

کامیل ژیر

مێژووی بزاڤی کوردایەتی باوەڕدار (عقائدی) زۆر دێرین نییە. سەرەتای ئەو بزاڤە، لە رێکخراوی (کاژیک ١٩٥٩/٤/١٤) سەریهەڵداو دوایی (پاسۆک ١٩٧٥/٩/١١)و (کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ١٩٨٥/٤/١٤)و هەندێ هەوڵدانی تاکەکەسیو رێکخراوەیی دیکە، بوون بە تەواوکەری ئەو بزاڤو باوەڕەو ئێستا قوتابخانەی بیری کوردایەتییان لێکەوتووەتەوە.

ئەم قوتابخانەیە، گەرچی لەڕووی رێکخستنەوە ئێستا لە یەکترازاوو پچڕپچڕە، بەڵام وەکو بیر، هاوشێوەی یەکن، هەرچەندە شاگردانی ئەو قوتابخانەیە دوورن لە یەکەوەو هەندێکیان تێکەڵ بە رێکخراوی سیاسی جیاواز بوون. ئەوەی سەرباری ژمارەیەک رۆشنبیری سەربەخۆش رێچکەی هەمان باوەڕیان گرتووە. کوردایەتیش وەنەبێت هەر تاپۆی ئەوانبێت، بەڵکو لە دەوڵەتی مادەوە تا میرنشینییەکانو شۆڕشە کوردییەکانو تا رێکخراوە سیاسییەکانی پێش کاژیک، بڵێسەی بزاڤی کوردایەتی بەشێوە تەقلیدییەکەیو وەک سۆز، بەردەوامبووەو تائێستا نەکوژاوەتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، بەهۆی لە یەکترازانی ناو ماڵی قوتابخانەی بیری کوردایەتییەوەو گیرخواردنی زۆربەیان، لە رابردوودا، لە بازنەیەکی داخراودا، هاوبیرانی کوردایەتی لە کوردستاندا بوونەتە بێگانەو هەڵگری بیرو بزاڤە نامۆکان بە کوردایەتی بوون بە خاوەن ماڵ! لەوانە: لایەنە نێونەتەوەیی (أممی)ەکانو ئیسلامی سیاسیو ئەو پارتییانەی لەسەر هەموو پەتەکانی نەتەوەییو نێونەتەوەییو ئیسلامیو عێراقو ئێرانو تورکیاچێتی یاریدەکەنو گەندەڵی تێیداون، کە بۆ ئەوانە کەمترینو تەپەک ئەوەیە بڵێین: نان بۆ قەسابو گۆشت بۆ نانەوایە! کە ئەمە لێرەدا مەبەستی ئەم وتارەمان نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان ئایندەی رەوتی گۆڕانو چۆنێتی رێکخستنەوەی ناوماڵی هاوبیرانی کوردایەتییە.

لە رابردوویەکی نزیکدا، چەندجارێک هەوڵی کۆکردنەوەی هاوبیرانی کوردایەتی دراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هەوڵانە هەر بە دیدی پارتییانەوە بووەو بارودۆخەکەش گونجاو نەبووە، هەوڵەکان ئەنجامدار نەبوون. هەوڵەکانی باڵی چاکسازیی (ریفۆرم)یش لەناو یەکێتیدا، هەر لەبەر هەمان دوو هۆ، سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئەمجارەیان لەبەرئەوەی ئەو باڵی ریفۆرمە لە بازنەی داخراوی پارتایەتی خۆی دەربازکردو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش هاتە ئاراوەو دۆخێکی گونجاویشی دروستکرد، بزاڤو لیستی گۆڕان کە ژمارەیەک هاوبیری پاسۆکو کاژێکو کۆنگرە هاوڕاو هاوکارێتی، سەرکەوتنو فراوانبوونی بەرچاویان بەدەستهێناوە.

دەرچوون لە بازنەی داخراو، یا سەپاو، یەکێکە لە بابەتەکانی پەرتووکی کوردایەتیو سەربەخۆیی. چاپی ٢٠٠٢ کامیل ژیر لاپەڕە ١١ کە تێیدا هاتووە: (یەکێک لە نهێنییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ، جۆرە بزواندنێکە کە دەرچوونو تێپەڕبوون ئەنجامدەدات لەو بازنەیەی تێیدەکەوێت) بۆ روونکردنەوەی ئەو وتانە کە لەم نووسینەشدا چەنجارێک ئاماژەمان بۆ (بازنەی داخراو) کردووە، دەڵێین: ناتوانرێت پێنج بازنە بە سێ هێڵی رێک لە یەک بدرێت بەبێ دەسهەڵگرتن ئەگەر لە سنووری ئەو بازنانە دەرنەچین وەک لەم وێنانەدا پیشانیدەدەین:

بەوجۆرە دەبینین لە وێنەکانی یەکەمو دووەمو سێیەمدا هەرچۆنێک هەوڵبدەین ناتوانین پێنج بازنەکە بە سێ هێڵی رێک لە یەک بدەین بەبێ دەسهەڵگرتن، چونکە هێڵەکان هەموویان لەناو سنووری بازنەکاندان، بەڵام لە وێنەی چوارەمدا، هەر پێنج بازنەکەمان بە سێ هێڵی رێک لە یەکدا، چونکە لە سنووری بازنەی ٢و٣ دەرچووین. باڵی ریفۆرم تا لە سنووری بازنەکانی یەکێتیی نیشتمانی دەرنەچوو، نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێت.

بەڵام هەر بەو دەرچوونەو بە سازدانی لیستی گۆڕان، جگە لە هاوکارانی ریفۆرم، هاوبیرانی کوردایەتیو رۆشنبیرە سەربەخۆکانو ئاپۆرەی جەماوەرە تینوەکەش بۆ گۆڕان، بەتایبەتی گەنجان کە داینەمۆی گۆڕانو داهێنانو گەشەکردنن، خۆبەخشانە بوونە هاوکاری بزاڤی گۆڕانو شەپۆلەکەش رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر تەوژم دەدات.

ئەوەش وانەیەکی گەورەیە بۆ هاوکارانی گۆڕان، بە هاوبیرانی کوردایەتیشەوە، کە جارێکی دی خۆیان بچووک نەکەنەوەو خۆیان نەخەنەوە ناو بازنەی داخراوی پارتایەتی. با هەمیشە لە پانتایی فراوانو بەرەڵاو کراوەدا روو لە گۆڕانو روو لە داهێنانی تازە بن لەم سەردەمی داهێنانە خێراو سەرسوڕهێنەرانەی زانستو تەکنەلۆجیادا.

هەڵبەت بەرامبەر ئەم دیدوبۆچوونە، دوو پرسیار خۆی دەسەپێنێت:

١ ـ بەپێی پارتایەتی، نەتەوە چۆن دەگاتە ئامانج؟

٢ ـ بەپێی پارتایەتی، حکومەت چۆن دەستەبەر دەکرێت؟

وەڵامی پرسیاری یەکەم لە وتاری (خەزانی پارتایەتیو چەکەرەی گۆڕان)دایە کە لەلاپەڕە (٨)ی رۆژنامەی رۆژنامە ـ ژمارە (٥٠٣) رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢ دایەو دەتوانرێت لە ئینتەرنێتیش سەیر بکرێت. بۆ وەڵامی دووەمیش زۆر بە کورتی: لەرێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە بە شێوازی بازنەیی، نەک رێژەییو لیست. لەم شێوازەدا هەر دەڤەرێک (شار، شارۆچکە، ناوچەو چەند گوندێک) نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت کە دەزانن کێیەو ئەویش دەزانێت نوێنەری کوێیە. لەو نوێنەرانە پەرلەمان پێکدێت. پەرلەمانیش سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێرێتو دەسەڵاتەکانی دیاریدەکات. سەرۆک داوا لە کەسێک دەکات کابینە پێکبێنێت. پەرلەمانیش دەشێ باوەڕی بداتێ یا نەیداتێ، بەوجۆرە سەرۆکو پەرلەمانو حکومەتیش دەبنە نوێنەری راستەقینەی گەل، ترسی دیکتاتۆرێتیو پاوانکردنی دەسەڵاتیش نامێنێت. هەموو ئەو بنەمایانەش لە دەستوورێکی تۆکمەو نوێکار (مۆدێرن)دا دادەرێژرێت کە مەوداکانی پەرلەمانو سەرۆکی وڵاتی تێدا دیاریدەکرێت، نەک ئەو دەستوورەی پارتییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیسەپێنن. لە کۆتاییدا منیش دەپرسم: ئاخۆ ئەگەر باڵی ریفۆرم لە بازنەی داخراوی یەکێتیدا بمایەتەوە، ئەم سەرکەوتنەی بەدەستدەهێناو ئەم خەڵکە زۆرەی لێ کۆدەبووەوە؟



مـەترسیی تێکەڵبوونی ئامانجە جیاوازەکان لەکاتی لەیـــ ڕەوتـی گۆڕان و، دژبەرانی دەستووری هەرێمی کـــ

ئەڵمانیا: جەمال نەبەز



دەستوور بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگە و دایکی هەموو قانوونەکانە و لە سیستەمێکی دێموکراتیدا زامنی مافەکانی تاک تاکی هاونیشتمانانەو، زامنی سنوورەکانێتی و، کاڵایەک نییە کە بەباڵای حیزبێک، یان سەرکردەیەک، یان بنەماڵەیەک ببڕدرێ

هێندەک جار، وا ڕێکدەکەوێ کە داخوازیی دوولایەن، یان چەند لایەنێکی ئامانججیاواز، یان ناحەزبەیەک، بۆ وەدەستهێنانی مەبەستێک، یان دژ بە بابەتێک، بەڕێکەوت وەکیەکیان لێدێ و، ئەمەش دەبێتە هۆی یەکدەنگیی ئەو دوو لایەنە، یان ئەو چەند لایەنە، کە بەم دۆخەش دەگوترێ «بەرەی هەڵکەوت». ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی زانستی ماتماتیکە، کە دوو شتی جیاواز، ئەگەر لەگەڵیەک کۆبکرێنەوە، یان بچنە تەنیشت یەکەوە، یەکناگرن و نابنە شتێکی بەژمارە هاوبابەت. بۆ وێنە: دوو هەرمێ و دوو سێو، نابنە چوار هەرمێ، یان چوار سێو، کچێک و کوڕێکیش نابنە دوو کچ، یان دوو کوڕ.

ئەمە، لە رامیاریشدا هەر وایە. چەند بیروڕایەکی جیاواز، کە بەڕێکەوت، لە داخوازییەکدا، وەکیەکیان لێبێ، بەوە نابنە یەک بیروڕا. بەڵام لەوانەیە سەرلێشێوان دروستبکا و کارەساتی گەورەشی بەدواوەبێ. لێرەدا، هەڵوێستی مرۆڤی رامیاریکاری وریا و ژیر، رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە رێنەدان بە دەستخەڕۆبووندا، ئەگەر هاتو داخوازییەکەی وی، لەکاتێکی تایبەتیدا، لەگەڵ داخوازیی نەیارێکی دا جووتبەرامبەریەک وەستان، نابێژێ «دوژمنی دوژمنم دۆستمە» و نەپارەکەی بە دۆستی خۆی ناگرێ، بەڵکو، ئەوەی لەبەرچاودەبێ کە لەوانەیە، نەیارەکەی هەوڵبدا، لەماوەی هەوڵدانیاندا بەرەوگەیشتن بەو مەبەستە، بەڕێکەوت نێوکۆییە، تەفرەی بداو بە پاشکۆی خۆیەوە بیبەستێ، یان بۆ ئامانجەکەی خۆی کەڵک وەرگرێ لێی، نەمازە، ئەگەر ئەو رامیارە ژیرە، سەر بە لایەنێکی بێهێزتربوو لە نەیارەکەی. کورد، لەم بوارەدا، ئەزموونەکانی کەم نین. هەر بۆ نموونە: یەکگرتنی سەرانی شۆرشی ئەیلوول لەگەڵ دوژمنەکەیان شای ئێران، دژ بە دوژمنێکی هەردوولایان، واتە: سەددام حسەین، کە ئەنجامەکەی بە ئاشبەتاڵی شۆرش دەرچوو. هەروەها، رێکەوتنی «حیزبە» کوردییەکانی عێراق لەگەڵ رژێمی خومەینی، دژ بە رژێمی سەددام و، رێکەوتنی «حیزبە» کوردییەکانی ئێران، لەگەڵ رژێمی سەددام، دژ بە رژێمی خومەینی، لەکاتی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێراندا، کە کیمیاباران هەڵەبجە و سەردەشت و بالیسان و ئەنفال و گەلکوژی لێکەوتەوە. ئەوجا، رێکەوتنی «پارتی" و «یەکێتی» لەگەڵ شیعەکانی عێراق، بۆ بەربەرەکانیکردنی سەددام، کە دوژمنی هەردوولایان بوو، نەک بەسووتی کورد دەرنەچوو، بەڵکو بوو بەهۆی بەهێزکردنی «حیزبی دەعوە»وکردنی بە حکوومەت، کە ئەوەتا ئەوڕۆ، «پارتی و یەکێتی»، سەرکردەی «حیزبی دەعوە» کە مالیکی یە، بە دژبەری گەورەی خۆیان دادەنێن.

ئێستەش، کەکێشەی دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم، هاتووەتەپێشەوە، دەبینین چەند لایەنێکی جیاواز لەیەک، لە کورد و بیانی، دژ بە دەستووری هەرێمن، کە دەستکردی پەرلەمانە ماوەبەسەرچووەکەی «پارتی و یەکێتی»یە. لەنێو دژبەرانی دەستووردا بەرەیەکی دوژمن بە کوردیش هەیە، کە بریتیە لە شۆڤینیستە عەرەبەکان و دارودەستەکانیان ومالیکی وحیزبەکەی وتۆرانییەکان و سوننە دەمارگیرەکان و هەموو داگیرکەرانی کوردستانیش. سەیر ئەوەیە، هێندێک لەم «پیاوچاکانە» ماستاو بۆ لایەنگرانی ڕەوتی گۆڕان دەکەن و، پەسنی دەدەن و ئافەرین دەکەن لێی کە دەستووری هەرێم و فەرمانڕەوایی «پارتی و یەکێتی» بەسەر کوردستانەوە دەدەنەدواوە. هێندەک لە ماڵپەڕە کوردییەکانیش، ئەم هەواڵانە بێ لێدوان و شیکردنەوە بڵاودەکەنەوە و مێدیاکانی، «پارتی و یەکێتی»یش بێویژدانانە و نەزانهەڵخەڵەتێنەرانە، باس لە «هاوکاری» و «هاودەنگیی» ڕەوتی گۆڕانخوازان و ئەم دژبەرانەی کورد دەکەن. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم ڕۆنکردنەوەیەکی ئەم ئاڵۆزییە بخەمە بەرچاو.

ئامانجی ئەوانەی کە بەراستی هەوڵی گۆڕانێکی بنچینەیی دەدەن لە سیستەمی فەرمانڕەوایی کوردستاندا، چەسپاندنی دێموکراسی و مافە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانە، کە خۆی لە ئازادی و یەکسانی و گێڕانەوەی بستبەبستی خاکی داگیرکراو و، لە درۆشمی «یان کەرکووک و خانەقین، یان تاماوین دەجەنگین» دا دەبینێتەوە کە ڕەوتی گۆڕان هەڵیگرتووە. ئەم ئامانجانەش زۆر جیاوازن لە ئامانجەکانی حەنین قەدۆ و عەلی ئەدیبی سەر بە «حیزبی دەعوە» و «کوتلەی ٢٢ی تەموز» و ئەحمەد بەیاتیی ترکمانی سەر بە مالیکی و داگیرکەرانی کوردستان، کە نەک هەر دژی دەستووری هەرێمی کوردستانن و بەس، بەڵکو دژ بە هەموو مافێکی کوردن. دەنگدان دژ بە دەستووری پارتی ویەکێتی، لەلایەن کوردێکی سەر بە ئاینی ئێزدی، یان یارسان (کاکەیی) یان شەبەک یان هەققەکە داوای جێکردنەوەی مافی باوەڕدارانی ئەم ئاینە کوردییانە دەکەن لە دەستووردا، هەروەها ژنێکی ڕۆشنبیر کە داوای چەسپاندنی مافی یەکسانیی ژن دەکا لە دەستووردا و، داخوازیی لاوێک و کرێکارێک و خوێندکارێک و مامۆستایەک و مووچەخۆرێک و خێزانی شەهید و ئەنفالکراوێک و کەمئەندامێک و جۆتکارێک و لۆریهاژۆرێک، هیچ پێوەندییان نییە بە ئامانجی داخوازیی ئەوانەوە کە چاویان بە وشەی کوردستان هەڵنایە. لەیەکچوونی داخوازیی لە کاتێکی تایبەتیدا، مانای وەکیەکیی ئامانج نییە.

ئەو قورە خەستەی کە ئێمەی تێکەوتووین، قورپی داگیرکراویی کوردستانە، لەلایەن چەند دەوڵەتێکی رژێم دکتاتۆریی کورددوژمنەوە. لەبەرئەوە، هیچ ئامانجێکی وەکیەک لەنێوان کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا، بەخۆیان و کۆلکەکانییانەوە، نییە و نابێ. هەر لەبەر ئەوەشە کە نابێ هیچ سکاڵایەکی خۆمان لەدەست گەندەڵی و بێدادیی فەرمانڕەوایانی هەرێم، ببەینە بەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانو داوودەزگەکانیان، بۆ وێنە: «دادگەی فیدراڵی عێراق»، لەکاتی دەستێوەردانی «پارتی و یەکێتی» لە ڕەوتی هەڵبژاردندا، بەڵکو دەبێ شکات و گلەیی خۆمان ببەینە بەردەم ویژدانی نەخەوتووی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ئازادیخوازەکانی جیهان و، ئەمەش بە ئاشکرا جەخت بکەین.

لەسەروبەندی بریاردانی ئەمریکادا بۆ ڕووخاندنی رژێمی سەددام، داخوازیی ئەمریکا لەم بارەیەوە، وەک داخوازیی کوردی لێهات. بەڵام سەرکردەکانی «پارتی و یەکێتی» هێندە خۆیان ماندوو نەکرد، ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن، تا بزانن، ئەمریکای بەشداربوو لە هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول و پشتگیریکەری رژێمی ترک لەهەموو ئەو بێدادییەدا کە لەماوەی ٧٥ ساڵی دواییدا، لە کوردی کردووە و دەکات، ئایا ئەمجارە لەبەر خاتری کوردە کەوا سەددام دەڕووخێنێ و، ئایا ئامانجی ئەمریکا لەگەڵ ئامانجی کورد لەم کارەدا یەکدەگرنەوە یان نەخێر، ئەم پرسیارانە نەکران و، تێبڕەو تێبکوتە، کەوتنە پێش مارینزەکان و، ئەوەبوو ئەمریکا توانی بەنرخێکی یەکجار هەرزان سووتێکی زۆر گەورەو گران لە هاوکاریی کورد وەربگرێ. ئەم بابەتەشم بەر لە پەلاماردانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و لەرۆژی پەلاماردان و پاش ئەوەش بەماوەیەکی کورت خستووەتە بەردەم سەرکردەکانی «پارتی و یەکێتی» و لە هەفتەنامەی «میدیا» و هەفتەنامەی «هاوڵاتی»دا، لەوکاتانەدا، بڵاوکراونەتەوە. بەڵام گوێنەگیرا لێیان. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێستە جۆن بایدن هێندە دەروەست نییە سەرێکی هەوڵێر بدا، کە بەپێی میدیاکانی پارتیو یەکێتی «لەبەر خۆڵبارین» نەهاتووە. کورد گوتوویانە «بیانووی تڕ نانی جۆیە».

هەرچی دەستووری هەرێمە، ئەوا دەزانین کە ئەمە ١٨ ساڵە هەل هەڵکەوتووە بۆ ئامادەکردنی دەستوورێکی پتەو کە بخرێتە بەردەم جەماوەری کوردستان بۆ وتوویژکردن لەسەری و ئەوجا پەسندکردنی لەکاتی خۆیدا. هەر خۆشم چەندجار لەسەر ئەم بابەتە قسەمکردووە، بەڵام گوێنەگیرا لێی و، دڵنیا بووم لەوەی کە «پارتی» و «یەکێتی» لامسەرلایی دەڕواننە دەستوور. لەبەر ئەوە کاتێک کە بەڕێز دوکتۆر نووری تاڵەبانی، چەند جارێک رووینالیم، هاوکاریی بکەم بۆ دانانی دەستوور، خۆم کێشایە دواوە، کە رەنگە دڵیشی ئێشابێ لێم، بەڵام ئێستە وا بۆی دەرکەوتووە کە لەسەر هەق بووم، چۆنکە گوێیان لەویش نەگرت و ئەوەبوو، وەک تاکە ئەندامی پەرلەمان، دژ بە «دەستوور» دەنگی دا.

ئەوڕۆ، زارۆیەکی ساواش سەریسووڕدەمێنێ لەوەی کە ئەم دوو حیزبە ١٨ ساڵ لە ئاش درەنگیان بەسەر چووە، کەچی وا لەم دواییەدا لەڕێگە کەوتوونەتە راکردن و، دەپرسن ئاخۆ لەبەرچییە ئەم پەلەپەلە درەنگکاتە کە پەرلەمانەکەیان ماوەی بەسەرچووە و، هەڵبژاردن چەند ڕۆژێکی ماوە. وادیارە ئەم بەرێزانە، دەستووریش وەک ئەو «کۆڕی زانیاری»یە

دەنگدان دژ بە دەستووری پارتی ویەکێتی، لەلایەن کوردێکی سەر بە ئاینی ئێزدی، یان یارسان (کاکەیی) یان شەبەک یان هەققەکە داوای جێکردنەوەی مافی باوەڕدارانی ئەم ئاینە کوردییانە دەکەن لە دەستووردا، هەروەها ژنێکی ڕۆشنبیر کە داوای چەسپاندنی مافی یەکسانیی ژن دەکا لە دەستووردا و، داخوازیی لاوێک و کرێکارێک و خوێندکارێک و مامۆستایەک و مووچەخۆرێک و خێزانی شەهید و ئەنفالکراوێک و کەمئەندامێک و جۆتکارێک و لۆریهاژۆرێک، هیچ پێوەندییان نییە بە ئامانجی داخوازیی ئەوانەوە کە چاویان بە وشەی کوردستان هەڵنایە. لەیەکچوونی داخوازیی لە کاتێکی تایبەتیدا، مانای وەکیەکیی ئامانج نییە

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری کەسیەتی سلێمانی

ژمارە: ٢٤٩٢/ش/٢٠٠٨
رۆژ: ٢٠٠٩/٧/٨

(ئاگانامە)

داواکار: ـ ڕێزان کمال محمد
داوالێکراو: ـ گوڵەباخ صالح محمد
داواکار (ڕێزان کمال محمد) داوایەکی بە ژمارە (٢٤٩٢/ش/٢٠٠٨) لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای (نفی نسل)ی ئەو دوو منداڵە بەناوی (نەوزاد سوێسنە) وە (إثبات النسب)ی لەخۆی.
وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى (٢٠٠٩/٨/٩) سەعات (٩:٣٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان ریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
داوالێکراو: گوڵەباخ صالح محمد

دادوەر
عمر أحمد محمد

ونبوون

پسوڵەیەکی بارمتەی شارەوانی قەلادزێ بەناوی (سەلام حسن خدر) کە بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار بە ژمارە (٩٥٥٥٦٢) کە لە (٢٠٠٩/٣/٣٠) دەرچووە ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٥١١٠٦٥)

پێناسێکی هاوردەو ناردەی (استراوو تصریر) بەناوی (سەردار سمین رشید) بە ژمارەی (١٥٩٠ فچی) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٩٦٠٥٣٤)

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری کەسیەتی سلێمانی

ژمارە: ٤٤٠/ش/٢٠٠٩
رۆژ: ٢٠٠٩/٦/٢٩

(ئاگانامە)

داواکار: ـ سوارە صدیق سعید
داوالێکراو: ـ نجاه علی سعید
داواکار (سوارە صدیق سعید) داوایەکی بە ژمارە (٤٤٧/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای پەسندکردنی زواجی دەرەکیت لێ دەکات (اپیان زوجیه) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى (٢٠٠٩/٧/٢١) سەعات (٩:٣٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان ریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
تێبینی/
دادگا بریاری دارشتنی سوێندی یاسای دا بەم شێوەی لای خوارەوە بۆ داوا لەسەرکراو لەبەر ئەوەی لەبەردەم دادگا ئامادە نابێ. (أقسم باللّه العظیم انی لم اتزوج بالمدعو (سواره صدیق سعید) بقصد زواج حر من خارج المحکمه بتأریخ ١٩٩٦/٣/٢١ وعلی مستحقة المهر من المعجل (٢٠) مثقال منزهه الخالص والمؤجل (١٠٠) مائة لیره رشادیه ولا قبل هذا التأریخ ولا بعده واللّه).

دادوەر
مەحمود محەمەد مەحمود

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٧ – R١

پرۆژە: پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی زۆنی (H) باوە مورده لە ڕاپەرین.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٦٠٠٠٠٠٠) سیو شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٦ – R٥

پرۆژە: دروستکردنی خوێندنگای (شەش) پۆلی لە سەنگەسەر.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٥ – R٥

پرۆژە: دروستکردنی (دوو) خوێندنگای چوار پۆلی لە سەنگەسەر.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٨ – R٣

پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکی (شارەوانی + ئازادی) لە باوەنوور.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٢ – R٥

پرۆژە: لێدانی بیری قوڵ بۆ گوندەکانی (گەرمکان + بەردەشان + سۆفیان + هەنجیرە) لە ناحیەی بنگرد (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٠ – R١

پرۆژە: لێدانی بیری قوڵ بۆ گوندی چۆرک لە شارباژێر (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

لیستی گۆڕان؛ تەکاندنی ئەفسون لە دەسەڵات



بابەکر دڕەیی

ئەفسون چییە؟ ئەو قسانەی جادوباز لە بن لێوەوە دەیانکات.
قسە یا ئەداو ئەتوارێک کە پیاو لە خشتە دەباتو هەڵیدەخەڵەتێنێت)
(قاموسی زمانی کوردی: زەبیحی)

بارودۆخی کوردستان بە روونی ڕووەو وەرچەرخانێکی سیاسی دەڕوات. ئەم وەرچەرخانو گۆڕانە چەند گروپو لایەنێکی خستووەتە حاڵەتی هۆشیاریو ئامادەباشییەوەو هەر یەکەیان بە جۆرێک لە مەسەلەکان دەڕوانـو شرۆڤەی دەکەن. هەریەکەیان لە دیدگای تایبەتیو بەرژەوەندیی فیکریو سیاسییانەوە دیاردەو پێشکەوتنە سیاسییەکان دەنرخێنو سەرئەنجام هەرکام لەو لایەنانە کۆبەندێک بۆ بیروڕاکانیان پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکەن.

مافی خوێنەری کوردە لە رووپەڕی ڕۆژنامەو سایتەکاندا حەقیقەتی مەسەلەکان بە راشکاوی بخرێتە بەردەستیو تابلۆیەکی رۆشنی لەبارەی دۆخەکەوە لە بەرچاو هەبێت.

سێ لایەن بە گەرمی سەرقاڵی دۆخی سیاسیی کوردستانو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو هەبوونی لیستی جیاواز وەک کاکڵەو جەوهەری مەسەلەکان دەبینن. ئەم لایەنانەش بریتیین لە:

یەکەم: رۆشنبیرانی دیموکرات لە دەرەوەی حیزبو گروپە سیاسییەکانو ژمارەیەکی دیکەی خەڵک کە وەک ئەوان بیردەکەنەوەو دیدگاکانی ئەوانیان لە ئاستی فیکریو عەمەلیدا قبوڵەو تا رادەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لە سەر شەقامو زانکۆو خوێندنگاکان هەیە.

دووەم: هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان کە خۆی لە کادیرە باڵاکانی (ی.ن.کو پ.د.ک)دا دەبینێتەوە، لە پەراوێزی ئەوانیشدا دەیان رۆژنامەنووسو قەڵەمبەدەستی سەر بەو میتودە فیکرییەن کە پاساو بۆ دەسەڵاتو ئەزموونی حوکمرانی دەهێننەوە.

سێیەم: خوازیارانی عەدالەتو گۆڕانی دیموکراتییانە لە سیستمی سیاسیی کوردستاندا، کە ئەمیش ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیرانی حیزبیو ناحیزبیو کادیرە باڵاکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو قەبارەیەکی بێشومار لە کۆمەڵانی خەڵک لە سێبەریدا کۆبوونەتەوە.

لێرەدا دەشێت بە کورتی سەبارەت بە دیدگاو ئامانجو نیگەرانی هەر کام لەم گروپانەو ئەو هێزە سیاسیو فیکرییانەی لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا کەوتوونەتەخۆ هەندێک زانیاری بە خوێنەر بدەینو وابکەین باشتر لە ئێستا گۆڕەپانی سیاسی بۆ زەینو مێشکی خەڵک شەفاف بکەین.

نیگەرانییەکانی گروپی یەکەم، کە رۆشنبیرانی دڵسۆزی وڵاتو کەسانی دیکەی نا حیزبی لەخۆ دەگرێت لە بناغەدا سەبارەت بە چۆنێتی بیرکردنەوەو رەفتاری دەسەڵاتی سیاسییە لە کوردستان.

ئەم توێژە رۆشنبیرە بە ئەزموونی خۆیو وردبوونەوە لە مێژووی ١٨ ساڵەی دەسەڵاتدارانی وڵات بۆیدەرکەوتووە کە رەگەکانی دیموکراسییەتو پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی یەکدی قبوڵکردنەوە لە ناو حیزبە براوەکانی کوردستاندا قوڵنینو هەر ئانو ساتێک هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتی بیەوێت گـۆڕانو وەرچـەرخـانـێـک لە گۆڕەپانی سیاسیدا پێکبهێنێت رووبەڕووی تەحەدای گـەورەو پێشهاتی حساب بۆ نەکراو دەبێتەوە.

ترسی رۆشنبیرانو خوێندەوارانی ناحیزبیو رۆژنامەنووسانی دەرەوەی دەسـەڵات ترسێکی رەوایـەو لە شوێنی خۆیدایە.

١٨ ساڵی رابردوو سەلماندی کە پارتە سیاسییەکانی دەســەڵات دوای چەندین قۆناغ لە شەڕی ناوخۆو دیالۆگ لەگەڵ دەیان وەفدی بێگانە ئینجا توانیویانە بە دابەشکردنی حکومەتو پەرلەمان رازیبنو پێکەوە بژین.

بە واتـایـەکـی دیـکـە دوو حیزبی دەسـەڵاتـدار کە لە رووی ئایدۆلۆژیاو بـیـروڕاو سیاسیو فیکرییەوە بـەرەو یەکانگیرییەکی چاوەڕوانکراو هەنگاو دەنێنو بە میکرۆسکۆب جیاوازییەکانیان دەدۆزێتەوە، دوای چەندین ساڵ لە شەڕو ململانێ ئینجا رازیبوون پێکەوە وڵات دابـەش بکەنو سەروەتەکەی وەک برا بخەنە گیرفانی خۆیانو پاسەوانەکانیانەوە، بۆیە هێشتاش گومانی ئەوەی کە هێزێکی دەرەوەی خۆیان قبوڵ بکەن ئێجگار زەحمەتترە لـەوەی کە دەشێت خەیاڵی مرۆڤ بەلایدا بچێت.

هێزەکانی دەسەڵات بەرنامەو پێڕەویان ئاشکرایەو حاڵەتێکی شاراوە لە دیدگاو جیهانبینییاندا نابینرێت.

سەرەتاو کۆتایی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان داکۆکیکردنە لە دەسەڵاتی سیاسیو بەرژەوەندییە شەخسییەکانیان.

لای ئەمان ئازادیو دیموکراسییەت ئامانجێک نییە کە دەبێت بیپارێزن یان ئـەگـەر تەنانەت بـە قیمەتی شکستی خۆیشیان تەواو بێت، داکۆکی لێ بکەن، ئەمان ئـازادیـو دیموکراسییەت وەک ئامرازێک دەبینن بۆ مانەوەی حیزبەکانی خۆیانو بەس، بەدەر لەوە دیموکراسییەت ئاژاوەیەکی دەسکردی تابوری پێنجەمەو شایستەی لێدانو سوککردن.

وتەکەی لورد ئەکتن: «ئازادیی ئامرازێک نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیی بەرزتر، خودی ئازادیی بریتییە لە بەرزترین ئامانجی سیاسی» بەلای حیزبە سیاسییە دیموکراتو سۆسیال دیموکراتەکانی کوردستانەوە بەهایەکی فیکریو مۆراڵی وای نییە کە شایستەی ئەوە بێت پابەندییان بۆ دروست بکات. ئەوان دەیانەوێت دوای ١٨ ساڵ لە دەسەڵات بمێننەوەو بەم شێوەیەی ئێستا کە جێگەی نیگەرانیی هەموانە درێژە بە دەسەڵات بدەنو نەک هیچ کەس نەتوانێت لە گرتنی دەسەڵاتدا رکەبەریان بکات، بەڵکو شتێک بە ناوی ئۆپۆزسیۆنو رکابەر لە وڵاتدا وجودی نەبێتو ئەگەر هەشبێت بەزەبری پەلاماری راگەیاندنو هێرشی بەرنامەداری «لەشکری قەڵەمبەدەستانی حیزب» بفەوتێتو لە رەگەوە هەڵکێشرێت.

گروپی سێیەم خوازیاری گۆڕانکارییە لە کۆی سیستەمی بەڕێوەبردنو دادوەریو یاساداناندا.

هێزی سێیەم خوازیاری ئەوەیە ئەفسونی دەسەڵات بتەکێنێتو بیخاتەوە سەر رەنگە ئەسڵییەکەی خۆی. ئەو رەنگەی کە بە تەکاندنێکی بەهێز نەبێت دەرناکەوێتەوەو هاوڵاتییانی کوردستان ناتوانن لەو هێزە تێبگەن کە ١٨ ساڵە حوکمڕانیان دەکاتو لە ژێر پەردەیەکی ئەستووری زاراوەو دەسـتـەواژەی وەک: ئەزموونی ساوا، گەلەکۆمەکێی دوژمنان، سەروەرییەکانی رابـردوو، چاوسوورکردنەوەی ناوەند، قارەمانێتیو گەورەیی سەرکردەکانو... هتددا خـۆی حـەشـاردراوەو لە رێگای ئەفسونێکی روحی خەڵتینەرەوە درێژە بە هەڵوشینی نایاساییانەی ئابووریو سیاسەتی وڵات دەدات.

هێزی سێیەم پێیوایە لەم ململانێ سیاسییە مێژووییەدا بۆ خاوێنکردنەوەی تەویلە ئۆژیاسییەکانی دەسەڵاتی کوردی تەریکو تەنیا نییە.

کەسانێکی زۆر لە ناو خودی بەرەی دەسـەڵاتـدا پلەو پایەو بەرژەوەندییە مادییو مەعنەوییەکانییان بە ئەندازەی سەرکەوتنی دیموکراسی لا گرنگ نییەو لە گشت کاتێکدا ئامادەن رێز لە بڕیاری میللەتو ئەنجامەکانی ئەو نەبەردە بگرن کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەیخوڵقێنێت.

نووسەرانو رۆژنامەوانانی ناو دوو حیزبی دەسەڵاتداریش کەم نین کە لە ناخی ناخەوە بەرنامەی هێزی سێیەمیان قبوڵەو پێیانوایە پرەنسیپی دیموکراسییەت ئەوە دەخوازێت کە دەبێت بەپێی رێساکانی گەمەکە رەفـتـار بکرێت نـەک بە پێی میزاجو بەرژەوەندیی بچووکی شەخسیو بنەماڵەیی.

پێیانوایە بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەت لە سـەرووی قازانجی شەخسی ئەوانو حیزبەکەیانەوەیەو هەوڵدانی ژمارەیەک لە کادیرەکانی راگەیاندنی دەسەڵات بۆ تیرۆری شەخسیەتو فەوتاندنی مەعنەوی رابەرانی ئۆپۆزسیۆن کارێکی ناشرینو دور لە مۆراڵی سیاسیو ئینسانییە.

هیزی سێیەمی کوردستان کە بە ناوی لیسی گۆڕانەوە هاتووەتە مەیدانی سیاسەتەوە، ئێستا بە کـردەوە هێزی دووەمـەو بـەرەی یەکەمیش کە بەرەی رۆشنبیرانی سەربەخۆیە پشتگیریی مەعنەوی پێدەبەخشنو لە رەهەندێکی دوورمـەوداتـردا تـیـۆریـزەی ئامانجو سیاسەتەکانی دەکەن.

ئـەوەی زۆر گرنگو جـێ سەرنجە ئـەوەیـە، بزانین ئاخۆ بـەرەی گـۆڕان دەتوانێت لە مـەودای قابیلی پێشبینیدا ئەفسونی دەسەڵاتی کوردی کە خۆی لە بێمنەتیو غروری بێمەعناو بیرۆکراتییەتی کارنەکەرانەو هاشوهوشو نەعرەتەی پوچی نـەتـەوەپـەرسـتـانـەو دزییەکی بێشەرمانەی سامانی میللەتدا دەبینێتەوە، هەڵتەکێنێتو ئەخلاقێکی سادەو سیاسەتێکی بەرنامەدارو پێداگرییەکی بێدەنگ لە سەر مافە نەتەوەییەکان پیادە بکات؟

هەمووومان دەنگ دەدەیـن بە لیستی گـۆڕان، چونکە پێمانوایە لە ئاست ئەو خواستانەدا دەبێتو لێی چاوەڕواندەکرێت دەسکەوتی زیاتری لێبکەوێتەوە.

وەڵامی لیستی(گۆڕان) چییە لە هەمبەر پرسی ئایین لە کوردستان؟

ئارام عەلی سەعید

«ئایین دەرگایەکە بـەرەو رووی جیهانێکی دیکە دەبێت، ببێت»

عەلی شەریعەتی

ڕەهەندی ئایینی لە ژیانی ڕۆژانـەی خەڵکی کوردستاندا زەمینەی قوڵی هەیەو تێکەڵ بە نەریتو کلتوورە کۆمەڵایەتیو مێژووییو دیاردە باوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بووە، ئەمەش وایکردووە فەرامۆشکردنو دەسـتـبـردن بـۆ هـەنـدێـک لـە تقوسو رێوڕەسمە پیرۆزەکان کە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر جولە رۆژانەییەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان کاریگەریی نێگەتیڤ بەجێبهێڵێت لە زیهنی هەر یەکێک لەمانەدا.

کەواتە لە هاتنەپێشەوەی هەر پێشهاتو بڕیارێکی گشتیدا کە پێوەندیدار بێت بە ژینی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو بوارەکانی دیکەوە بۆ تاکی کورد، پێویستە رەچـاوی ئەم روانگەیە بکرێت لەپێناو بەرجەستەبوونی کۆدەنگییەکی بەهێزی پێکەوە گرێدراو کە گوزارشتی راستەقینە بکات لە خواستو ئارەزوو و ویستەکانی جەماوەر، لەبەرئەوە لانەکردنەوە بەلای هەریەکێک لەو بنەمایانەی کە ئیرادەی زۆرینەی لەسەر بەندەو نەخشی هەیە لەسەر تێڕوانینەکانی تـاکو کۆمەڵگە، دواجار دەرئەنجامێکی تەندروستی نابێتو پێدەچێت کاردانەوەکانیشی بە ئاڕاستەی ناواقعیدا بچن کە دینو پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام یەکێکە لەمانە کە لە هەموو ساتەوەختە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا بە ئەندازەی وەرگرتنی لە نێو کۆمەڵگەکەیدا ئەم کاریگەرییە دیارەی هەبووە.

هەنووکەش ساتەوەختی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی کوردستانەو زۆربەی ئـەو لیستو قـەوارە سیاسییانەی کە بەشدارن لە پرۆسەکەدا بەرنامەو ئامانجو پرۆژەکانی خۆیان بۆ جەماوەر دەخەنەڕوو، یەکێک لەو لیستانەی کە لە دەرەوەی ئیرادەو دەسەڵاتو ئایدۆلۆژیای سیاسی حیزبەکانەو تا ئەندازەیەک جێگای متمانەو ئومێدی خەڵکی کوردستانە بریتییە لە(لیستی گۆڕان) کە لیستی (نەوشیروان مستەفا)یە، ئەم لیستە تا ئەم ساتەش بیروبۆچوونی خـۆی تایبەت بە کـۆی ئـەو مەسەلانە خستووەتەڕوو کە پێوەندیدارە بە زۆربەی لایەنە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی ئیداریی خەڵکی کوردستانەوە، بـەڵام لە بیرمان نەچێت ئەم لیستە تا هەنووکە لە رووی فیکریو ئایدۆلۆژیای سیاسییەوە بارگاوییە بە فیکری سیاسیی کەسی یەکەمی، کە نەوشیروان مستەفایە، ئەم کەسایەتییە لەم کاتەدا دەبێت هەست بـەوە بکات کە جـەمـاوەر لە ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی رابردووی دەڕواننو تا ئەندازەیەک ئاگادارنو لەوانەیە بە هەمان کەسایەتی چەپی مارکسیستی نێو ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی دوێنێ وێنای بکەن، ئەو خەڵکانەی کە هەستو سۆزی دینیو دروشمە ئایینیو رۆحییەکان کەپنونەی هەیە لە سلوکەتیاندا، لێرەدا هەڵوەستە دەکەن لە هەمبەر ئەو بانگەشەو داوایانەی کە لیستەکەی نەوشیروان مستەفا وەکو خواستێکی گشتیو هەمەلایەنە لێی دەڕوانێت.

هەمیشە ئەو ئیحساسە لای خەڵکی دروست دەبێت، گەرچی ئەم بزووتنەوەیە کـە نـاوبـراو رابـەرایـەتـی دەکـاتو بانگەشەکانی بەوشێوەیە کە بۆ گۆڕینی گوزەرانی ژیانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام لە رووی پیرۆزییو سروتە ئایینییەکانەوە ئـاسـۆی نـادیـارو کەشێکی ناڕۆشن دەپێنرێت بۆ بەرنامە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانو سەرکەوتنی ناوبراو لە پرۆسەکەدا، کە لەوانەیە ئەم وێنەیە دەستێک یان کەسانی دەرەوەی کاک نەوشیروان کە ناحەزبن، بیورووژێنن تاوەکو نەیاری بۆ زۆربێتو لەو درزەوە بێنە ناوەوە!

> **جێگای خۆیەتی راشکاوانە سەرۆکی لیستی (گۆڕان) کە گۆڕینی دەوێت وەڵامی کۆمەڵێک پرسی گرنگ سەبارەت بە ئایینی ئیسلام وەکو ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بداتەوە، تاوەکو متمانەی زۆینەش بەدەستبهێنێت، دەبێت ئاگای لەوە بێت کەکۆمەڵێک دەنگی بێلایەن هەیەو ئینتیمای بۆ دروشمو پرۆژەکانی لیستی(گۆڕان)ە چ لەنێو خەڵکی مەدەنی ئاساییداو چ لای کەسانی نەخوێندەوارو سادەو چ لەنێو پارتە ئیسلامییەکانی کوردستاندا**

ئا لێرەوە جێگای خۆیەتی راشکاوانە سەرۆکی لیستی (گـۆڕان) کە گۆڕینی دەوێـت وەڵامـی کۆمەڵێک پرسی گرنگ سەبارەت بە ئایینی ئیسلام وەکو ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بداتەوە، تاوەکو متمانەی زۆینەش بەدەستبهێنێت، دەبێت ئاگای لەوە بێت کەکۆمەڵێک دەنگی بێلایەن هەیەو ئینتیمای بۆ دروشـمو پرۆژەکانی لیستی(گۆڕان)ە چ لەنێو خەڵکی مەدەنی ئاساییداو چ لای کەسانی نەخوێندەوارو سـادەو چ لەنێو پارتە ئیسلامییەکانی کوردستاندا کە بە دەیان کادیرو ئەندامیان هەیە هاوسۆزە لەگەڵ ئەو فێستیڤاڵە جەماوەرییەدا کە (گۆڕان) کاری بۆ دەکاتو وەکو دەڵێن بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەریی دوور لە ئایدۆلۆژیای حیزبن.

ئایا وەڵامـی گـۆڕان چییە لە هەمبەر ئیسلام کە ئایینی نەتەوەکەمانە؟ لەهەمبەر پیرۆزییە دینییەکانی نەتەوەی کورد؟ لەمەڕ ئەو مێژووە بەرینو فراوانەی کە پێوەندی نێوان ئیبسلامو کورد دەستنیشاندەکات؟ لە بەرامبەر ئەو ئیحساسو تێکەڵبوونەی نێوان مسولمانانی کورد بە بنەما شەرعیو هەڵوێستە نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام لە دەقـە جێگیرەکاندا؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دی لە زیهنو بیرکردنەوەی ئەم شەقامەدایە، بۆیە پێویستە لیستی (گـۆڕان)و سەرۆکەکەی گەر دەیانەوێت رای هەموو چینو توێژەکان بەدەستبهێنن بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان وەکو دەرفەتێک کە چەند رۆژێکی ماوە، روونکردنەوەو پەیامی تایبەتی خۆیان لەمەڕ ئەم پرسەش هەبێت وەکو پرسە کانی دی، کە ئەمەش بەشێکی گەورەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان پێکدێنێتو دواجار هەمووان خۆیان بەبەشدار دەزانن لەم پرسە مێژووییەدا.

aramee_ali@yahoo.com

ڕاگەیاندنی پێوانەی دەنگی کەمکردنەوە

لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

دەنگدەران بە خێرایی

- لە کاتی دەنگدان بە قۆناغەکانی سامسە دەبێت کە ئەنجامەکانت پێکهاتەکانی کاتەکە دەنگدان بە پێچەوانەی یاسا (✓) لە خانەی بەڵێن بەرەو ناوی تەو قۆناغە بکەیت دەبێت کە هەڵبژاردنەکانی عەراقدا دەکرێت.
- لە کاتی دەنگدان بە قۆناغەکانی سامسە دەبێت کە ئەنجامەکانت پێکهاتەکانی کاتەکە دەنگدان بە پێچەوانەی یاسا (✓) لە خانەی بەڵێن بەرەو ناوی تەو قۆناغە بکەیت دەبێت کە هەڵبژاردنەکانی عەراقدا دەکرێت.

ناسنامەی کاندیدەکان

ژمارە	ناو	وێنە
١١	احمد محمد رسول نبی (سلێمانی حاجی تیتۆ محمد)	
١٢	مەسعود بەرزانی	
١٣	حسێن کەرەمانی	
١٤	ملێڤ ئەرامیەم احمد	
١٥	د.کەمال میرئەوەلی	

ڕاگەیاندنی ڕەوشی دەنگدان

- ئەو هەڵبژاردنە سەلێنەت هەڵبژاردنی کۆتەنگان نیشانەکە (✓) لە خانەی بەڵێن بەرەو ناوی تەو پاڵێوراوە دابنێت کە هەڵبژاردنەکە بۆ پێشکەشکردنی سەلێنەت هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان.

ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی
بە ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکە:
٢٠٢٠ ٧٧٧٧ ٧٧٧٧ ئۆفیس
ئیمێل: info@ihec.iq

گۆڕان
٥٧
بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات
التغيير CHANGE گۆڕان
No. 14 Date. 12-7-2009
٢٠٠٩-٧-١٢
ژمارە: (١٤)

نەوشیروان مستەفا:

کار بۆ ئەوە دەکەین حیزب لەشکری تایبەتی خۆی نەبێت، دارایی وڵاتی بە دەستەوە نەبێت

بۆ ل٣

وتەبێژی لیستی گۆڕان: ئەرکی سەرەکی لیستی گۆڕان، داڕشتنی دەستوورێکە کە هەموو خەڵک بەشداربن لە داڕشتنیدا

پشتیوان سەعدوڵڵا

وتەبێژی لیستی گۆڕان ئاماژە بەوەدەکات، لە پەرلەمانی داهاتوودا ئەرکی سەرەکی لیستی گۆڕان، داڕشتنی دەستوورێک دەبێت کە بەرگری لەبەرژەوەندیی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بکاتو هەموو خەڵکی کوردستان بەشداربن لە داڕشتن و دەنگدانیدا.

دوای هەوڵێکی زۆری لیستی گۆڕان و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارێزەران و پزیشک و مامۆستایان و یاساناسان و خوێندنکاران کۆمسیۆنی باڵا بڕیاری ئەنجامدانی راپرسی لە ٧/٢٥دا ڕەتکردەوەو پرۆسەکەی دواخست، کەئەمەش سەرکەوتنی ئیرادەی میللەت بوو بەسەر ئیرادەی دەسەڵاتدارانداد.شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی گۆڕان رایگەیاند: لەپەرلەمانی داهاتوودا ئەرکی سەرەکی لیستی گۆڕان داڕشتنی دەستوورێک دەبێت کە بەرگری لە بەرژوەندیی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و بەرگری لە مافی مرۆڤ بکات و هەموو خەڵکی کوردستان بەشداریبکەن لە داڕشتنیداو دەنگی پێبدەن.

وتیشی: «کاتێک خەڵکی کوردستان دەبێتە خاوەنی پرۆژەی دەستوورێک کە هەموومان پێکەوە دامانناوە و ئەو کاتەش پێکەوە بەرگری لێدەکەین و هیچ ناحەزو دوژمنێکیش ناتوانێت لەدژی بوەستێت».

بەهیچ جۆرێک چاودێریی هاوڵاتی ناکرێت لەکاتی دەنگداندا و قەڵەمی دەنگدانیش بێکێشەیە

نیان مەجید

کیانە سیاسییەکان بەرپرسیارن لە هەر پێشێلکارییەک و بەهیچ جۆرێکیش چاودێریی هاوڵاتی ناکرێت لەکاتی دەنگداندا.

هەندرێن محەمەد، بەڕێوبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وتی: «کارتی هەڵبژاردنەکان لە ١٥ ی مانگدا لە چینەوە دەگاتەوە کوردستان و لەگەڵ ئەوەشدا راهێنانی کارمەندانی سەر سندوقەکان بەردەوامەو ئەو کارمەندانەش بە چوار ئاست دابەشدەکرێن بەسەر سندوقەکاندا. ئاستی یەکەم راهێنەری ناو ئۆفیسەکانە، ئاستی دووەم بەڕێوبەری ناو ناوەندەکانی تەواوی دەنگدەرانە، ئاستی سێیەم بەڕێوەبەری وێزگەکانە لەسەر ناوەندەکانی دەنگدان، ئاستی چوارەم ئەو کارمەندانەن کە لەناو وێزگەکاندان، وردەکارییەکانیش بەرێکی و هەمووی لەکاتی خۆیدا تەواودەبێت».

جۆرێک لە ترس لای خەڵک هەیە بەوەی کە چاودێرییان دەکرێت لەکاتی دەنگداندا. هەندرێن ئەوەی بە دوور زانی و وتی: «ئەو قسانە هیچی راست نییەو دوورە لە بنەماکانی دەنگدانێکی ئازاد، ئەگەر هەرکارێکی بەو جۆرە بکرێت ئەو دەنگە ڕەتدەکرێتەوەو ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکرێت و بەپێشێلکاری حساب دەکرێت.

بەپێی ئەو یاسایەی کە هاتووە ئەگەر پێشێلکارییەکە زۆر بێت چەند بنکەیەک بگرێتەوەو کاریگەری لەسەر کورسییەکان هەبێت، ئەوا کیانە سیاسییەکە دەچێتە ناو پێشێلکارییەوە.

بەڕێوبەری ئۆفیسی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەولێر ئەو قسانەی بەڕاست نەزانی کە جۆرە قەڵەمێک بەکاربهێنرێت پاش چەند دەقەیەک ببێتەهەڵمو وتی: «قەڵەمێکی زۆر ئاساییەو رەنگی شینەو هیچ کێشەیەکی تێدانییەو تەنانەت بە وەزارەتی پەروەردەشمان وتوە ئەگەر دەتانەوێت ئەوا بەشی ئێوەشی لێدەدرێت، وتیشی «زۆر ئاساییە ئەگەر هاوڵاتی قەڵەمی خۆشی بەکاربهێنێت. ئێمە داوامان کرد کە قەڵەمی تایبەت بێت، بەڵام ئەوەنەکرا».

یەکێتی ئەفسەرو پێشمەرگەکانی فەرماندەیی بۆ بانگەشەی لیستی کوردستانی بەکاردەهێنێت

بەرهەم عومەر

ڕۆژی هەینی (٧/١٠) فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، فەرمان دەکات بە گشت پێشمەرگەو سەربازان کە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە بێنە ناو شاری سلێمانی و لە سەر شەقامو شوێنە گشتییەکاندا نمایشی جەماوەری لیستی کوردستانی بکەن و چاوەڕێدەکرێت بەو هۆیەوە پشێویی لەنێو هاندەرانی لیستەکاندا دروست ببێت.

چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیوای ٢٦ی کۆیەو ٢ی سکرتاریەت، بە (بەرەوگۆڕان) یان راگەیاند: بە تەلەفۆن ئاگادارکراینەوە کە ڕۆژی شەممە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، لە تاسلوجە ئامادەبین بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ بنێررێن بۆ سلێمانی و وەکو جەماوەری لیستی کوردستانی خۆمان نمایش بکەین.

سەرچاوەکە باسی لەوەکرد، کە پێشتر پێیانراگەیاندین کە کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی)، بەڵام دواتر وتیان ئەوەی ئۆتۆمبێلی هەیە لەگەڵ خۆی بیهێنێت.

ئەو سەرچاوەیە کە خۆشی یەکێک بوو لەو سەربازانەی فەرمانی پێکرابوو کە بەشداربێت، وتی: «وادەزانم گیانم دەکێشن، چونکە بەزۆر دەمانکەنە جەماوەری لیستی کوردستانی».

هەر فەوجێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکهاتووە لە ٥٠٠کەس و هەموو لیوایەک نزیکەی ١٥٠٠ کەسە، فەرمانەکە بۆ سەرجەم فەوجەکانی لیوای سکرتاریەت و لیواکانی قەزاو ناحیەکان ڕۆشتووەو دەبێت هەموویان ئامادەبن.

لیستی کوردستانی لە چەند ڕۆژی رابردوودا، بەشێوازی جیاواز فەرمانیکردووە بە ئەفسەرو کارمەندو پێشمەرگەکانی فەرماندەیی، کە بێنە سەرشەقامو شوێنە گشتییەکانی شاری سلێمانی و هەولێرو دهۆک، بۆ ئەوەی دەنگۆی ئەوە لە ناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە کە جەماوەرێکی زۆری کوردستان و گەنجان پشتگیریی لە لیستەکەیان دەکات.

هەولێر بەبێ دەنگی گۆڕان دەکات

بۆل ٤

بزووتنەوەی حەقە پشتیوانی لیستی گۆڕان دەکەن

بۆل ٤

شێخ لەتیف ماویلی(شارەزای ئایینی): ئایینی ئیسلام هەمیشە لەگەڵ گۆڕاندا بووە

بۆل ٥

نەوشیروان مستەفا لەبارەی حیزب وەک ڕێکخراوێکی سیاسی:

کار بۆ ئەوە دەکەین حیزبیبوون چیدی ئیمتیازێکی ئیداری، سیاسی نەبێت

خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش

ئەمجارە دەمەوێت لەسەر حیزب وەک ڕێکخراوێکی سیاسی قسەتان بۆ بکەم.

ئێمە یەکێک لەو بابەتە سەرەکییانەی باسیدەکەین، جیاکردنەوەی حیزبە لە حکومەت، ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە دژی حیزبو حیزبایەتین، بەڵکو پێمانوایە هەبوونی حیزبو ململانێی حیزبی، کۆڵەکەی سەرەکی ژیانی دیموکراتییە.

لە جیهانی سیاسی ئەمڕۆدا بوونی حیزبەکان، یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەموو رژێمێکی سیاسی. یەکێک لە مەرجەکانی دیموکراسی بوونی چەند حیزبێکی سیاسیە کە پێکەوە ململانێی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوەشی لەم هەڵبژاردنە دەیباتەوە یان خۆی حکومەت پێکهدەهێنێت یان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبەکانی دیدا کابینەی وەزارەت پێکدەهێنێت،

بەڵام سەرەتاو پێش هەموو شتێک دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو دۆخی جیاوازدا بکەین کە دەشێت حیزب لەناویدا بژیو کاربکات، دۆخی شۆڕشو دۆخی دوای شۆڕش.

حیزب لە دۆخی شۆڕشدا کۆمەڵێک ئەوەلیەتو ئامانجی هەیە کە تەواو جیاوازە لە دۆخی دوای شۆڕش. لە دۆخی شۆڕشدا کاری حیزب بەشێوەیەکی سەرەکی خۆ کۆکردنەوەو خۆ تەیارکردنو خۆ ڕێکخستنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنو رزگارکردنی وڵات لە داگیرکردنو دیکتاتۆریەت. یەکێک لە کارە گرنگەکانی حیزب لەکاتی شۆڕشدا هاندانو خرۆشاندنی جەماوەرە، بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک دژی دوژمن تەیاربکات، چونکە دۆخی شۆڕش دۆخی توندوتیژیو ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییەو ئامانجی سەرەکیو پێش هەموو شتێک ڕووخانو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە. پرسی نەتەوەییو بەرگریکردن لە مانەوەی نەتەوەو پاراستنی لە هەموو ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەوڵەویەتی سەرەکی هەموو حیزبە رزگاریخوازەکانی کوردستان بوو. ئەمە وایکردبوو ڕووەو تیۆریو فکرییەکانی حیزب، لەبەردەم ئەرکی رزگارکردنی نیشتماندا پاشەکشێ بکات. بەڕاستیش حیزب لەکاتی شۆڕشدا وێنەیەکی تەواو دروستو زانستییانەی بۆ جیهانی پاش رزگارکردنی وڵات نییە، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەم دوو قۆناغە تەواو لەیەک جیاوازنو پێویستی بە ڕۆئیاو نەخشەی جیاواز هەیە. دەتوانین ئەم جیاوازییانە لەم چەند خاڵەدا باسبکەین:

١- ئەگەر حیزب لەکاتی شۆڕشدا پێویستی بە چەکدارو هێزی سەربازیی گەورەو بچووک هەیە بۆ ئەوەی دژی دوژمن بەکاری بهێنێت، ئەوا لە دۆخی دوای شۆڕشدا دەبێت واز لەم چەکدارکردنە بهێنێتو کار بۆ دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانی سیاسی بکات کە تێیدا هێزی چەکدار سەر بە دەزگایەکی شەرعی یان حیزبی بێت کە ئەویش ئەو حکومەتە سیاسییەیە کە لە دوای شۆڕشەوە پێکدێت.

٢- ئەگەر لەکاتی شۆڕشداو بە حوکمی خەباتکردن دژی دوژمنو داگیرکەر، دارایی‌و ئابووری لە دەست حیزبو چۆنیەتی سەرفکردنی بەدەست کادرەکانی سەرەوەی حیزبە، ئەوا لە دۆخی دوای شۆڕشو حوکمڕانیدا دەبێت وازلەم دەسەڵاتەش بێنێتو کاروباری ئابووری بە دەزگا شەرعییەکانی وڵات بسپێرێت کە لە دوای حوکمڕانییەوە دروستدەبن.

٣- ئەگەر حیزب لەکاتی شۆڕشدا پێویستی بە پڕوپاگەندەو دەزگای ڕاگەیاندنی گەورە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵک دابنێتو بیانوروژێنێت، ئەوا لەکاتی حوکمڕانیدا لەبری وروژاندن، پێویستی بە عەقڵانیەتو لێکۆڵینەوەو زانیاری زانستی هەیە.. ئەمەش دەستەبەر نابێت ئەگەر بەشداری لە دروستکردنی هەلومەجێکی ئازادی نوسینو لێکۆڵینەوەدا نەکات.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هەموو حیزبەکانی شۆڕش کە لەدوای حوکمڕانییەوە تووشی دەبن، ئەوەیە بە ئاسانی ناتوانن دەستبەردای ئەو دەسەڵاتانە بن کە لەکاتی شۆڕدا هەیانبووە. ئەمەش وایکردووە زۆربەی حیزبەکانی شۆڕش لە دوای حوکمڕانییەوە هێزی سیاسی ناتەندروستو داخراوو گەندەڵییان لێدەربچێت. وای لێدێت حیزب کە لەکاتی شۆڕشدا ئامێری گۆڕانکاریو بەڵگەی زیندویەتی کۆمەڵ بێت، لە دوای حوکمڕانییەوە دەبێتە ڕێگرێکی سەرەکی گۆڕانو دەزگایەکی هەڵئاوساو.

بە بڕوای ئێمە حیزب لە دۆخی دوای شۆڕشدا بۆ ئەوەی ئۆرگانێکی تەندروست بێت، دەورێکی کاریگەر لە کۆمەڵدا ببینێت، بۆ ئەوەی حیزب بەشێک بێت لە چارەسەرو خۆی نەبێت بەکێشەو ڕێگر لەبەردەم کۆمەڵدا، دەبێت چەند سیفەتێکی دیاریکراوی هەبێت.

بە بڕوای ئێمە حیزب ئەو ڕێکخراوە سیاسیەیە کە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو هەوڵدەدات زۆرینەی کۆمەڵگە بە بیروبۆچوونەکانی قەناعەت پێبکات. ئۆرگانێکە کە کار لەسەر ئەوە دەکات خەڵک بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە دەتوانێت بەجێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە ژیانی باشتر، ئازادی زیاتر، دادپەروەری گەورەتریان بۆ دابنیبکات، هەمیشە حیزب بەشێکە لە چارەسەر.. ئەو ڕێکخراوەیە کە پێشنیازی دیاریکراوی بۆ کێشەو گرفتو پرسە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکان هەیە. بەبێ بوونی ئەم دیدو پێشنیازو بەرنامەیەش کە حیزب وەک پرۆگرامێک پێشکەشیدەکات، ناتوانین باسی بوونی حیزبێکی تەندروستبکەین. حیزب وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کە هەوڵدەدات لەپاش لێکۆڵینەوەی واقعی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی، لەپاش ئەوەی دەستنیشانی کێشەو گرفتو ئەوەلیاتەکانی دەکات، لە ڕوانگەی خۆیەوە پرۆگرامێک بۆ چارەسەرکردنو ریزکردنی ئەو کێشانە پێشکەشبکات، پاشانیش بە بانگەشەکردن بۆ ئەم پرۆگرامە هەوڵدەدات زۆرترین خەڵک قەناعەت پێبکات دەنگی بۆ بدەن.

حیزب دەبێت ئۆرگانێک بێت کە ڕەوتی ئازادی بیروڕا مسۆگەر دەکات، نەک خۆی زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە سەروەتو سامانی خەڵک پاوانبکاتو بەچاوێکی دوژمنانەشەوە تەماشای هەر ڕاگەیاندنێک بکات کە لە دەرەوەی کەناڵەکانی خۆیەتی. بە بڕوای ئێمە حیزب دەبێت ئۆرگانێک بێت کە بە گوێگرتنو کردنەوەی کەناڵەکانی بەڕووی زۆرترین بیروبۆچووندا، هەوڵدەدات بەرنامەیەک دابڕێژێت کە وەڵامی داخوازییەکانی زۆرینەی خەڵک بداتەوە، نەک ئۆرگانێک بێت بە زۆر بیروبۆچوونێک بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. حیزب دەبێت ئامێری خەڵکی بێت بۆ بەدیهێنانی داخوازیو چاوەڕوانیەکانی، نەک ئامێرێک بێت بۆ تێرکردنی تەماعو ئارەزووی کەمینەیەکی بچووکی دەسەڵاتدار.

کاری سەرەکی حیزب سیاسەتکردنەو لەم ئاستەشدا نابێت دەستبخاتە هیچ بوارێکی دیکەوە جگە لە سیاسەت، حیزب نابێت ببێت بە کۆمپانیایەکی سەرمایەداریی کە هەوڵی پاوانکردنی بواری ئابووری بدات.

نابێت کارەکتەرێکی ڕۆشنبیری بێت کە هەوڵبدات هەموو دەنگە ڕۆشنبیرییەکان بۆ خۆی بکڕێت، ڕێ خۆشبکات بۆ ئازادی بیروڕاو بواری ڕۆشنبیری.

حیزب نابێت دەستبخاتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانو هەوڵی کۆنترۆڵکردنو پاوانکردنیان بدات. دۆخێکی لەم چەشنە دووبارەکردنەوەی تەجروبەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە کە سەرئەنجام ڕووخان.

ئەرکێکی دیکەی حیزب بەرهەمهێنانو پێگەیاندنی ئەو کادرە سیاسییانەیە کە دەبێت دەزگا سیاسییەکان بەڕێوەببات. ئەوە حیزبە ئەو کادرو نوێنەرانە پێشکەشدەکات کە پەرلەمانو پۆستە سیاسییەکان بەڕێوەدەبەن، بەڵام ئەوەی دەبێت لێرەدا بیلێن ئەوەیە حیزب نابێت سەرجەم جیهازی ئیداری وڵات بۆ خۆی پاوانبکاتو لەسەرو پێوەرەکانی شایستەییەوە، هەموو دەزگای ئیداری وڵات بە کەسانو خزمە نزیکەکانی بەرپرسیارەکانی حیزب ببەخشێت، بەڵام ئەمڕۆ دیاردەی حیزبایەتی لە کوردستاندا بووە بە گرفتو کێشەیەکی ڕاستەقینە بۆ پێشکەوتن کۆمەڵی کوردی لەلایەکو دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتو کراوە لەلایەکی دیەوە.. بەبڕوای ئێمە گرنگترین ئەو گرفتانە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبنێتەوە:

١- حیزب بەشێوەیەک کۆنترۆڵی هەموو شتێکی لە وڵاتدا کردووە، کە لەڕووی عەمەلییەوە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ دەزگا شەرعییەکانی وڵات لە پەرلەمانەوە بۆ حکومەت نەهێشتووەتەوە. ئەوەی لە وڵاتدا بڕیارەچارەنووسسازەکان دەدات، ژوورە داخراوەکانی سەرکردە حیزبیەکانن. بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئێمە دەرئەنجامی وتوێژێکی ڕاستەقینە نییە لەنێوان زیاد لە هێزێکی سیاسیدا کە لە پەرلەماندا نوێنەرایەتیان هەیە، تاکو بڕیارەکان کۆدەنگی نیشتمانیان لە دەور بێت، بەڵکو دەرئەنجامی خواستو ویستی چەند کەسێکی سەرکردەیە کە زۆرجار بڕیارەکانیان هیچ کۆدەنگی نیشتمانی لە دەور نییە.

٢- ئاسایشو پۆلیسو لەشکر هەر هەموویان سەر بە حیزبەکانن‌و لێرەشەوە چی کەرتبوونی حیزبیە، دابەزیوەتە ناو ئەم دەزگا گرنگانە. ئەم دۆخە وایکردووە هەر ناکۆکییەکی حیزبی یان ڕای جیاوازێک مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی لێبکرێت.

٣- ئابووری وڵات لە هەرە جومگە سەرەکیەکانیدا بەدەست حیزبەوەیە. ئەوە حیزبە دەستنیشانی بودجەو چۆنێتی سەرفکردنی دەکات..بڕێکی زۆری ئەم بودجەیەش لەلایەن خودی حیزبەوە بۆ بەرژوەندی حیزبی پاواندەکرێت. حیزب دەیان‌و سەدان بارەگای لەشوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا کردووەتەوەو بە سەخاوەتەوە مەسرەفی هەموو ئەم بارەگایانە دەکات‌و بڕێکی زۆری بودجەی وڵات لەو پێناوەدا سەرفدەکات. کەچی سەدان قوتابخانەمان هەیە کە تائێستاش دوو دەوامو سێ دەوامی تێدا دەکرێت.

بەفێڕۆدانی سامانی کوردستان‌و کۆنترۆڵکردنی حیزب بۆ بڕێکی زۆری سامانی نەتەوەیی لە زەویو زارەوە بۆ بودجەی حکومەت، لەدەستبەسەراگرتنی سامانی سروشتییەوە بۆ ڕێکەوتنامە ئابوورییەکان، دوور لە ئاگاداریو زانیاری پەرلەمان‌و خەڵکی کوردستان، نیشتمانێکی دروستکردووە کە تەنیا کەمینەیەک تێیدا شانسی بەختەوەری‌و ژیانی باشیان هەیە، زۆرینەش هیچ شانسێکی ئەتۆیان نییە. هەموو ئەم شتانە دەبێت بگۆڕێن. دەبێت نیشتمان مولکی هەمووان بێت‌و هەموانیش شانسی یەکسان‌و چوونیەکیان بۆ باشترکردنی ژیانیان هەبێت.

کاری سەرەکی حیزب سیاسەتکردنەو لەم ئاستەشدا نابێت دەستبخاتە هیچ بوارێکی دیکەوە جگە لە سیاسەت، حیزب نابێت ببێت بە کۆمپانیایەکی سەرمایەداریی کە هەوڵی پاوانکردنی بواری ئابووری بدات

حیزب دەیان‌و سەدان بارەگای لەشوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا کردووەتەوەو بە سەخاوەتەوە مەسرەفی هەموو ئەم بارەگایانە دەکات‌و بڕێکی زۆری بودجەی وڵات لەو پێناوەدا سەرفدەکات

حیزب دەزگایەکی گرنگە، بەڵام تا ئەوکاتەی وەک بکەرێکی سیاسی ڕەفتاردەکات‌و کۆی بوارەکانی دیکەی ژیان بۆ خۆی پاوان ناکات. لیستەکەی ئێمە کار بۆ کۆتاییهێنان بەم سیستمە سیاسییە دەکات لەڕێگەی دامەزراندنی حکومەتێکی پەرلەمانی کە زادەی هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکی بێت. پەرلەمانێکی بەدەسەڵات کە ئەو دەستنیشانی چۆنێتی سەرفکردنی بودجەی وڵات دەکات‌و هەر ئەویش لە چۆنێتی سەرفکردنی دەپرسێتەوە. کار بۆ ئەوە دەکەین حیزبیبوون چیدی ئیمتیازێکی ئیداری، سیاسی نەبێت. لەشکری خۆی نەبێت، دارایی وڵاتی بەدەستەوە نەبێت، کادرەکانی خۆی لە سەرو هاوڵاتییانی دیکەوە دانەنێت، دەزگایەکی سیاسی بێت کە دەچێتە ململانێیەکی کراوەو دیموکراتیانەوە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکە، بەبێ ئەوەی ئەو حیزبە سیاسییانەی دیکە وەک دوژمن تەماشا بکات.

خوشکو برایانی بەڕێز ئەگەر نیشتمانێکتان دەوێت، مولکی هەمووان بێت، حیزبەکان تێیدا تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی بن، نەک هەریەکەیان حکومەتێک بێت بۆ خۆی بە پێشمەرگەو دارایی تایبەتی خۆیەوە، ئەگەر نیشتمانێکتان دەوێت حیزب تێیدا پێشنیازێکی چارەسەر بێت بۆ کێشەو داخوازییەکانتان، نەک کێشەو ڕێگرێک بێت لەبەردەم خواستو ئاواتەکانتاندا، ئەوا دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن بۆ ئەوەی پێکەوە، وڵاتێکی تازە بە عەقڵیەتێکی تازەو بە ئاسۆیەکی تازەوە بونیاد بنێین.

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

حەلیمە سندی:

بادینان

لەئێستادا گۆڕان بووەتە پێویستییەکی سیاسیو نیشتمانی

سازدانی: ئارام

بەرەوگۆڕان: بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای کوردستان بەگشتی، زەرورەتی پێکهێنانی لیستی گۆڕان لە چیدا دەبینینەوە؟

– حەلیمە: واقیعی کوردستان لە ئێستادا بەڕوونی دیارە کە چەندین کەموکورتی گیرۆدەیان کردووە، چەندین کەموکورتی لە کوردستاندا بەڕوونی بەدی دەکرێت وەک ناعەدالەتیو سەروەرنەبوونی یاساو قەیرانی نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتییانو نەبوونی ئازادیو مافەسیاسیەکان تاڕادەی پێویست. لەبەر ئەو هۆکارانە لە ئێستادا گۆڕان بووەتە پێویستییەکی سیاسیو نیشتمانی، هەروەها بۆ ئەوەی دەنگی هاوڵاتی بە ڕاستەقینەی بگاتە پەرلەمانو گوزارشت لە مافەکانیان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێتو بەشێوەیەکی یەکجار زۆر ڕەچاوی مافو ویستی هاوڵاتییان بکات.

بەرەوگۆڕان: پێتوایە لیستی گۆڕان لە هەناوی خەڵکە نارازییەکەی کوردستان هاتووەتە دەرەوە یان جوڵانەوەیەکی سیاسییەو لە دەرەوە هاتووەو دەیەوێت ڕێبەرایەتی ئەو نارەزاییە بکات؟

– حەلیمە: لیستی گۆڕان بە فەلسەفەو بەرنامەیەکی سیاسی تازە هاتووەتە مەیدانەوە، کاندیدانی لیستی گۆڕان هەڵقوڵاوی خەمی هاوڵاتی ئەو کوردستانەن، هەروەها بە پالپشتیو باوەڕبوون بە دەنگی جەماوەری کوردستان ڕۆژگارێکی زێڕین بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرجەستە دەکات.

بەرەوگۆڕان: سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە بەدەستهێنانی ژمارەیەک کورسی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەبینینەوە یان ئەمە جوڵانەوەیەکی سیاسییەو ئامانجەکانی دوورتر دەڕۆن؟

حەلیمە: من پێموایە سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆر کورسیدا نییە، بەڵکو ئێمە سەرەتایەک دروست دەکەین کە هاوڵاتی دەوری خۆی هەبێت لە پرۆسەی دەنگدانو دەنگەکەی لە پرۆسەی سیاسیدا ڕەنگبداتەوە، ئەگەرچی بە دەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆری کورسی دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی بەرنامەکانمان باشترو کاریگەرتر جێبەجێ بکەین.

بەرەوگۆڕان: وەک کاندیدێکی ئافرەت لە لیستی گۆڕان چ بەرنامەو پرۆژەیەک بە باش دەزانی بۆ ڕێکخراو جوڵانەوەو کارەکانی ژنانو ئافرەتان لە کوردستاندا؟

– حەلیمە: ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە، لیستی گۆڕانیش بەچاوی ڕۆشنەوە سەیری ئافرەت دەکات، هەوڵدەدات هەموو ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێگای ئافرەتان چارەسەربکات، ئامانجی سەرەکی لیستی گۆڕان بۆ ژنان ئازادکردنی فیکروو مافی ژنانەو پارستنیانە لەهەر دەستدرێژیەک.

بەرەوگۆڕان: ئایا پێگەی ئافرەت چۆن هەڵدەسەنگێنی لە ڕابردوودا کە زیاتر حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان وەک ڕەمز ئافرەتیان لە سیاسەت بەکارهێناوە نەک وەک ئەرک؟

– حەلیمە: لە بواری سیاسیدا تائێستا ئافرەت وەک پێویست بواری سیاسەتکردنی پێنەدراوە، بەڵکو تەنهاوەک ڕەمزێک خراوەتە ناو پرۆسەی سیاسی کە لە ڕاستیدا پێشکەوتنی سیاسییانە بەبەشداری ئافرەتانەوە بەندە.

بەرەوگۆڕان: هەڵومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان دەرفەت بە کردەیی کردنەوەی ئەو بەرنامەیە دەدات کە لیستی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکات؟

– حەلیمە: لیستی گۆڕان لەسەر سێ بەش کاردەکات

سیاسی: لەو بوارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە حکومەت لە حیزب جیابکرێتەوە، یاسا بە یەکسانی بەکاربێت

ئابووری: دروستکردنی پلانێک سەبارەت بە مووچەخۆران، دابەشکردنی بەشێوەیەکی یەکسانو بەرنامە بۆ دارێژراو کە هیچ لایەک مەغدور نەبێتو بەرپەچدانەوەی گەندەڵی دارایی بەشێوەیەکی بنەڕەتی، نەهێشتنی بێکاریو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێشکەوتوو بە هاوڵاتییان.

نیشتیمانی: مافی مرۆڤ ڕەچاوبکرێت، ئازادی ڕۆژنامەنووسی بپارێزرێت.

ئێمە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە ڕێگای پەرلەمانان گرتووەتەبەر، بەڵام ئەگەر باشترین بەرنامەشمان هەبێت ئەگەر نەچینە پەرلەمان ناتوانین ئەو ئامانجانە بۆ هاوڵاتییان دەستەبەر بکەین، لیستی گۆڕان لە قۆناغی داهاتوودا هەوڵی گۆڕینی ئەو دروشمانە دەدات بۆ کردار.

بەرەوگۆڕان: ئێوە چ جیاوازییەک لەنێوان لیستی گۆڕانو لیستەکانی دیکەدا دەبینن، ئەگەر لە ئاستی کاندیدەکانیشدا بێت؟

حەلیمە: بەرنامەی لیستی گۆڕان زۆر جیاوازە لەگەڵ لیستەکانی دیکە لەسەر ئاستی سیاسیو ئابووریو نیشتمانی.

بەرەوگۆڕان: ئێوە بەڵێنی چی بە ژنانو ئافرەتان دەدەن وەک کاندیدێکی ئافرەت لە لیستی گۆڕان؟

حەلیمە: من بەڵین دەدەم بە جدی کار بکەم لەسەرلابردنی هەموو جیاوازییەک لەڕووی مافەوە لە نێوان ئافرەتو پیاواندا، بەتایبەت بواردان بە ئافرەتان بۆ کارکردن لە بواری سیاسیو خوێندندا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە پێویستە هەموومان دەنگ بدەینە لیستی ژمارە ٥٧.

پرۆفایل:

ناو: حەلیمە ئەحمەد عوسمان

پیشە: مامۆستای زانکۆی دهۆک

ئەندازیاری بیناسازی

کاندیدی لیستی گۆڕان لە بادینان

ئامانج عارف کەریم:

سلێمانی

پەیامەکەمان بۆ گەنجان بەشێکی زۆری خەونەکانی لاوان دێنێتەدی

سۆرانی پالانی

بەرەو گۆڕان: لە کوردستاندا سەروەری یاسا نییە، ئایا لەو بڕواڕەدان کە چۆن پەرلەمان سەروەری یاسا دەچەسپێنێ؟

ئامانج: سەرەتا پێش ئەوەی باس لەوە بکەین کە چۆن سەروەریی یاسا دەستەبەر دەکرێت، دەبێت بزانین کە کێشەی دادگاو سیستمی دادوەریی لە کوردستاندا لە چیدایە، بزانین کە دوای (١٨) ساڵ لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەسەڵاتی دادوەریی بەچی گەیشتووەو لە چ چوارچێوەیەک دایە. سەرەتا لەوەوە دەست پێدەکەین، کە سیستمی دادوەریی‌و دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا دەزگایەکی ئەکتیڤو چالاک نەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانداو نەیتوانیوە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە کەمووکوڕییەکانی دەسەڵاتی سیاسی بکاتو لە مەسەلەی گەندەڵی بپرسێتەوەو کەسانی بەرپرس لەو دۆخە ڕاپێچی دادگا بکات، بە واتایەکی دیکە دەزگای داواکاری گشتی (هیئة الادعاء العام) دەزگایەکی لاواز بووە لەوەی نوێنەری مافی گشتی بێتو سەرجەم کێشەکان بجوڵێنێت یان بەلانیکەم بەدواداچوونیان بۆ بکات، زیاتر لەوە تائێستا دەنگێکی لێوە نەهاتووە، کە داکۆکی بێت لە مافی خەڵک.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی دادگا سستە لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی هاوڵاتییان داواکان کاتێکی زۆریان پێدەچێت تا کۆتاییان پێ دێت، ئەمە جگە لەوەی دادگا ئازاد نییە لە بڕیارەکانیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان، حیزب گەمەکەرێکی گەورەیە لە دانانی دادوەرەکانی دادگاکانی تەمیزو ئەنجومەنی دادوەریدا تەنانەت لە دانانی دادنووسێکیشداو لەنێوان پۆستەکان، لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی دوو حیزبەکەدا دابەشکراوە کە ئەمە زۆر ترسناکە کە حیزب ڕۆڵی لە دادگاکانیشدا هەبێت ئەمە جگە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا خەڵکی فێری ئەوە نەکردووە کە لەکاتی بوونی کێشەدا ڕوو لە دادگا بکات، بەڵکو فێری ئەوە کراوە ڕوو لە مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکانی حیزبەکانیان بکات، کە ئەمە بە بۆچوونی من کەمکردنەوەی ڕۆڵی دادگایە، هەروەها دادگا سەروەر نییەو هەموو کەس لەژێر یاساوە نییە.

بەڵکو چەندین بەرپرس خۆیان بە گەورەتر لە یاسا دەزانن، هەموو ئەمانە پێکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کە یاسا سەروەر نەبێت بۆیە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕان مەسەلەی سەربەخۆیی دادگاکانی لە ئەولەویاتی کارەکانی خۆی داناوەو پێیوایە، ئەم کارە بە بڕیارێکی سیاسیو بە ئیرادەیەکی سیاسی دەکرێت کە ئەویش ئازادکردنی دادگایە، هەروەها هەوڵدان بۆ کاراکردنی ڕۆڵی دادگاکانو دەسەڵاتی دادوەری سەبارەت بە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو پەرلەمان کە بە ئەکتیڤبوونی لەم ئەرکەدا زۆرێک لە کێشەکان چارەسەر دەبن، ئێمە لە بەرنامەکەماندا وشەیەکمان هەیە کە دەڵێت: «لە هەر شوێنێک بەرپرسیارێتی هەبوو لێپرسینەوەش هەیە». واتە پەرلەمان لێپرسینەوە بکاتو دواتر دۆسییەکانی ئەم لێپرسینەوەیە هەواڵەی دادگا بکات بۆ لێکۆڵینەوەی تەواوەتی تێیدا لەکاتی گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو ساماندا، ئێمە پێمانوایە کە دادگا دەتوانێت بڕیارو یاسا نادەستوورییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەک چۆن دەبوایە دادگا لەم کاتەدا لەکاتی تێپەڕاندنی دەستوور لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە لەکاتی بێ شەرعی پەرلەماندا قسەی هەبوایەو ڕوونکردنەوەو بڕیاری خۆی بدایە، هەروەها دەرکردنی سزا لەلایەن دادگاوە لەکاتی هەر پێشێلکارییەکی سیاسی، حیزبی، کۆمەڵایەتی نهێنی بۆ سەر دادگا.

خاڵێکی دیکە کە لە بەرنامەی لیستی گۆڕاندا هەیە بریتییە لە دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە کوردستانداو هەروەها ئەکتیڤکردنی دەزگای داواکاری گشتی لە کوردستاندا، هەموو ئەمانە کاتێک کە ئێمە هەر سێ دەسەڵاتەکە کاری بۆکرا کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زاڵ نەبێت بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانداو ئەوانیش بەسەر دەسەڵاتی دادوەریدا، بەڵکو ئەو سێ دەسەڵاتە تایبەتمەندی خۆیان هەیەو سەڵاحیاتیان بۆ دیاریکراوە.

بەرەو گۆڕان: ڕێژەی زۆری دەنگدەران گەنجن، گەنج تووڕەیە لە دەسەڵاتی سیاسی، ئایا توانیوتانە کۆمەڵێک شت بهێننە کایەوە، کە گەنجە تۆراوەکان ئاشت بکەنەوە؟

ئامانج: منیش وەک گەنجێک تووڕەم لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، خۆشبەختانە زۆرینەی کاندیدەکانی لیستی گۆڕان گەنجن بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە، بۆیە ئێمە گەنجانی کوردستان دڵنیادەکەینەوە کە پەیامو لیستی گۆڕان بەرنامەیەکی سەرتاپاگیرە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی گەنجانو زۆرێک لە حەزو ئارەزووەکانی ئەوان دێنێتەدی، پێموایە پەیامەکەمان بۆ گەنجان بەشێکی زۆری خەونەکانی لاوان دێنێتەدی، بۆیە ئێمە پێمان خۆشە گەنجان، لاوانی کوردستان پەیامەکەی ئێمە ببینینو بیخوێنینەوە کە وای دەبینین زۆرێک لە هەموو خواستەکانی ئەو توێژەی تێدایە لە نموونەی بەدواداچوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکانی گەنجانو دووانەنیانو دروستکردنی ڕاپرسی لە نێوانیانداو کردنەوەی وەرک شۆپ بۆیان سەرەڕای بنیاتنانەوەی کەسیشیانو ڕێگرتن لە کۆسپە سیاسییەکان سەبارەت بە پەروەردەکردنی گەنجانو تەرخانکردنی بڕێکی زۆری بودجەوی هەرێم بۆ گەشەدان بە کەرتی وەرزشو لاوانو پەروەردەی جەستەیی، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕەبەنیو پێشخستنو کاراکردنی سیستمی پێشینەی دارایی هاوسەرگیری بێ جیاوازی، لەگەڵ بایەخدان بە بەهرەو تواناکانیانو دامەزراندنی سیستمێکی بانکی بۆ بەخشینی قەرزی درێژخایەن بەو گەنجانەی کە پرۆژەی هەرەوەزی هاوبەش پێشکەش دەکەن لە بواری داهێناندا دروستکردنی باڵەخانە بۆ ئەو گەنجانەی کە تازە هاوسەرگیری دەکەن بە نرخێکی کەم کە بتوانن دابینی بکەن. ئەمە سەرەڕای پلانێکی تۆکمەو باش سەبارەت بە قەیرانی خوێندکارانو دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان.

ئامانج عارف کەریم

لە ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لە دایک بووە

هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە یاساداو هەروەها بەکالۆریۆسی لەزمانو ئەدەبی عەرەبیدا هەیە.

ئێستا پارێزەرە

شێخ لەتیف ماویلی، وتاربێژو شارەزای ئایینی:

گۆڕان هەڵقوڵاوی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە بۆ گۆڕینی سیستمی حکومڕانی

سازدانی: سامان بەشارەتی

شێخ لەتیف ماویلی ئاماژە بەوەدەکات لیستی گۆڕان توانی ببێتە پێشەنگ لە گۆڕینی کۆمەڵگادا، وابکات خەڵکی بەشێوەیەکی ئازادانە بێنە سەر شەقامەکانو داوای مافەکانی خۆیان بکەن کە دەسەڵاتی کوردی لە ماوەی (١٨) ساڵی حکومڕانیدا نەیتوانیووە بۆیان جێبەجێ بکات، شێخ لەتیف کە ئەندامی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستانیش بووە پێیوایە لیستی گۆڕان هەڵقوڵاوی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە بۆ گۆڕانی سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، کەسیش ناتوانێت ڕێگا بگرێت لەم بزوتنەوە جەماوەرییە کە خەڵک لە خەمی ئەوەدایە لیستی گۆڕان سەربکەوێتو هیواو ئاواتەکانی ئەم میللەت بهێنێتەدی.

بەرەو گۆڕان: لە رووی ئایینیەوە هەڵبژاردنو گۆڕانکاری لە دەسەڵات چۆن پێناسە دەکرێت؟

شێخ لەتیف ماویلی: هەڵبژاردنو گۆڕان لە ئایینەکاندا باسی لێوەکراوە بەتایبەتی ئایینی ئیسلام ئاماژەیەکی زۆر دراوە بە گۆڕان، لە دەقە ئایینیەکانیشدا بە شێوەیەکی دوورو درێژ باسی لێوەکراوە، لە ئاینی ئیسلامدا تەنیا ئەوشتانە ناگۆڕێن کە پێیان دەوترێت سەوابت، وەک ڕوکنەکانی ئیمان، بەڵام لە رووی دونیاگەریەوە ئایینی ئیسلام هەمیشە لەگەڵ گۆڕاندا بووە، هەوڵیشی داوە گۆڕانکاریی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بکات، بەتایبەتی زانایانی سۆفیگەر بە هەموو تەریقەتەکانیەوە لە هەوڵی ئەوەدابوون لە کۆمەڵگادا دیوێکی دیکەی ئایینی نیشانی خەڵکی بدەنو گۆڕانکاریی بکەن لە ژیاندا، بۆ نموونە لە کوردستاندا مەولانا خالید کەسێکی نوێخوازبوو لە دروسکردنی تەریقەتی نەقسبەندی لە کوردستاندا، توانی ببێتە ڕێبەری بزووتنەوەی نوێخوازی میللەتی کورد لە رووی ئاینیەوە، بۆیە ئێستا شاری سلێمانی یەکێکە لەو شارانەی دەستپێشخەرە لە نوێخوازیو هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتێکی چەقبەستوو، لە هەرێمی کوردستاندا، دەتوانم بڵێم ئێستا سلێمانی بووەتە پێشەنگ لە رووی رۆشنبیریەوەو گۆڕانەوە.

بەرەو گۆڕان: کەواتە دەتوانین بڵێین ئێستا لیستی گۆڕان هەڵگری ئەو نوێخوازییەیە لەم سەردەمەدا لە رووی حکومڕانییەوە؟

شێخ لەتیف ماویلی: بەڵێ لیستی گۆڕان توانی ببێتە پێشەنگ لە گۆڕینی کۆمەڵگاو وابکات خەڵکی بەشێوەیەکی ئازادانە بێنە سەر شەقامەکانو دوای مافەکانی خۆیان بکەن کە دەسەڵاتی کوردی لە ماوەی (١٨) ساڵی حکومڕانیدا نەیتوانیووە بۆیان جێبەجێ بکات، بە بڕوای من لیستی گۆڕان هەلقوڵاوی بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە بۆ گۆڕانی سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، کەسیش ناتوانێت ڕێگا بگرێت لەم بزوتنەوە جەماوەرییە، کە لە خەمی ئەوەدان لیستی گۆڕان سەربکەوێت، هیواو ئاواتەکانی ئەم میللەت بهێنێتەدی، خەڵکی دەیەوێت لیستی گۆڕان ڕێگربێت لەبەردەم ئەوگەندەلییەی کە هەموو داموودەزگاکانی حکومەتی داگیرکردووە، هەر چەندە نەهێشتنی گەندەلیش یەکێک لە بەرنامە سەرەکیەکانی لیستی گۆڕان، دەبێت بەشێوەیەکی باش کاری بۆ بکات.

بەرەو گۆڕان: تۆ دەتوانیت بیسەلمێنیت کە حکومەت گەندەڵە؟

شێخ لەتیف ماویلی: بەڵێ، چونکە بەڕاستی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بودجەیەکی زەبەلاح دێتە هەرێمی کوردستانو کەسیش نازانێت چۆن چۆنی خەرج دەکرێت، یان خەزێنەی حکومەت چەند پارەی تێدایە، یان بۆ بە خەڵکی ناوترێت ساڵانە ئەوەندە پارە دێتە هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەش خەرج دەکرێت، تەنانەت چۆنێتی خەرجکردنی ئەو پارەیەش ناوترێت بە ئەندام پەرلەمانەکان، ئەگەر ئەمە گەندەڵی نەبێت بۆ حکومەت بەشێوەیەکی ڕاستو دروست باسی چۆنێتی خەرجکردنی ئەو پارە زۆرە ناکات کە دەدرێتە سێ پارێزگای کوردستان، بڕوامایە لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەم متمانەیە بۆ خەڵکی کوردستان بگێڕێتەوە لە رووی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەی کوردستانو ڕێگریش بێت لە چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو پارەیەی کە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە نەک تەنیا بۆ چەند کەسێک خەرج بکرێت، لەم کاتەدا بوونی لیستی گۆڕان پێویستیەکی مێژووی بوو، هیواداریشم خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ لیستی گۆڕان بدەن، بۆ ئەوەی بگەن بە هیواو ئاواتەکانی خۆیان.

بەرەو گۆڕان: باشە بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ئەم چوار ساڵەیدا نەیتوانیوە چاودێری کارەکانی حکومەت بکات، لەسەر گەندەڵی لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرێکدا بکات؟

شێخ لەتیف ماویلی: پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ڕابردوویدا لەژێر سێبەری حیزبدا کاری کردووە، نوێنەری حیزب بووە نەک خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەو کارانەشی کراون بەشێوەیەکی تەواوفقی کراوە لە نێوان پارتیو یەکێتی، ئەمشێوە تەواوفقیەش نابێت لە زەرەری هیچ لایەکیان بێت، بۆیە لە ماوەی هەردوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هیچ کارێک نەکراوە لە بەرژەوەندی خەڵک بووبێت ئەوەندەی کە لە بەرژەوەندی هەردوو پاتی دەسەڵاتدا بووە، دەتوانم بڵێم هۆکاری ئەکتیف نەبوونی پەرلەمان بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە، چونکە هەتاوەکو حیزب ئەمری بە پەرلەمان نەکردبێت بۆ کارێک پەرلەمان نەیکردووە، لە هەموو دونیادا ئەگەر کادیرێکی حیزبی پلەیەکی حکومی وەرگرت دەبێت واز لە بەرژەوەندی حیزبەکەی بهێنێت، کار بۆ میللەت بکات کەچی لە کوردستاندا ئێمە بە پێچەوانەوە بەرپرسانی حیزبی کاتێک پۆستێکی حکومی دەگرنەدەست کاربۆ حیزبەکانیان دەکەن، هەوڵدەدەن ئەو پۆستەیان بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەو زیادکردنی ئەندامی حیزبەکانیان.

بەرەو گۆڕان: ئایا لیستی گۆڕان دەتوانێت پەرلەمانێکی کاراو ئەکتیف پێکبهێنێت، یان دوو بارەبوونەوەی پەرلەمانی ڕابردوو دەبێت، تەنیا گۆڕان لە دەموچاوەکاندا دەکرێت؟

شێخ لەتیف ماویلی: ناتوانم بڵێم پەرلەمانی داهاتووە سەدلە سەد گۆڕانێکی نەوعی بەسەردا دێت، بەڵام دەتوانم بڵێم لیستی گۆڕان دەتوانێت گۆڕانێکی باش بکات لە پەرلەمانی داهاتوو، چونکە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لیستی گۆڕان کە دەچنە ناو هۆڵی پەرلەمان هەڵبژێردراوی ناخی خەڵکن نەک حیزب، خەڵک بڕوای بە بەرنامەکەیان هێناوە بۆیە دەنگیان پێداون، بۆیە تەنیا ئەوان دەتوانن ببنە نوێنەری خەڵی کوردستان، بۆیە ئەگەر کەسێکیش لە خەمی خەڵکدابوو دەتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ حکومەتدا بکات، بەدوای داواکارییەکانی خەڵکەوە بێت، نەهێڵێت پارەی ئەم میللەتە لەلایەن چەند کەسێکەوە بخورێت، دەبێت خەڵکی کوردستانیش هۆشیاربێت لە کاتی دەنگدانیاندا بزانن دەنگ بەکێ دەدەن بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەریان لە پەرلەمانی داهاتوودا.

بەرەو گۆڕان: جەنابتان وەک کەسایەتییەکی ئایینی پەیامتان چییە بۆ هاوڵاتییانی کوردستان بۆ ئەوەی دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەنو نەهێڵن چی دیکە ئەم دەسەڵاتە پەرە بە گەندەڵیو نادادپەروەریی بدات لە دروستکردنەوەی حکومەتی نوێدا؟

> **دەمەوێت وەک کەسایەتییەکی ئایینی داوا لە خەڵکی کوردستان بکەم لەگەڵ گۆڕاندا بن و دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن**

شێخ لەتیف ماویلی: دەمەوێت وەک کەسایەتییەکی ئایینی داوا لە خەڵکی کوردستان بکەم لەگەڵ گۆڕاندا بنو دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، حەزیش دەکەم بۆ هاوڵاتییانی کوردستان روون بکەمەوە کە خوای گەورە لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە کە دەڵێت «ئەی رابەری مسوڵمانان بۆ ئەوەی بە راستیو بەهەق حکوم لەنێوان خەڵک بکەی وەک چۆن خوا ڕێگای پیشاندای حکومڕانی بۆ بکەیت دەبێت بەشێوەیەکی راستو دروست حکومڕانی بکەیت، چونکە تۆرێبەرێکی عەدلی ئەم کۆمەڵگایەی، چونکە کاتێک خوا وەحی بۆ پێغەمبەر ناردو خەڵکیش متمانەیان پێکرد دەبێت ئەوەیش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە حکوم لە کۆمەڵگادا بکات، هەروەها لە ئایەتێکی دیکەی قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە سورەتی (نیسا) دەفەرموێت « ءان للة یأمرکم أن تؤدوا الأمانات الی أهلهاء اذاحکمتم بین الناس أن تحکموا بالعدل ءان اللة نعما یعظکم به ءان اللة کان سمیعی بصیر(٥٨) یا أیها الذین آمنو آطیعو للة وآطیعو الرسولءآولی آلا مرمنکم فاءن تنازعتم فی شیْی فردوة ءالی اللةءالرسول ءان کنتم توءمنون باللةءالیوم الآخر ذلك خیرءأحسن تأویلاً(٥٩) . خوای گەورە لەم ئایەتەدا باس لە حکومڕانی خەڵکی جیهان دەکات، هەرئەمانەتێک لاتانبوو بیدەنەوە بە خەڵکەکەی ئەمەش فەرمانی خوایە، ئەگەر حکومتان کرد لە نێوان خەڵکدا حکومڕانیەکی دادپەروەرانەبکەن، چونکە خوا بە باشترین ئامۆژگاریتان بۆ دەنێرێت کە ئەویش دادپەروەرییە، چۆن خودا بیسەرو بینەری گشتیە، بۆیە لەگەڵ ڕێزم بۆ گشت حکومڕانانی کوردستان هەتاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە بەو شێوەیەی کە خوای گەورە باسی لێوە دەکات دادپەروەربن، لە حکومڕانی خۆیان بۆ کوردستان، بەتایبەت لە (بەیتولماڵ)و داهاتی نەوتو داهاتی گشتی کە بەشێکی هەرە گرنگی ئەمانەتە، ئەمجارەش داوا لە هاوڵاتییانی کوردستان دەکەم دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن بۆ ئەوەی حکومڕانیەکی نوێو کارا بهێنێتە سیستمی حکومڕانی کوردستان کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا وەک یەک سوودمەند بن لە بەرهەمی ئەو حکومەتەدا، دەتوانین لیستی گۆڕان بخەینە بەردەم ئەم ئەزموونەی داهاتووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هیواریشم هەڵبژاردنی پەرلەمان ببێتە سیستمێک کە چوار ساڵ جارێک کۆمەڵێک خەڵکی نوێ بچنە ناو هۆڵەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی گۆڕان دروستبکات، چونکە هاتنی گشت پێغەمبەرانو پەرتوکە ئاسمانیەکان بۆ خواناسیو گۆڕانو دادپەروەریی بووە.

پرۆفایل:

لەتیف عەبدولقادر سادق ناسراوە بە (شێخ لەتیف ماویلی)، لە ساڵی (١٩٥٣) لە گوندی ماولیان لەدایکبووە دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە لە بەغدا لەساڵی (١٩٨٠)، بۆماوەی (٢١)ساڵ پێشنوێژو وتارخوێنیکردووە بۆماوەیزیاتر لە سێ ساڵیش ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

ئایینی ئیسلام هەمیشە لەگەڵ گۆڕاندا بووە

«هەولێر بە بێدەنگی گۆڕان دەکات»

ئا: چۆڤین عەبدوڵڵا. هەولێر

دەنگی تەپڵی گۆڕان لە هەولێرەوە زۆر بە بەرزی نابیستی.. بەپێچەوانەی سلێمانی.. بۆیە لای چاودێرانو میدیاکان دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە «جەماوەری هەولێر وەک جەماوەری سلێمانی خوازیاری گۆڕان نین « دەشڵێن «ئەوە سلێمانییە گۆڕان دروستدەکاتو داوای هەڵگەڕانەوەیەکی هاوچەرخانە بەسەر گەندەڵیدا دەکات». وەک ڕۆژنامەی (شەرقلئەوسەت)ی عەرەبی لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا لەسەر دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی پێکردبوو، بەڵام لە نزیکەوەو لەناو هەولێردا بارودۆخەکە بە تەواوی بەم شێوەیە نییە... بە چاودێرییەکی ورد لە نزیکەوەو بە گەشتێک لەگەڵ شۆفێری تاکسیو مشتومڕێک لەگەڵ خەڵکی سەرشەقامو لە دەوری قەڵا، لەوە تێدەگەیت جیاوازی هەلوێستی هەولێروسلێمانی لەمەڕ (گۆڕان)تەنیا دێرێکە: «هەولێر بە بێدەنگی گۆڕان دەکات، سلێمانی بەهاتوو هاوارەوە». ئەمە وتەی شۆفێرێکی تاکسییە لە هەولێر کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرابکەین.

ئەو کە ڕۆژانە لەگەڵ ئەنجامدانی پیشەکەیدا گوێبیستی ڕادیۆی گۆڕان دەبێت، بەهێمنییەکی باوەڕ بەخۆوە وتی: «گۆڕان لە هەولێردا دەنگی زیاتر دێنێت تا لە سلێمانی» وتەی ئەو شۆفێرە بۆ منو هاوڕێکەم کە لە سلێمانییەوە بە کارێکی ڕۆژنامەوانی چووبووینە هەولێر، جێگەی سەرسوڕمان بوو!

ئەو ڕوونیکردەوە «ڕاستە هەولێر هەراو هۆریا ناکات، بەڵام جەماوەری هەولێر بە بێدەنگی لەگەڵ گۆڕاندان تا ڕۆژی دەنگدان».

بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە باوەڕ بەخۆبوونیشەوە وتی: «خەڵکی هەولێر بە بێدەنگی هەموو شتێک دەکەن، بەڵام خەڵکی سلێمانی بۆ هەموو شتێک هەرایەک دەنێنەوە».

کۆمەڵگەی هەولێر لەڕووی کۆمەڵناسییەوە زیاتر کۆمەڵگەیەکی (موحافیزکارە) بۆیە هەڵبژاردنی (دەنگی نزم)لە پشتگیریکردنی (گۆڕان)دا لەلایەن ئەم کۆمەڵگەیەوە جگە لە شرۆڤە ئەمنیو سیاسییەکان شرۆڤەی کۆمەڵناسانەش هەلدەگرێتو شتێکی ئاساییە.

بەڕپرسەکانی لیستی گۆڕان پێشبینی دەکەن دەوروبەرو کەنارەکانی هەولێر ڕێژەیەکی بەرزتر لە دەنگی گۆڕانخواز لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمووزدا تۆماربکات، چونکە لەگەڵ ئەو پشتگیرییانەی خەڵکی ئەو ناوچانەو سەرۆک عەشیرەتەکانی بۆ گۆڕانی دەردەبڕن، ئەوا زۆرینەیەکی نارازی بێدەنگیش لەو ناوچەیە هەن کە دەنگی خۆیان لە پشتگیریکردنی لیستی گۆڕاندا بۆ ڕۆژی دەنگدان هەڵگرتووە.

لە لێدوانێکدا سەفین مەلا قەرە، بەڕپرسی بانگەشەی گۆڕان لە هەولێر وتی: «جەماوەری گۆڕان لە هەولێر ڕۆژانە لەبەر فراوانبووندایەو زۆرکەس پەیوەندیمان پێوەدەکەن، بەڵام لەترسی نانبڕینو گرتن ناوێرن ناوەکانیان ئاشکرابکەن».

شۆفێری تاکسییەکە ئاماژەی دا لە ناوچەی کەڵەکو دەوروبەری هەولێر خەڵکی نارازی زۆر هەیە کە پشتگیری لە گۆڕاندەکەن.

ئەگەرچی لەناو سەنتەری شاری هەولێردا جێدەستی حکومەت دیارە لە دروستکردنی باڵەخانەو پارکو تەلاری بەرز کە زۆربەشیان چۆڵنو لێیان نوسراوە بۆ کرێ، بەڵام کەنارو دەوروبەری شاری هەولێر پشتگوێخستنێکی بەرچاوی پێوەدیارەو تەنانەت هەندێک لە گوندەکان تائێستاش کارەبایان نییە، بۆیە بەپێی چاودێران «پشتگوێخستنی کەنار شارەکانو گوندەکانو گرنگیدان بە سەنتەری شارو دروستکردنی باڵەخانەی بەرز لەسەر حیسابی ئەوان کارێکی کردووە خەڵکی هەژارو کەنار هەست بە غەدرو مەحروم بوون بکەن «خەڵکی ئەو ناوچانە پێیانوایە «حکومەت ئەوانی لە بیرکردووەو بە کەم تەماشایان دەکات».

هەڵبژاردنی سیاسەتی بێدەنگی لەلایەن گۆڕانخوازانی هەولێرەوە هۆکاری ئەمنیشی هەیە.

شۆفێرێکی دیکەی تاکسی دەڵێت: «خەڵک لە هەولێر ناتوانن وەک سلێمانی گوزارشت لە بیروڕای جیاواز بکەن». ئەو وتی: «بمانەوێتو نەمانەوێت جیاوازی هەیە لەنێوان بارودۆخی سلێمانیو هەولێردا لەوێ خەڵک ئازادترن لە دەربڕینی ڕاوبۆچوون دژی حکومەت».

شۆفێری تاکسییەکە تەمەنی لە پەنجاکاندابوو سەری تەواو سپی بووبوو وتی: «لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردندا لە هەولێر ئاڵایەکی گۆڕانیان دابوو بە دەست منالەکەمەوە کە هێنایەوە ماڵەوە دایکی لێی تورەبوو هاواریدەکرد بۆخاتری خوا بیشارنەوە». ئەو لەڕێی ئەم گێڕانەیەوەوە دەیویست بارودۆخی هەولێر لە باری ئازادی ڕاوبۆچوونەوە ڕوونبکاتەوە.

هەتا لەقۆڵایی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکتر بیتەوە بازنەی ئازادییەکان بەرتەسکتر دەبنەوە، هەربۆیە چاودێران پێیانوایە «سیاسەتی بێدەنگیی گۆڕانخوازان، لە ناوچەکانی بادینانیش لە زۆر جێگە پەیڕەو دەکرێت».

(٥٧)

گۆڕان بۆ؟

-١٤-

نەژاد جەلال

پێشێلکارییەکان بەردەوامە، ڕۆژانە بەهۆی سەردانەکانی جەلال تاڵەبانییەوە دەوامی دامودەزگا حکومیەکانی ناوچە جیاجیاکان ڕادەگیرێت، هەر چۆن قۆستنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ بانگەشەکردنی لیستی کوردستانی نایاساییە، ئاواش ڕاگرتنی دەوامی فەرمیو بەزۆر بردنی فەرمانبەران بۆ کۆبوونەوەکان سەرپێچی یاسای هەڵبژاردنەکانە.

سەیرە دەتانەوێت بە چ شێوازێک ببنە براوە، ئەو کردەوانەی ئێوە بەرامبەر خەڵک دەکەین، دڵنیابوون لە گۆڕانتان مسۆگەرتر دەکات، ئێوەیەک کە (١٨) ساڵە نەتانتوانیوە حوکمڕانێکی سالار بن، ئیتر چۆن دەتوانن بەم مانگە ببنە حاکمێکی میهرەبانو دادپەروەرو...

ئێوەیەک کە چەند ساڵە سەرکردەن نەتانتوانی دوو ئیدارە یەکبخەنەوە، نەتانتوانی حیزبەکانی خۆتان لە حیزبی میلیشیایەوە بکەنە حیزبێکی سەردەمیانە، نەتانتوانی ڕاستیو سەروبەری داهاتی ئەم وڵاتە بە خەڵک بڵێن، نەتانتوانی دەستی بنەماڵەکانتان لە قورگی هەژاران بکەنەوە، نەتانتوانی...هتد، چ پێکەنینایە بەر لە ماوەیەک بکوژی هەڵەبجەیەکانتان بە شوکرو تەقدیرەوە ئازادکرد، کەچی لە هەڵەبجەی زامدارەوە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکەن.

لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا شتی وا عەجائیب لە خاوەن شکۆکان دەبیستیت سەرت دەسوڕمێت، زۆر توندن لەسەر گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، بە هەڕەشەوە پێداگری دەکەن لەسەری، قوربان باوەڕناکەم خەڵک هێندەش بێزاکیرە بێت موزایەدەکانی دوێنێتانی لە یاد نەمابێت، بڕواناکەم خۆشتان بیرتان چووبێتەوە چ کەمتەرخەمێک بوون لە وەها مەسەلەیەکدا، ئێوەیەک کە ڕێککەوتنی ستراتیژی نهێنیتان هەیە، حکومەتێکی یەکگرتووی ڕووکەشتان هەیە، لیستێکی یەکگرتووتان بە دوو وتەبێژەوە هەیە، زۆر شتی دیکەشتان دوو دوو هەیەو بۆتان یەکنەخراوە، تائێستاش لە کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان ئێوە شەڕە پەڕۆو حیزبایەتی دەکەن، نەک کوردایەتی، شەڕتانە لەسەر دامەزراندنی کارگوزارێک پارتی بێت یان یەکێتی، چ شەرمە بەو وەزعەوە باسی گەڕانەوە ئەو ناوچانە دەکەن.

خواستی گۆڕان لەو خوارو خێچیانەو فرە کوێخاییەوە سەرچاوەی گرت، لیستی گۆڕانیش خواستی گەلەو بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئێوە لە دایک بووە، هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی دژ بە گۆڕانیش دەیکەن دواجار بەڕووی خۆتاندا دەدرێتەوە، نازانین چ ڕوویەکە بە کۆلێک فایلەوە بلێیت لیستی گۆڕان گێرەشوێننو تەنیا دروشمیان هەیە، دەبەڕێزان پێمان بڵێن ئێمە دروشم چین یان ئێوە، (١٨) ساڵە دروشم دەفرۆشنو هیچتان لە بارا نەبوو، ئەمەش مانای ئیفلاسی سیاسیەو خەڵک دەتان گۆڕێت.

کەسایەتیی ناوداری بزووتنەوەی حەقە، پشتیوانیی خۆیو بزووتنەوەکەیان بۆ لیستی گۆڕان دوپاتدەکاتەوە

فاخیر تەلانی

کەسایەتیی ناوداری بزووتنەوەی حەقە (شێخ عومەر کاکە حەمەی مامەڕەزا)ی کلکەسماقی زادەی بنەماڵەیەکی ئاینیو خاوەن تەریقەتو خاوەنی ژمارەیەک لە خانەقاکانو تەکیەکان لە کوردستانداو پێشمەرگەی دێرین لە شۆڕشی نوێ، پشتگیریی خۆیانو بزووتنەوەکەیان دووپاتدەکاتەوەو دەڵێت: «ئێمە وەک بزووتنەوەی حەقە بەشداری سەرجەم شۆڕشەکانمان کردووەو دەوری کاریگەرمان هەبووە لە هەموو ڕووەکانەوە، لەدوای نسکۆی (١٩٧٤)و لەگەڵ دروستبوونی شۆڕشی نوێ دەوری بەرچاومان گێڕا لە دروستبوونی ئەو شۆڕشە، سەدەها شەهیدمان داوە بۆ سەرکەوتنو ئازادی میللەتی کورد،

بۆیە ئێمە ئەم شۆڕشە نوێخوازی گەلەکەمان بە شۆڕشی خۆمان دەزانینو خەباتی زۆرمان کردووەو پێکهێنەرو داهێنەرو دروستکەری شۆڕشی نوێین، کۆمەڵێک شەهیدمان لەپێناو ڕزگاری کورددا داوەو هەموو تەمەنی خۆمان بە شۆڕشی کورد بەخشیوە، بەڵام دوای ئەوەی شۆڕش قۆناغی شاخی گواستەوە بۆ شارو ڕاپەڕینی (١٩٩١) دەستپێکرد بەهیمەتی هەموو گەلی کورد بەهیمەتی پیاوچاکانو دانایانو سەرکردەکانمان، ڕۆشنبیرانو چینە چەوساوەکانی ئەم گەلە، بەتایبەتی ئەندازیاری ڕاپەڕین بەڕێز کاک نەوشیروان ئامادەباشی کردو ڕاپەڕین دروستبوو کۆتایی بە ڕژێمی بەعس هاتو لە ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم کرا، ئێمەش دەوری سەرەکیمان بینی، بەڵام دوای ئەوەی کوردستان ئازاد بوو هەڵبژاردنو پەرلەمانو یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم دروستبوو ئێمەی گەلی کورد زۆر دڵخۆشبووین بە ئازادبوونی کوردستان، بەڵام بەداخەوە، سەرکردایەتی سیاسی کورد هەقاڵانو ڕابەرانی سیاسی کورد، بەتایبەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی گەلی کوردیان گرتەدەست، حوکمڕانبوون ئەمە چەندەمین کابینەی کوردستانە لە ئاخر کابینەدا بینیمان ئەو برادەرانەی حوکمیانکرد لەئاستی پێویستدا نەبوونو خزمەتیان بە کۆمەڵانی کوردستانو چینە چەوساوەکان نەکرد، چینی هەژارو لاوو زانایانو تازەپێگەیشتووان وەکو پێویست ڕێزیان لێنەگیراو کاری بۆ نەکرا، پێداویستییەکانی ڕۆژگارو سەردەمیان بۆ دابین نەکرا، سەروەتو سامانی میللەتەکەمان بەهەدەرچوو، لەبەرئەوە لەم هەڵبژاردنە تازەیەدا کە ئێستا دەستپێکردووە ڕۆژگارو بانگەشەی هەڵبژاردنە ئێمە وەکو ئەم بنەماڵە ئایینییە وەکو ئەم بنەماڵە تێکۆشەرو خاوەن شەهیدو ئەنفالە کە خاوەنی شەهیدی سەرکردە (عەلی عەسکەریو سەداها شەهیدو ئەنفالین) ئێمە بەڕاستی لەئاستی پێویستدا ئەم زروفەمان نەبینیوەتەوە، گەڕاوین بەدوای بەدیلێکدا کە یەکێک لەوانە (بەڕێز کاک نەوشیروانە) بەناوی لیستی گۆڕانەوە ئێمە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی گۆڕانو داواش لە برایانی حەقە، کوڕانی حەقە، خوشکو برایانی حەقەو گوندنشینەکانی سەر بە حەقەو چینی ڕۆشنبیرانو زانایانو لاوانو گەنجانو هەژارانو چەوساوانی کوردستان دەکەین ئەم لیستە، لیستی گۆڕان لیستی هەژارانە، لیستی پیاوچاکانە، داواتان لێدەکەین دەنگ بەلیستی خۆتان بدەن، کە لیستی گۆڕانە لەبەرئەوەی ئومێد دەکەین دواڕۆژێکی ڕوونمان هەبێت بە هەلکردنی مۆمێک کوردستان سەرتاسەر ڕۆشنو ڕوناک ببێت، دڵەکان فەراح ببنو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دروستبێتو گوندەکانمان ئاوەدانبکرێنەوەو کەرتی کشتوکاڵ ببوژێتەوەو کۆتایی بەم جەورو ستەمە بێت. تەنیا ئەم لیستە دەتوانێت خزمەت بکات بێ جیاوازی بۆ سەرجەم چینو توێژەکان.

گـــۆڕان لە دیدی شاعیران و هەوادارانییەوە

بێزارین لێتان

شەرعیەت تەواو بوو بەبێ متمانە
ئێستە کەی کاتی دەستوردانانە
هەرگیز وانەبووە لە هیچ شوێنێ
مردوو یاسینی زیندوو بخوێنێ
ئەو پەرلەمانەی ئێستە مردووە
ئاخر چوار ساڵە چیبیان کردووە
مافی خۆمانە یەخەیان بگرین
کاتێ شادیمان لێئەکەن بە شین
بۆیە بێزارین هەموو گەل و هۆز
لە چواری شەشدا ئەیکەن بە نەورۆز
ئاوها ئیش بکات بەخوا پەرلەمان
هاکا تەموزیش چوە لای زستان
گوناحە خەڵک یەخەیان ئەگرێ؟
لە تاریکدا ئەمریان پێ ئەکرێ.

مەلا فواد قەرەداغی

دەنگی گۆڕان

دەنگی من دەنگی گۆڕانە
دەنگی هەڵوێست و ویژدانە
دەنگی ژان و برسێتییە
ڕۆژی هەڵوێستی مەردانە
دەنگی دایکی شەهیدان و
لاوانەوەی هەتیوانە
دەنگی پلینگی دەرکەوتوو
تۆقێنەری گەندەڵچییانە
دەنگی لانەی هەژاران و
ڕەنجی گەلی کوردستانە
هەڵوێستی ئەمرۆکەیە
ماندوێتیی حەقتاکانە
دەنگی گۆڕان تەورێکە
بۆ گەندەڵچییان دەسقرتانە
دەنگی گۆڕان بەورێکە
سینەشکێنی خوێنخۆرانە
دەنگی گۆڕان هەورێکە
تۆقێنەری تاڵانچییانە
دەنگی گۆڕان دەنگێکە
زەنگی گۆڕان و گۆڕانە

هەڵوێست کۆیی

کورسی

شەویش لەسەری ئەخەون، دانابەزن لە کورسی
کەی دیموکراتی وایە، گەر تۆ لە من ئەپرسی
وا تەمەنم تەواو بوو، حوکم بەدەست دوو ماڵە
ئەم دیموکراتییەم ناوێ،میللەت ئەمە کەی حاڵە
کورد هەرچی بۆ نەکرا، ئەڵڵا بیدەرە دەست خوا
خوا غەدر لە کەس ناکا، خەتای خۆمانە بەخوا
برا لە ڕۆژهەڵاتدا کە کورد قەومێکی زۆرن
وەک من و تۆ ئەزانن ئەمانە دکتاتۆرن

مەلا فواد

گۆڕان پشت و پەنایە

میللەت هەر کاتێک ویستی سەربەست بێ
ناحەزی ئەگەر دنیای بەدەست بێ
ناتوانێت ڕێگا لە خواستی بگرێت
هەرچی بکات و هەرچی مەبەست بێ
بەر لە خۆر ناگیرێت کاتێک خۆر هەڵبێت
شەوگار هەرچەندێک تاریک و پەست بێ
مەحاڵە گەلێک بە ئاوات نەگات
کە گۆڕان ویستی بە ناخی هەست بێ
نامرێت ئەو گەلەی ڕوو لە گۆڕان کاو
دژ بە گەندەڵی و پاوانی پەست بێ
دەنگ بە، بە گۆڕان پشت و پەنایە
گۆڕانت بەسە، تەنها کەست بێ

مەلیحە ڕەزا عەلی سنەیی

لەنێو دڵی کوردێکی پاکەوە

لەنێو دڵی کوردێکی پاکەوە
من هەژدە ساڵ
خوێنەکەم سەوزێکی تێربوو وەک میوەی کاڵ
بەڵام ئێستا دوای هەژدە ساڵ
خوێنەکەم گڕی مۆمێکەو هەڵگیرساوە بە بای شەماڵ
پێش هەژدە ساڵ
بیرو باوەڕم پیرۆز بوو دەورو بەرم لا دڵسۆز بوو
بەڵام ئێستا دوای هەژدە ساڵ
ئاواتم هەر نەهاتە دی و خرانە چاڵ
ئەوا ئێستا لەسەر گۆڕی هەموو ئاواتەکانم
لیستی گۆڕان ئەچەقێنم
مۆمەکەش دائەگیرسێنم
بە تروسکایی ئەو مۆمە
ساتێکیش بێ من حەساوەم
ئێمە هەڵپەسێراو نین و
هەر زادەی ئەم خاک و ئاوەم
گۆڕان بە هەموو مانایەک شتێکی پیرۆزو جوانە
بۆ بەرژەوەندی ئەم گەل و خاک و ئاو نیشتمانە
ئەوەی لە گۆڕاندا نەبێت باوەڕتان وابێ مردووە
بینیوتانە قەت بێ گۆڕان درەختێ بەری گرتووە

کۆخلانی

گۆڕان

گـــــــــــــــۆڕان
ئەم گەلە چەوساوەیە
هاتووم ببمە سایەو سێبەر
هاتووم تا ئەم نیشتمانە
بەرگێکی نوێی بکەمە بەر
هەرچی ڕەنگی جوانی هەیە
ئەیکەم بە ئاڵا بۆ وڵات
ئەبمە باران بۆ جوتیارو
ئەبمە جوانی بۆ خەڵکی شار
ئەبمە ئاوازێکی شادی
بۆ منداڵی برسی و هەژار
ئەو باڵندانەی تۆراون
لەم بەهەشت و خاک و ئاوە
ئەو لاوانەی لە هەندەران
بوونەتە پوش بە دەم باوە
وەرن مۆمێک داگیرسێنن
لە نێو ئەم ئاسمانە شینە
وەرن ببێن بە گوڵاڵە
لەم بەهەشتی سەر زەمینە
ڕۆڵەی ئەنفال . . . دایکی ئەنەهید
ئیتر مەگرین بەو شێوەیە
پەپولەکانی هەڵەبجە
لەخەو هەستن
ئەوا گۆڕان بەڕێوەیە

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

پەیامو بەرنامەی سیاسیی

لیستی گۆڕان

ئەڵقەی
سیانزەیەم و کۆتایی

٧. ژیاندنەوەی شارۆچکەو گوندو ئۆردوگاکان:

یەکێک لە سیاسەتە چەوتەکانی هەر رژێمێکی مەرکەزیی، پەراوێزخستنو پشتگوێخستنی ناوچە کەناریییەکانە، واتە چڕکردنەوەی تەلارسازییو خزمەتگوزاریی لە پایتەختو مەڵبەندی پارێزگاکان، لەپاڵ بێبەشکردنی شارۆچکەو گوندو ناوچە دوورەدەستەکان لە پرۆژەکانی گەشەکردنو دامودەزگاکانی خزمەتگوزارییو خۆشگوزەرانیو پێگەیاندنی منداڵانو نەوەی نوێ.

تا ئێستا سیمای مەرکەزیەت، کە یەکێکە لە میراتە خراپەکانی رژێمی پێشووی بەغدا، درێژبوونەوەی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە. گەر بەراورد لەنێوان ژیانی پایتەختو شارە گەورەکانی کوردستان لەلایەکو قەزاو ناحیەو گوندو ئۆردوگا زۆرە ملێکان، لەلایەکی ترەوە، بکەین، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت کە بێدادیی لە دابەشکردنی سامانو خزمەتگوزارییو هۆکانی ئاسودەییو ژیانی هاوچەرخدا لە چ ئاستێکی ترسناکدایە. بێدادی لە پرۆسەی گەشەسەندنی نێوان مەڵبەندو دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاکان هاوڵاتیانی کوردستانی دابەشکردووە بەسەر چەند کەرتێکی کۆمەڵایەتیدا، چەند کەرتێک کە هاوسۆزیی کۆمەڵایەتیو هاونیشتمانبوونی وەک یەکیان لەنێواندا نییە.

گەشەکردن لە هەر وڵاتێکی شارستانیو دیموکراتدا، کە لانی کەمی دادی کۆمەڵایەتیی تێدا بەرقەرار بێت، پێویستی بە پلانێکی پەرەپێدانی ئاسۆییە لەسەر هەموو ئاستەکان: رێگەوبان، بنیاتنان، کارەبا، ئاوو ئاوەڕۆ، پۆستەو گەیاندن، سیستمی پەروەردەییو پێگەیاندنی زەینیو جەستەیی.

بەدرێژایی ساڵانی داگیرکاریی و شۆڕش، دانیشتوانی شارۆچکەو گوندو ئۆردوگاکان، لەپای کوردبوونو هاریکاریکردنیان بۆ پێشمەرگەو دۆزی نەتەوەکەیان، دووچاری ئاوارەبوون هاتوون، ئەنفالکراون، گوندو ماڵیان خاپورکراوە، گیانو ئەندامی جەستەیان بەخشیوە، خێزانەکانیان بوونەتە قوربانی، رەزو باخیان سووتێنراووەو موڵکیان تاڵانکراوە. ئێستا کاتی ئەوەیە ئاورێکی جدیی لەو پرسە بدرێتەوە، پێویستە قەیرانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، کێشەی بێدادییو شکستی گەشەی مرۆیی ئاسۆیی، خاڵێکی گرنگی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

ژیاندنەوەی ئەو ناوچانە، ئاواکردنەوەی گوندەکان، کاراکردنی کەرتی کشتوکاڵو ئاژەڵداریی، مەرجێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بنیاتنانەوەی پەیکەری کۆمەڵگەی کوردییو دروستکردنەوەی کەسایەتیی هاوڵاتی وەک بوونەوەرێکی چالاکو بەرهەمهێن، نەک وەرگرو بەرخۆر.

٧. ١. **شارۆچکەو گوندەکان:**

٧. ١. ١. دانانی نەخشەیەکی گشتی (ماستەر پلان) بۆ شارستانیکردنی هەموو قەزاو ناحیەکان، قەڵاچۆکردنی بێدادیی لە ئاوەدانکردنەوەی هەندێکیانو پشتگوێخستنی هەندێکیان.

٧. ١. ٢. دامەزراندنی گوندی هاوچەرخ، وەک ناوەندی چەند گوندێکی لێک نزیک، بە هەموو پێداویستیو ئامرازەکانی ژیانی هاوچەرخەوە.

٧. ١. ٣. بەستنەوەی هەموو ناوچە کەناریییەکان بە مەڵبەندی پارێزگاکانەوە، لە رێگەی تۆری جادەوبانو پۆستو گەیاندنی هاوچەرخەوە.

٧. ١. ٤. زیادکردنی دەرماڵەو هاندانی ئەو مامۆستاو فەرمانبەرانەی کە لەو ناوچانەدا خزمەت پێشکەش دەکەن.

٧. ١. ٥. دانانی پلەبەندییو ئەولەویەت لە ئاوەدانکردنەوەی قەزاو شارۆچکەو ناوچە کەناریییەکاندا، ئەوانەی کە خاپورو ژەهرباران کراون، بخرێنە لیستی پێشەوەی ئاوەدانیو بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

٧. ٢. **ئۆردوگا زۆرە ملێکان:**

٧. ٢. ١. دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆردوگا زۆرە ملێکان، بە هاندانو قەرەبووکردنەوەیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان پاش ئاواکردنو هاوچەرخکردنیان، یان بە بچووکردنەوەو گۆڕینی سیمایان لە ئۆردوگاوە بۆ شاری هاوچەرخ بە هەموو پێداویستییەکانی ژیانو خۆشگوزەرانیو خزمەتگوزارییەوە.

٧. ٢. ٢. دانانی پلەبەندییو ئەولەویەت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئۆردوگاکاندا، ئەوانەی کە باری ژیان تیایاندا سەختترە، قوربانیانی ئەنفالو شۆڕشیان زیاترە، بخرێنە لیستی پێشەوەی ئاوەدانیو بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

٨. سامانی سروشتیو هاندانی بەرهەمهێنان:

٨. ١. **سامانی سروشتی:**

٨. ١. ١. سامانی سروشتی، چ لەسەر زەوی چ لەژێر زەوی، موڵکی هەموو هاوڵاتیانی کوردستانە بێ جیاوازی. پەرلەمان، بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ، باڵاترین دەسەڵاتە بریار لەسەر شێوازی بەکارهێنانو پاراستنی ئەو سامانە دەدات.

٨. ١. ٢. دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ گەڕان، پشکنین، دەرهێنانو شێوازی دەستپێوەگرتنی سامانی سروشتی بەجۆرێک لە خزمەت هەرێمی کوردستانو نەوەکانی داهاتوودا بێت.

٨. ١. ٣. تەرخانکردنی بڕێکی تایبەت لە داهاتی سامانی سروشتی (نەوت، گاز، کانزاو کانی ئاسنو.. هتد) بۆ ئەو ناوچانەی کە دارایی ئەو سامانەن، تا پرۆژەی بوژاندنەوەو ئاوەدانیی زیاتریان تیادا ئەنجام بدرێتو لەئاست زیانی ژینگەییش قەرەبوو بکرێنەوە.

٨. ١. ٤. دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ پاراستنی ئاوی سەرزەویو ژێرزەوی، دروستکردنی بەنداوو کەناڵی تایبەت بە قازانجی پرۆژەکانی ئاوو باخداریی و ژینگەو کەرتی کشتوکاڵی.

٨. ٢. **کەرتی کشتوکاڵو ئاژەڵداریی:**

٨. ٢. ١. دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ زیندووکردنەوەو هاندانی کەرتی کشتوکاڵ، وەگەڕخستنی هەموو ئەو پلانو ئامێرە هاوچەرخانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاریان پێدەکرێت.

٨. ٢. ٢. بەخشینی پاداشت بە جوتیار بەرامبەر هەر بەرهەمیکی کشتوکاڵی لە بواری باخداریی، دانەویڵە، سەوزە، رووەکی پیشەسازیو خانووی شووشەیی.

٨. ٢. ٣. هاندانی پرۆژە کشتوکاڵییە گەورەو هەرەوەزییەکان، بە تەرخانکردنی زەویو کاراکردنی بانکی کشتوکاڵی.

٨. ٢. ٤. هاندانو پشتیوانیکردنی پرۆسەی ئاژەڵداریی، چ لەسەر ئاستی دەسپێشخەریی تاکەکەس، چ لەسەر ئاستی پرۆژەی گەورەو هاوبەش.

٨. ٣. **کەرتی پیشەسازیی:**

٨. ٣. ١. هاندانی پیشەسازیی سووکو پشتیوانیکردنی دارایی ئەو پرۆژانەی کە بەرهەمی خۆمالی دەکەنە رکابەری بەرهەمی دەرەوە.

٨. ٣. ٢. هاندانی پیشەسازیی کشتوکاڵی، شیرەمەنی، زەیت، لەقوتووگرتن، ئاوی کانزایی. پشتیوانیکردنی تایبەتی ئەو پرۆژانەی کە هەناردەی دەرەوە دەکرێن.

٨. ٣. ٣. هاندانی سەرمایەگوزاریی دەرەکی بەجۆرێک لە بەرژەوەندیی ستراتیژیی هەرێمدا بێت.

٨. ٣. ٤. کردنەوەی لقی بەرهەمهێنی کۆمپانیا جیهانییەکانی پیشەسازیی سووکو قورس، بەمەرجێک لە خزمەتی ژینگەو بەرژەوەندی ستراتیژییو کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاریدا بێت.

٩. تەوەری گەشتوگوزارو ژینگەپارێزیی:

٩. ١. **کەرتی گەشتوگوزار:**

٩. ١. ١. ژیاندنەوەو هاوچەرخکردنی کەرتی گەشتوگوزار، هاندانی دارایی بۆ پرۆژە نوێیەکان.

٩. ١. ٢. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی پاکراگرتنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانو پێرەوکردنی سزای دارایی لەکاتی پێویستدا.

٩. ١. ٣. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی رێزگرتنی میوانی بیانیو کارلێکی شارستانیی نێوان گەلان.

٩. ١. ٤. بایەخدان بە گەشتوگوزاریی ئاسەوارناسیو ئەتنۆگرافی.

٩. ١. ٥. سپاردنەوەی هەموو ئەو ئوتێلو کامپو باخو ناوچە سەوزو گەشتوگوزارییانەی کە لە سەرتاسەری هەرێمدا کراونەتە بارەگای جیاوازی حزبو لایەنەکان بە حکومەتو وەزارەتی گەشتوگوزار، ئەژماردیان وەک موڵکی گشتیی هەموو هاوڵاتیان بێ جیاوازی.

٩. ٢. **ژینگەپارێزیی:**

٩. ٢. ١. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ژینگەپارێزیی، پاراستنو دەستپێوەگرتنی ئاو، مەترسییەکانی ئاڵودەبوونی سروشت، بەرخۆرییو پیس مەسرەفی، پەنگخواردنەوەی گەرما وەک کێشەیەکی جیهانی.

٩. ٢. ٢. گۆڕینی سیستمی کۆکردنەوەو فڕێدانی پاشەڕۆو خاشاک بەشێوەیەک مەترسیی بۆ سەر سروشتو تەندروستی گشتیو نەوەکانی داهاتوو دروست نەکات.

٩. ٢. ٣. کەمکردنەوەی ژاوەژاوو زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلو ئامێرە ئاڵودەکارەکاندا، بەتایبەتی لە سەنتەری شارەکاندا.

٩. ٢. ٤. دانانی باج لەسەر ئەو کارگەو ماشێنو ئامێرە بزۆکو جێگیرانەی کە ژینگە ئاڵودە دەکەن. قەرەبووکردنەوەی دارایییو تەندروستی ئەو ناوچانەی کە نزیک کارگە مەترسیدارەکانن.

٩. ٢. ٥. پاراستنی دارستانو رووەکی سروشتی، ئاژەڵو باڵندەی کێوی.

٩. ٢. ٦. هاندانو پشتیوانیی دارایی بۆ سەوزکردنو باخداریی لە هەموو ناوچەکاندا بێ جیاوازی.

٩. ٢. ٧. دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ جێبەجێکردنی ستانداردی جیهانی سەبارەت بە فراوانرکدنی رووبەری باخو سەوزایی لە شارو ئاوەدانییەکاندا.

٩. ٢. ٨. بەر لەوەی بڕیار لەسەر هەر پرۆژەیەکی پیشەسازییو کیمیایی بدرێت، بە کەناڵی چاودێریو پێشبینیی پێشوەختی ژینگەپارێزیدا تێدەپەڕێت.

دوا پەیف:

کوردستانییان بێ جیاوازی... سەر بەر هەر رەچەڵەکێکی نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبیو کۆمەڵایەتی بن، هەڵگری هەر دیدێکی سیاسیو ئایدیۆلۆژیو فیکریی بن، ئارەزووی ژیانی تایبەت بکەن یان ژیانی بەکۆمەڵ... دانیشتووی هەرێم بن یان رەوەندی هەندەران بن، خەڵکی هەموو شارو شارۆچکەو گوندو ئۆردوگاو دەڤەرە جیاوازەکان... منداڵانو نەوجەوانانو قوتابیان، گەنجانو ژنان، پەککەوتەو بەساڵاچووان، دایکانو باوکان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، فەرمانبەرانو مامۆستایان، قوتابیانو خوێندکارانی پەیمانگاو زانکۆکان... جوتیارانو کرێکارانو کاسبکاران، بازرگانو پزیشکو ئەندازیاران، زانایانو رۆشنبیرانو رۆژنامەنوسان، مامۆستایانی ئایینیو پیاوماقوڵان... هەڵسوراوانی کۆمەڵگەی شارستانی، پێشمەرگەو پۆلیسو ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشو پاسەوانەکان، کەسانی سەربەخۆ، ئەندامانی حزبەکان، بەتاڵەو گرفتارو بێدەرەتانەکان....

هەموو هاوڵاتیی پلە یەکی ئەم وڵاتەن.. مافی خۆیانە داوای ژیانێکی دادپەروەرانە بۆ خۆیان خێزانەکانیان بکەن.. مافی خۆیانە لە چارەنووسی خۆیانو ئایندەی منداڵو نەوەکانی داهاتوویان بپرسنەوە... مافی خۆیانە داوای دەرفەتی یەکسان بۆ خۆپێگەیاندنو کارو دامەزراندن بکەن.. مافی خۆیانە داوای دادپەروەریی بکەن لە دابەشکردنی پارەو پۆستو زەویو شوێنی نیشتەجێبوونو هەموو جۆرەکانی تری ئیمتیازدا... مافی خۆیانە لە ئاسایشو ئارامیدا بژینو کەس هەڕەشەی سەدنەوەی ئاسایشیان لێنەکات... مافی خۆیانە لەکاتی کێشەو لێقەوماندا حکومەت بە هانایانەوە بچێتو هەموو بیمەیەکی کۆمەڵایەتیو تەندروستییان بۆ دابین بکات... مافی خۆیانە داوای بەرکەوتی خۆیان لە بودجەی هەرێمی کوردستان بکەن... مافی خۆیانە لە نوێنەرو کاربەدەستان بپرسنەوە سەبارەت بەوەی سەروەتو سامانی ئەم هەرێمە چەندە؟ چۆن خەرج دەکرێت؟ چی بەسەر دێت؟ مافی خۆیانە ئەو پارەیەی وەریدەگرن لەپای بێدەنگبوونیان نەبێتو هەڕەشەی نان بڕینیان لێنەکرێت.. لەپای سازشکردنیان نەبێت لە دیدو ئینتمای سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژیو ئاینییان... مافی خۆیانە رێگە نەدەن پارەی وڵاتو موڵکی گشتی وەک ئامرازی هەڕەشەو ئەتککردنو کڕینی ویژدان بەکاربێت... مافی خۆیانە لەکاتی وەرگرتنی هەر مافێکدا خۆیان بە بچووکو چاوبەرەوژێری کەس نەزانن.. مافی خۆیانە لە دەسەڵاتی ترس رزگاریان بێتو ژیانێکی ئازادانەتر، ئاسوودەترو سەربەرزتر، لە وڵاتەکەی خۆیاندا بژین.

هەموو هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانە، مافی خۆیانە داوای بەرکەوتی خۆیان لە بودجەی هەرێمی کوردستان بکەن... مافی خۆیانە لە نوێنەرو کاربەدەستان بپرسنەوە سەبارەت بەوەی سەروەتو سامانی ئەم هەرێمە چەندە؟ چۆن خەرج دەکرێت؟ چی بەسەر دێت؟ مافی خۆیانە ئەو پارەیەی وەریدەگرن لەپای بێدەنگبوونیان نەبێتو هەڕەشەی نان بڕینیان لێنەکرێت.. لەپای سازشکردنیان نەبێت لە دیدو ئینتمای سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژیو ئاینییان... مافی خۆیانە رێگە نەدەن پارەی وڵاتو موڵکی گشتی وەک ئامرازی هەڕەشەو ئەتککردنو کڕینی ویژدان بەکاربێت... مافی خۆیانە لەکاتی وەرگرتنی هەر مافێکدا خۆیان بە بچووکو چاوبەرەوژێری کەس نەزانن.. مافی خۆیانە لە دەسەڵاتی ترس رزگاریان بێتو ژیانێکی ئازادانەتر، ئاسوودەترو سەربەرزتر، لە وڵاتەکەی خۆیاندا بژین

تاریکی هەموو دنیا...
رونایی گۆڕان ناشارێتەوە



کامل ژیر:

بەڵێ بۆ گۆڕان

- ساڵی ١٩٣٤ لەدایکبووە
- لە دامەزرێنەرانو ئەندامی سەرکردایەتی کاژیک بووە ١٩٥٩.
- سەرۆکی کۆمەڵەی یاساناسان بووە لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٥.
- ئەندامی مەکتەبی سیاسی پاسۆک بووە
- لە دامەزرێنەرانی کۆری سەربەخۆی کوردستان بووە لە ٢٠٠٤.
- سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان/ سەرکردایەتی باشوور بووە
- شاعیرو نووسەرەو ١١ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
- ئێستا پارێزەرە

فۆتۆ: دیار ئەحمەد

ئەنوەر دۆڵانی، لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش و ئامرلیوای پێشووی سو پای عێراق:

داواکارم لە میللەتی کورد دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان ئەمە هەڵێکە بۆ ئەوەی گۆڕان بکرێت و ژیانی هاوڵاتیان باش بکرێت